# کۆبوونەوەی مۆسکۆی نێوان ئەمەریکاو ئینگلیس و سۆڤیەت لە دیسامبری 1945و تراژیدیای گەلانی ئێران

د. ئەفراسیاو هەورامی-رووسیا

## بەشی یەکەم

یەکێک لەو هەنگاوانەی پاش شەڕی جیهانی دووەم لەلایەن ئینگلیس و ئەمەریکاوە بۆ چارەسەریی کێشەی گەلانی چەوساوەو بێ مافی ئێران هەڵگیرا، کۆبوونەوەی سێ زلهێزی ئەمەریکاو ئینگلیس و یەکیەتی سۆڤیەت لە نێوان 16 تا 17 ی مانگی دیسامبری 1945 لە مۆسکۆ بوو. کە ناوبانگی بە کۆبوونەوە یان کۆنفرانسی مۆسکۆ دەرکرد. ئەو گەڵاڵەیە لە سەرەتادا لەلایەن وەزیری کاروباری بەریتانیاوە پێشنیارکراو پاشان لە لایەن ئەمەریکاشەوە پشتیوانی لێکرا. بەڵام بە داخەوە لەلایەن سەرانی یەکیەتی سۆڤیەتەوە کە میوانداری کۆبوونەوەکە بوو ڕەتکرایەوە. کە پێموایە یەکێک لە تاوانە گەورەکانی سۆڤیەت پاش شەڕی جیهانی دووەم بەرامبەر گەلانی نەفارسی ئێران بە تایبەتی گەلی کورد بوو. هەروا ئەم هەڵوێستەی سۆڤیەت تێکدەری هاوکاریی هاوپەیمانەکان پاش شەڕی جیهانی دووەمیش بوو. ئەو گەڵاڵەیە لەو سەردەمەدا و بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئاڵۆزی ئێران و پەیوەندییە گرژو نا ئاساییەکانی ئینگلیس و ئەمەریکا لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت، تاقە ڕێگایەکی لەبارو هەمەلایەنە، و لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی(قانون اساسی) ئێرانیشدابوو.

لەو سەردەمەدا، واتا دیسامبری 1945 کە تەنیا چەند مانگێک بە سەر سەرکەوتنی هەرسێ هاوپەیمان و تێشکانی ئەڵمانیای نازیدا تێپەڕیبوو، و هێشتا سێ زلهێز لە ئاستی جیهانیدا هاوکارو هاوپەیمانی یەکتربوون و زۆربەی کێشەکانی جیهانیان پێکەوە چارەسەردەکردو سەرەڕای بیروبۆچوونی جیاوازیان لەمەڕ ئەو کێشانە، بەڵام لەگەیشتن بە چارەسەریەکان، زۆربەی جاران ڕێگاو بڕیارێکی لەباریان، کە پەسەندی هەموولایەک بووایە هەڵدەبژارد. و تەنازولیان بۆ یەکتر دەکرد. لێرەدا لە بەر زۆربوونی ئەو کێشانەی لە سەردەمی شەڕو پاش شەڕ هاوپەیمانەکان پێکەوە لە کۆنفرانس و کۆبوونەوە سێ لایەنیەکاندا چارەسەریان بۆ دیتنەوە، و بۆ ئەوەی لە باسەکەش دوورنەکەوینەوە، لە باسکردن یان ناو هێنانیان چاوپۆشی دەکەین.

کۆبوونەوەی مۆسکو سەبارەت بە ئێران و کیئشەکانی، واتا، دەرچوونی هێزەکانی هاوپەیمان و چارەسەریی، یان ئەنجامدانی هەندێ ڕیفورم لە ئێران لە نووسراوو بەرهەمی مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناس و تەنانەت کورد ناسەکانیشدا ڕەنگی نەداوەتەوە. کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاشکرانەکردنی بەڵگەو دیکومینتەکانی ئەم کۆنفرانسە کە تاوانی کاربەدەستانی سوڤیەتیان پێوەبووە. و لەلایەکی تریشەوە، لە بەرئەوەی بەدناوی‌و ئابڕووچووتێکی وای بۆ سوڤیەت بە دواوە بوو کە بە کەس پینە نەدەکرا، کەس نەوێراوە شتێکی لەسەر بنووسێ و ئێستاشی لە گەڵ بێت خۆیانی لە قەرەنادەن.

کاتێک سۆڤیەت گەڵاڵەکەی بەریتانیای ڕەتکردەوە بۆ خۆی ئەڵتەرناتیڤێکی تری بۆ چارەی‌سەریی کێشەکانی ناوخۆی ئێران نەبوو. هەرچەندە وەک لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە سەرەتا نوێنەرانی سۆڤیەت پێشنیازی گۆڕینی هەندێ وشەو ڕستە دەکەن بەڵام پاشان سەرتاپای گەڵاڵەکە ڕەتدەکەنەوە. گەڵاڵە پێشنیازێکی وا کە لەلایەن بەریتانیاوەو بە پەسەندکردنی ئەمەریکا بۆ چارەسەریی کێشەی ئێران خرایە ڕوو، تا ڕادەیەک ئەو بوختان و درۆیانەی لەم ڕووەوە خراونەتە پاڵ ئینگلیس و ئەمەریکا ڕەتدەکاتەوە. و بە پێچەوانەوە لەم بارەوە سۆڤیەت زۆرتر تاوانبارە. بەڵام هەرچۆنێک بێت ڕۆژئاواییەکانیش کە دەستپێشخەری ئەم گەڵاڵەیەبوون و پاشان دەستیان بەسەر ئێراندا گرت و ڕژێمی ئێران لە چوارچێوەی نەخشەوپیلان و سیاسەتی ئەواندا دەجوڵایەوە، بێ

خەتاو تاوان نین و بەبێ سۆڤیەتیش دەیانتوانی داوای جێبەجێکردنی گەلاڵەکە لە ڕژێمی ئێران بکەن. ڕۆژئاوا زۆرکێشەیان بێ پرسکردن بە سۆڤیەت لە ڕێگای بڕیارلەسەردانی خۆیان و یانیش لە ڕێگای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە چارەسەرکرد. کەچی گەلاڵەکەی خۆیان پشتگوێ خست و چیتر تاوتوێی لەسەرنەکرا. هەربۆیەش بە بڕوای من ئەم گەلاڵەیە لە لایەن ڕۆژئاواوە ئاشکرا نەکرا چونکە سەرئەنجام بەرپرسیارێتی سەرنەگرتنی بۆ خۆشیان واتا ئینگلیس و ئەمەریکا ئەگەڕێتەوە.

پێش ئەوەی بابەتی کۆبوونەوەکە، بە تایبەتی گەلاڵەی ناوبراو تاوتوێ بکەین، وەرگێڕاوی گەلاڵەکە دەخەینە ڕوو.و پاشان جگە لە هەڵوێستی سێ زلهێزی ئینگلیس و ئەمەریکاو سۆڤیەت، باس لە بۆچوونی کاربەدەستانی ڕژێمی ئەوکاتی ئێران و حزبی تودەو ناسیونالیستەکانی ئێرانیش دەکەین، کە چۆن ئەمانەی دوایی بۆ ئەوەی نەهێڵن کوردو بەلوچ و ئازەری و عەرب...بە مافە سەرەتاییەکانی وەک خوێندن و نووسین بە زمانی زکماکی لە قووتابخانەکاندا بگەن هەموو گرفت و کێشەکانی ناوخۆیان وەلادەنێن. ئیتر خۆ باسی مافی دیاریکردنی چارەنووس و تەنانەت ئۆتونومی تا ئەمڕۆش بەلای ئەوانەوە کوفرە. ڕاستیەکی تریش کە دەبێ ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە ئەودەم نە تودەو نە سوڤیەت هیچ بەرنامەو گەلاڵەیەکیان بۆ چارەسەریی کێشەی گەلانی (نەفارسی) ئێران نەبوو. تەنیا باسی کێشەی ئازەربایجانیان دەکرد. کە ئەویش بۆ گوشار خستنەسەر دەوڵەتی ئێران بەمەبەستی بەدەستخستنی نەوتی باکوری عیراق بوو.

گەلاڵەی پێشنیازکراو لە کۆبوونەوەی موسکو هەموو گەلانی نەفارسی ئێران و هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان(نە تەنیا ناوچەی موکریان)ی دەگرتەوە. ئەمە جگە لە هەندێ ریفورمیش بۆ سەرانسەری ئێران. هەرچەندە گەلاڵەکە وەک قۆناغێکی سەرەتایی بە مەبەستی ناچارکردنی ئێران بۆ ئەنجامدانی هەندێک ریفورم بوو، کە ئەمانە لە هەرئاستێکدابووبن لە نەبوون یان تەسلیمبوونی سەرانی کوردو ئازەری باشتربوو.

هێنانەکایەی گەلاڵەیەکی ئاوا لەلایەن ڕۆژئاواییەکانەوە لە ئەنجامی کەش و هەوای دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دووەمی جیهانی، واتا دیموکراسی و ئازادی دەربڕین و هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکومەتی هاوبەندو بەشداریی هێزە سیاسیە جۆربەجۆرەکان بووکە لە زۆر وڵاتانی جیهاندا هاتبووە کایەوە، و ڕۆژئاوا دەیخواست هەر لەم چوارچێوەیەدا چەشنە ریفورمێک لە ئێرانیش ئەنجام بدرێت. بەڵام سۆڤیەت، بە ڕەتکردنەوەی ئەم گەلاڵەیە، کێشەی ئازەربایجان و کوردستانی بەلاوەنا. کۆبوونەوەی مۆسکۆو گەلاڵەی پێشنیازکراو هەلێکی گەورەبوون بۆ سوڤیەت کە هەم دەیتوانی کێشەی ئازەربایجان و کوردستان و هەم کێشەی نەوتیش چارەسەربکات. بە تایبەتیش کە هێزەکانی هەرسێ وڵات هێشتا لە ئێراندابوون. پەسەندنەکردنی گەلاڵەیەکی هاوبەش و پیکهێنانی کومسیوتێکی تایبەت بۆ چارەسەریی کێشەی ئێران لە لایەن سوڤیەتەوە، کاردانەوەی پەسەند نەکردنی گەلاڵە پێشنیازەکانی تری بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی بەدواوەبوو لەلایەن ڕۆژئاواوە. بە واتایەکی تر، ڕێکنەکەوتن لە سەر چارەسەریی‌کێشەکانی ئێران، ڕێکنەکەوتن لە سەر کێشەکانی تری جیهانی پاش شەڕبوو. و پێشنیازەکانی سوڤیەتیش دەربارەی کێشەکانی ئەڵمانیاو کوریای باکور لە لایەن ڕۆژئاواوە ڕەتکرایەوە.

سۆڤیەت بە پەسەند نەکردنی ئەو گەلاڵەیە هیچ ڕێگایەکی بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی و دەوروبەری لە ئێراندا نەهێشتەوەو دەشیزانی کە هیچ هیوایەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەوت و کێشەی ئازەربایجان لە ڕژێمی ئێران و پاشانیش ڕازیبوونی ئینگلیس و ئەمەریکا بەدیناکرێت و بەو کارەی خۆی لە کێشەی ئێران دوورخستەوەو ئێرانیشی خستە باوەشی ڕۆژئاواوە.

پاش شەڕ زۆر گەل سەربەخۆییان وەرگرت و زۆر دەوڵەت دروست بوون . و زۆر دەوڵەتیش وەک کۆریاو ئەڵمانیا دابەشکران کە بە بەراوردکردن لە گەڵ ئێراندا فرە نەتەوەش نەبوون. کەچی کێشەی ئێران هەروا بە چارەسەرنەکراوەیی مایەوە.

گەلاڵەی پێکهێنانی کومسێونی هاوبەش(ئەمەریکاو ئینگلیس، سۆڤیەت) بۆ چارەسەریی کێشەی ئێران، ئەگەر هاتباو پەسەندو جێبەجێ کرابا سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی ئێران دەگۆڕاو گەلانی نەفارسی ئێران نەک تەنیا پەرەیان بە کولتورو زمانی خۆیان ئەدا بەڵکو ڕێگاشی بۆ بە ئۆتونومی و فیدراتیڤەکردنی ئێران هەمواردەکرد. گەر هاتباو خاڵەکانی ئەو گەلاڵەیە جێبەجێ کرابان هەرکامیان دەسکەوتێکی گەورە بۆ هەموو گەلانی ئێران دەبوون. ئەمەش نەک تەنیا لە باری کولتورو زمانەوە، بەڵکو لە باری بەڕێوەبردنەوە دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی ئێرانی کەم و سنوورداردەکردەوە. جگە

لەمە بە پێی خاڵەکانی گەڵاڵەکە دەبووایە یاساکانی ئێران ئاڵ و گۆڕیان بە سەرداهاتبایەو لەلایەکی ترەوە ئەندامانی ئەو کۆمسیونە دەسەڵاتی پێشنیازو جێبەجێکردن و بەرپرسارێتی تریشی پێدرابوو، بە جۆرێک لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەدا زۆر کێشەی ئێران چارەسەردەکران. خۆ ئەگەر(بە لە بەرچاوگرتنی هەموو جیاوازیەکان) لە گەڵ پەیمانی سیڤەردا بەراوردی بکەین. زەمینەی جێبەجێکردنی بەندەکانی ئەم گەڵاڵە پێشنیازە لە سیڤەر زۆرتربوو. چونکە زەمینەی هاوکاریی سۆڤیەت لە گەڵ ڕۆژئاوادا پاش شەڕ زۆرتربوو. جگە لەمە قۆناغەکانی دوای شەڕی جیهانی دووەم جیاوازی زۆری لە گەڵ ساڵانی پاش شەڕی جیهانی یەکەم هەبوو. لەلایەکی ترەوە سۆڤیەت چۆن دوای شەڕیجیهانی یەکەم و بۆ پشتگیریکردنی تورکیای کەمالی ڕۆڵێکی زۆری لە هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤەر کەلە لۆزان ئەنجامدرا هەبوو. دوای شەڕی جیهانی دووەمیش هەمان ڕۆڵی لە سەرنەگرتنی پێکهێنانی کومسیۆنی هاوبەش بۆ کێشەی ئێران هەبوو.

لە کۆبوونەوەکانی وەزیرانی دەرەوەی ئەمەریکاو ئینگلیس و سۆڤیەت پاش شەڕی جیهانی دووەم، دەربارەی زۆر دەوڵەت بڕیاری هاوبەش درا. سیستەم و ڕژێمی هەندێک وڵاتیان نەک تەنیا گۆڕی بەڵکو بۆ ماوەیەکی زۆریش ئەو وڵاتانەیان خستە ژێر کونترۆڵ و چاوەدێریی. بۆ نموونە ئوتریش(نەمسا) لە 1945 تا 1955 واتا بۆ ماوەی دەساڵ لە لایەن هێزەکانی چواردەوڵەتی ئەمەریکاو ئینگلیس و سۆڤیەت و فەرانساوە بەڕێوەدەچوو. و ئەو وڵاتەیان کردە چوار بەشی ژێر نفوزو کۆنترولی خۆیان و تەنیا لە 1955 ئەم وڵاتە بەبڕیارێکی نێونەتەوەیی سەربەخۆیی بۆ گەڕایەوەو بە کۆمارێکی فیدراتیڤی ناسرا.

ئایا نەدەکرا هێزەکانی ئەمەریکاو ئینگلیس و سۆڤیەت بڕیارێکی ئاوایان سەبارەت بە ئێرانیش بدایە. بە جۆرێک هێزەکانی خۆیان لەوێ هێشتبایەوەو، لەژێر چاوەدێریی و کونترۆڵی ئەوان هەڵبژاردنی پارلەمان و پێکهێنانی حکومەتێکی هاوبەندو ئیئتیلافیان هێنابایەسەرکارو ئەگەر بڕیاربوو ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران بمێنێتەوە، دەسەڵاتیان کەم کردبایەوە، بە جۆرێک پاشەیەتی بکردایە نەک حکومەت. وەک زۆربەی وڵاتان دەکرا یاسای بنچینەیی ئێران بگۆڕن بە جۆرێک وەڵامدەرەوەی سەردەمی پاش شەڕو خواستی گەلانی ئێران و هێزە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکان بێت. گەلانی ئێران کە هەمیشە لە سەرەتاییترین مافی نەتەوەیی و کولتوری خۆیان بێبەشبوون، سیستەمێکی فیدراتیڤی پڕ بە پێستی ئەوێ و شایستەی گەلانی ئێران بوو. سێ زلهێز کە سەرەتا ئێرانیان داگیرکردو تاج و تەختیان لە ڕەزاشا ستاندەوەو شەرمەزارانە لە ئێران وەدەریان نا و کوڕەکەیان کردە پادشایەکی کارتۆنی، لە پراکتیکدا هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو، و ئێران لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە بەڕێوەدەبرا. جا ئەگەر لە کاتی شەڕو لەو بارودۆخە ئاڵۆزەدا کە مەترسی فاشیزم لە سەر هەموو جیهان هەبوو ئەوبڕیارانەیاندا کە ئاماژەمان پێکردن، ئەوە دوای شەڕ کە سەرکەوتووبوون و چارەنووسی جیهانیان کەوتە دەست، ئەگەر شاو داروودەستەکەیان لە بەر تاوانەکانیان سزا نەدرابان، ئەوە لانیکەم دەبووایە حەمەڕەزاشاش وەک باوکی لە ئێران دەرکرابایە نەک 37 ساڵی تر، واتە تا ساڵی 1979 بەسەر گەلانی ئێراندا فەرز کرابایە.

مەبەست لە تاوتوێ کردنی کێشەی ئێران و گەڵاڵە پێشنیازی پێکهێنانی کومسیونی سێ لایەنە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆی ئێران لە لایەن ئینگلیس و ئەمەریکاوە، لە ڕووی دڵسۆزی و دڵپاکی ئەوانەوە نەبوو. بەڵکو نەیاندەویست سۆڤیەت ئێران بخاتە ژێر کونترۆڵی خۆیەوە. و ئەو ترسەیان لێنیشتبوو کە جگە لە هێشتنەوەی هێزەکانی سوڤیەت لە ئێران، بزووتنەوەکانی ئازەربایجان و کوردستان و حزبی تودەش هەبوو کە پاش دەرچوونی هێزەکانی ئەمەریکاو ئینگلیس، ئەگەر سۆڤیەت نەشتوانێ ڕژێمێکی بن ڕکێفی خۆی بهێنێتەسەردەسەڵات، ئەوە بە ئاسانی دەتوانێ ڕژێمی ئێران ناچاربکات نەوتەکەی بداتێ و جێ پێی ئەمەریکاو ئینگلیز لەوێ لێژبکات.

وەک لە کۆبوونەوەکەی مۆسکۆ دەردەکەوێت زۆربڕیار لەسەر وڵاتانی جۆربەجۆردران، بەڵام جێبەجێ نەکران. کۆریاو ئاڵمان بوون بە دووبەشەوە، بولگاریاو ڕومانیاو هەنگاریاو پۆلەندا لە لایەن سۆڤیەتەوە کە هێزەکانی لەوێ بوون دەستیان بەسەرداگیراو ڕژێمی سەر بە سۆڤیەت هێنرانە سەرکار. کە تا هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت هەر لەوێ مابوونەوە. لە لایەکی تر یونان و ئەندەنۆزیاو میسرو فینلەند و ئیتالیا کە هێزی ڕۆژئاواییەکانی لێبوون سەرەڕای هێشتنەوەی ئەو هێزانە ڕژێمی بن ڕکێفی خۆشیان لەم وڵاتانە هێنایە سەر حوکم. سۆڤیەت داوای دەرچوونی هێزەکانی ڕۆژئاوای لەو وڵاتانە دەکرد. مولەتوف، وەزیری کاروباری دەرەوەی سوڤیەت، لە

بەرامبەر پێ چەقاندنی ڕۆژئاوا بۆ دەرچوونی سۆڤیەت لە ئێران، ئەویش داوای دەرچوونی هێزەکانی ئینگلیس و ئەمەریکا لە یونان، و ئەندەنوزیا و هەندێ جاریش داوای دەرچوونی هێزەکانی ئەمەریکا لە چین دەکات. بەمجۆرە کێشە تەنێ لە سەر دابەشکردنی هێزو بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەبێت و کەس باس لە کێشە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتانە ناکات.  لە یەکێک لە دانیشتنەکانی بوین و مولەتوف، مولەتوف دەڵێت کە ئینگلیسەکان لە یونان ئاغایەتی دەکەن. ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت کە سوڤیەتیەکانیش لە بولگاریا کوێخایەتی دەکەن. مولەتوف و بیرنس(وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەوکاتی ئەمەریکا) لە گێرەو کێشەیەکی دوو قۆڵیدا کە باسی ئێران دەکەن، مولەتوف دەڵێت کە ئێمە هێزەکانمان لە ئێران دەبەینە دەرێ بەڵام ئێستا زستانەو زۆر زەحمەتە. بیرنس لە وەڵامدا دەڵێت کە ئێمەش دەتوانین بمێنینەوەو بیانوشمان بۆ ئەمە زۆرە. مولەتوف دەڵێت، ئاخر ئێمە لە گەڵ ئێران دوو پەیمانمان هەیە 1921 و 1924 .

سۆڤیەت بە بیانووی گەیاندنی چەک و تفاق لە ڕێگای پۆلونیاوە بۆ هێزەکانی لە ئاڵمان و لە ڕێگای بوڵگارستان و ڕۆمانیاشەوە بۆ هێزەکانی لە ئوتریش پێی لەسەر هێشتنەوەی هێزەکانی خۆی لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات دادەگرت. ئینگلیسیش پاکانەی مانەوەی خۆی لە یونان بە پێی پەیمانی دوو لایەنەی تێوان ئینگلیس و یونان  دەکرد. بەهانەی ئەمەریکاش بۆ هێشتنەوەی هێزەکانی خۆی لە باکوری چین، یارمەتیدانی چین بۆ پاراستنی هێمنایەتی و دەرکردنی ژاپۆنیەکان لە باکوری ئەو وڵاتە بوو. واتا هەردوولا تا ئەو جێیەی پێیانکراو دەستیان دەڕۆیشت، دەستیان بە سەر وڵاتاندا گرت. سۆڤیەت ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ئەمەریکاو ئینگلیسیش وڵاتانی تریان داگیرکرد. تەنانەت هەروەک وترا کۆریاو ئاڵمانیش بوون بە قوربانیی ئەو ململانێ و دژایەتیەی تێوانیان. سەرەڕای ئەمە لە چەند دانیشتن و کۆبوونەوەدا هەردوولا لەسەر یەکبوون و سەروەریی ئەو وڵاتانە ڕێکەوتبوون و کۆمیتەو کومسیونی هاوبەشیان بۆ یەکگرتنەوەی ئەو وڵاتانە هێنابووەکایەوە. ئاڵمان یەکیگرتەوە، بەڵام کۆریا تا ئێستاش لە دەست ئەو دابەشکردنە دەستکردە دەناڵێنێت. کە ئەنجامی شەڕی ساردو ململاتێی تێوان دوو بلۆک بوو. شایانی باسە دوای شەڕ زۆر وڵاتی تری وەک چین و ژاپۆن و ئوتریش لە دابەشبوون ڕزگاریان بوو.

لە کاتی تاوتوێی ئەم بابەتە، واتە کێشەی ئێران لە کۆبوونەوەی دیسامبری 1945ی مۆسکۆ، گەلێک داواکاریی و نامە لە لایەن وڵاتان و گەلانی جیهانەوە ئاراستەی کۆبونەوەکە دەکرێت کە لە چاپەمەنیەکاندا ئاماژەیان پێدەکرێت. هەروا لە ئەرشیفەکانی سۆڤیەتیش چاوم بە چەند نامەو بیرخەرەوەی کوردەکان، چ پێشس و چ لە کاتی کۆبوونەوەکەدا کەوت، کەداوای چارەسەریی کێشەی کورد لەو سێ زلهێزە بە تایبەتی لەو کۆبوونەوەیەدا دەکەن. کە سۆڤیەتیەکان نەک هەر لە کۆبوونەوەکەدا بەڵکو لە چاپەمەنیەکانیشدا ئاماژەی پێناکەن. بۆیە ئێمە نامەی کوردەکانی باشوری کوردستان و بەڵگەنامەو نووسراوەکان دەخەینەڕوو، کە بە داخەوە هیچ نامە، یان یاداشت و بیرخەرەوەیەکی سەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێدا نیە. کە ئەو کاتە بە مەبەستی هاندانی سۆڤیەت  پێویست بوو هەم کوردو هەم ئازەریەکان لە کۆبوونەوەی ناوبراو کەڵک وەربگرن و داوای چارەسەریی کێشەکەیان بکەن. بەڵام دیارە سۆڤیەت هەر لە بناغەدا دژی باسکردنی کێشە ناوخۆییەکانی ئێران لەو کۆبوونەوەیەدا بووە، بۆیە نەیانوێراوە کارێکی وا ئەنجام بدەن. گەرچی باشترین و لەبارترین هەل بوو. چونکە بەر لە کۆبوونەوەکە لە چاپەمەنیەکانی ئێرانیشدا بڵاوکرابۆوە کە لەو کۆبوونەوەیەدا کێشەی ئێران دەخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. بەڵام بێدەنگی سەرانی کوردو ئازەریی لەمەوە هاتبوو کە خۆیان لە بەرەی سۆڤیەتدا دەدیتەوەو هەروەک ئەوان نەیاندەویست ڕۆژئاوا دەست لە کاروباری ئێران وەربدات. بەم واتایەی کە بایەخ بە هەڵوێستی ئەمەریکاو ئینگلیس نادەن و سۆڤیەتیان کردۆتە سەرپشک و نوێنەرو چاوساغی خۆیان.

ئینگلیس و ئەمەریکا بە گەلاڵە پێشنیازی ناوبراو دەیانویست نیشانبدەن کە دەست لە ئێران هەڵناگرن و هیچ ئاڵوگۆڕێک لەو وڵاتە بەبێ پەسەندکردنی ئەوان سەرناگرێت. لە لایەکی تر ئەمەریکاو ئینگلیز، دەیانویست باوەڕیان بە دیموکراسی و ئازادی بە پێشنیازی ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕ لە ئێراندا نیشانبدەن، و بیسەلمێنن کە سۆڤیەت خوازیاری ڕیفۆرم لە ئێراندا نیە. و ئەوان وەک سۆڤیەت تەنیا داوای ڕیفۆرم بۆ ئازەربایجان ناکەن، بەڵکو بۆ کورد و تورکمان و بەلوچ و عەرەبیش لە ئێراندا.

نوێنەری سۆڤیەت لە کۆنفرانسی مۆسکۆدا سەرەتا دەیخواست هەر لە بناغەدا باس لە کێشەی ئێران نەکرێت، بەڵام کاتێک لە لایەن نوێنەرانی ئینگلیس و ئەمەریکاوە

ناچاردەکرێت هەڵوێستی خۆی لە مەڕ گەلاڵەی ناوبراو ئاشکرابکات، داوای گۆڕینی هەندێ وشەو ڕستەی گەلاڵە پێشنیازەکە دەکات و نوێنەرانی ڕۆژئاوا بۆ بڕینی بیانووی سۆڤیەت، پێشنیازەکانی سۆڤیەت لەم ڕووەوە پەسەند دەکەن. بەڵام پاشان سۆڤیەت بڕو بیانووی تر ئەدۆزێتەوە. وەک ئەوەی گوایا ئێرانیەکان لێرەنین و بێ ئەوانیش ناکرێ هیچ بڕیارێک بدرێ. و دەبێ نوێنەرانی ئێرانیش لەو کومسیۆنە بەشداربن. یان بە بیانووی ئەوەی گوایا بڕیار نەبووە باسی کێشەی ئێران بکەن و ئەو کێشەیە لە دەستوری کاری کۆبوونەوەکەدا نەبووە. سەرئەنجامیش دەڵێن ئەگەر بڕیارە کێشەی ئێران باس بکرێت دەبێ باسی کێشەی ئاندەنوزی و یونان ...هتد بکرێت. بەم چەشنە دەردەکەوێت کە سۆڤیەت هەر لە بناغەدا نەیویستوە باسی کێشەی ئێران بکرێت. کێشەی ئێرانیش هەر کێشەی دەرچوونی هێزە هاوپەیمانەکان لەو وڵاتە نەبوو، بەڵکو کێشەی گەلانی نافارسی ئێرانی و ئەنجامدانی هەندێک ڕیفورم و گۆڕانکاریی گرنگ کە قازانجەکەی بۆ سەرجەم هێزە دیموکرات و پێشکوتنخوازەکان دەگەڕایەوە. ئەگەر ئەو گەلاڵە پێشنیازە پەسەند کرابایە ئێران دەکەوتە ژێر جۆرە کونترۆڵێکی نێونەتەوەیی و ئێران ناچاردەبوو ملی بۆکەچ بکات. و ئیتر هیچ زلهێزێکیش نەدەما کە بۆ گرفت خستنە سەر ڕێگای ئەو کۆمسیونە هاوبەشە ئێران پاڵی پێوەبدات. جێبەجێکردنی بەرنامەی کومسیونی هاوبەش لە ئێران نەک تەنیا گۆڕانکارییەکی هەمەلایەنەی لە ژیانی کوردو ئازەری بەدیدەهێنا، بەڵکو بەسودی گشت گەلانی نافارسی ئێران و هێزە سیاسیەکانی ئەم وڵاتەبوون. کەچی سوڤیەت تەنیا باسی کێشەی ئازەربایجان و نەوتی دەکرد. کە پاشان لە بەر وەرگرتنی نەوتەکە کێشەی ئازەربایجانیش لە چوارچێوەی وتو وێژەکانی سوڤیەت-ئێران و هەروەها لە سیاسەتی ئەم وڵاتە هەڵگیرا. ئیتر نە سۆڤیەت و نە حیزبی تودەش هیچ گەلاڵەو پرۆژەیەکیان بۆ گەلانی نافارسی ئێران و بۆ گۆڕینی یاسای بنچینەیی ئێران نەبوو. هەوڵدانی سۆڤیەت و تودە لەو سەردەمەدا زۆرتر بۆ وەرگرتنی نەوتی ئێران و دەرکردنی ئیمپریالیست و شەڕو ئاژاوەنانەوە دژی لایەنگرانیان لەو وڵاتە بوو. لەلایەکی تر گەلاڵەی ئەو کومسیونە لەوەی سۆڤیەت بۆ ئازەربایجانی دەخواست زۆرتری تێدابوو. نوێنەرانی سۆڤیەت لە ئێران کە ناوبژیکەری نێوان تاران و تەوریز بوون هەر کێشەی ئازەربایجانیان بەلاوە گرنگ بوو. بەهانەی سۆڤیەت لە زاری مۆلەتۆڤەوە، کە گوایا بۆ تاوتوێکردنی کێشەی ئێران، پێویست بە ئامادەبوونی نوێنەری ئەو وڵاتە واتا ئێران دەکات، پوچ و بێ بنەمابوو. چونکە لەو کونفرانسانەی لە سەردەم و پاش شەڕی جیهانی لە لایەن سێ زلهێزەوە بۆ چارەسەریی کێشەی گەلێک وڵات سازدران، بە شاهیدی مێژوو، نوێنەری زۆربەی وڵاتانی خاوەن کێشە بەشدارنەبوون. و زلهێزان خۆیان چۆنیان بە باش زانیوە، ئاوا بڕیاریان لە سەر داون. هەر لەو کۆبوونەوەی موسکۆدا نوێنەری هیچ دەوڵەت یان نەتەوەیەک جگە لە خۆیان (ئەمەریکا ئینگلیس و سۆڤیەت) بەشدار نەبوون. مۆلەتۆڤ کە هێندە دڵسۆزی خۆی بۆ ئێران دەردەبڕی دەیویست چی بە دەستبخات؟ لە ڕاستیدا تاکە مەبەستی ئەو دەوڵەتەی ئەو نوێنەرایەتی دەکرد ئەمەبوو کە زەمینەی هیچ بەرژەوەندییەک بۆ ڕۆژئاواییەکان لە ئێران نەهێڵێتەوەو هێزەکانیان لە ئێران بچنە دەرێ. و تەواوی کێشەکانی ناوخۆی ئێران بەتەنیا خواست و بەرژەوەندی خۆی چارەسەربکات ( کە بە لای سوڤیەتەوە کێشەکە هەر لە سەر نەوت بوو، و باس لە چارەنووسی گەلانی نافارسی ئێران تەنیا ئامرازێکی گوشارخستنەسەر ئێران بوو). لە لایەکی ترەوە بە واتای ڕێزنەگرتن لە بیروڕای هاوپەیمانەکانی واتا ئینگلیس و ئەمەریکاو هەروا تێکدانی زەمینەی هاوکاریی سێ زلهێز لە سەر ئاستی جیهانیی و بە تایبەتی بۆ چارەسەریی کێشەکانی دوای شەڕی دووەمی جیهانی بوو. سۆڤیەت هەم لە ڕێگای کێشەی ئازەربایجانەوە( کە کێشەی کوردستانیشی تێ خزاندبوو)، و هەم لە ڕێگای هێشتنەوەی هێزەکانی لە ئێران و هاندانی حزبی تودە دژی ئینگلیزو ئەمەریکا. دەیویست چۆک بە ڕۆژئاواو ئێرانیش دابدات. بەڵام ئاکامی پلانەکانی هەموو بە پێچەوانەی خواست و ئارزووەکانی خۆی بەدیهاتن. و مولەتۆڤ کە پێشنیازی بەشداریی نوێنەرانی ئێران لە کۆمسیۆنەکە دەکات، نوێنەرانی ئینگلیس و ئەمەریکا دژی ڕاناوەستن.

کونفرانسی ناوبراو لە کاتێکدا بەسترا کە هێشتا کێشەی مانەوەی هێزەکانی سوڤیەت لە ئێران ئاڵۆز نەبووبوو، و کۆماری کوردستان ڕانەگەیەنرابوو، و کێشەی ئازەربایجانیش تازە هاتبووە ئاراوە، کێشەی نەوتی نێوان ئێران و سۆڤیەت نادیارو چارەسەر نەکراو بوو، پەیوەندی نێوان سۆڤیەت و ئەمەریکاو ئینگلیس ئاسایی بوو. ئێرانیش هێشتا دژی کۆمسیۆنێکی وا هەڵوێستی وەرنەگرتبوو، چونکە لە لایەکەوە نەیدەوێرا دژی بڕیارێک ڕاوەستێ کە لەلایەن سێ زلهێزی سەرکەوتوو لە شەڕدا دەرچووبێ لە لایەکی تریشەوە، نوێنەری

ئینگلیس پێش دەستپێکردنی کونفرانسەکە، بەڵێنی پەسەندکردنی ئەو گەلاڵەیەی لە لایەن سەرۆک وەزیرانی ئێرانەوە -حەکیم- وەرگرتبوو. حکومەتی ئێرانیش کە مەترسی پارچەبوونی وڵاتەکەی هەبوو ئامادەی پەسەندکردنی بڕیاری سێ زلهێزبوو.

پێشنیازکردنی ئەم گەلاڵەیە لەلایەن نوێنەری ئینگلیس و بە پشتیوانی ئەمەریکا بە واتای داننان بەو کیشە ناوخۆییانەی ئێران کە هەلومەرجی پاش شەڕ پێویستی بە چارەسەرکرنیان لە چوارچێوەی چەسپاندنی دیموکراسیو نەهێشتنی دیکتاتوری دەکرد. لای هەموان ئاشکرابوو کە ئێران ڕژێمێکی دیکتاتۆرییەو گەلانی نافارسی ئێران لە سادەترین مافی خۆیان بێ بەشبوون. هەربۆیە سەرهەڵدان لە سەردەستی کوردو ئازەری بەرپاکرابوو، و ناوچەیەکی فراوانیان ئازاد کردبوو، و داوای مافەڕەواکانی خۆیان دەکرد و ئەو مەترسیەش لە ئارادابوو کە ئاگری سەرهەڵدان شوێنەکانی تری ئێران وەک: بلوچستان، تورکمەنسەحرا، خوزستان، و شیرازو هی تریش بگرێتەوە. بۆیە یەک لە ئامانجی گەلاڵەکە چارەسەرکردنی ئەوکێشانەو ڕێگەگرتن لە هەڵگیرسانی شەڕێکی خوێناوی درێژخایەن بوو، کە ڕەنگە پاشانیش ببێتە بەرەورووی یەکتر بوونەوەی زلهێزەکان لە سەر ئێران.

ئەگەر بە وردی سەرنجی گەلاڵەکە بدەین دەبینین کە باس لە جێبەجێکردنی یاسای بنچینەیی بۆ پێکهێنانی شوراکان و بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکان بە دەست دانیشتوانی خۆیانەوەو هەروا بەکارهێنانی زمانی زکماکی بۆ گەلانی نەفارسی ئێران و خوێندن و فێربوونی زمانی خۆیان و ...هتد دەکات. ئیتر نە باس لە فیدرالیزم و نەباس لە ئوتونومی بۆ ئەو گەلانەو نە باس لە پارچە پارچە بوون یان دابەشدردنی ئێران دەکات. مولەتۆڤ لە چ ڕوانگەیەکەوە باس لە دەستێوەردانی کارو باری ناوخۆی ئێران دەکات ؟ ئایا ئەوان دەستیان لە کاروباری کوردستان و ئازەربایجان زۆرتر وەردابوو یان ئینگلیس و ئەمەریکا؟

ئەگەر سەرنجی گەلاڵەکە بدەین، دەبینین کە دەبێ کاروباری کومسیونەکە بە پرس و ڕاوێژو شێوەیەکی ئاشتیانەو یاساییانە لە نێوان سێ زلهێزو دەوڵەتی ناوەندی ئێران بەڕێوە بچێت. لێرەدا سەپاندنی دەسەلات یان سیاسەت و یانیش پاراستنی بەرژەوەندی ئەم یان ئەو زلهێز نەبوو. هەروا باس لە نەوت و پێگەی لەشکریش ناکات. و هیچ شتێکیشی دژی سۆڤیەت تێدا نیە. بەڵام لەوەی کە سۆڤیەت ویستویەتی هەرخۆی لە ئێران خاوەن بڕیارو بەرژەوەندی بێت. هیچ گوماتێکی تێدا نیە. ئاشکرایە بە پەسەند کردنی ئەم گەلاڵەیەو پێکهێنایی کومسیۆنی هاوبەش، جگە لەوەی کە زۆر کێشەی ناوخۆیی ئێران ، بە تایبەتی کێشەی کولتوریی نەتەوە بن دەستەکانی ئێران چارەسەردەکرا. کێشەی نەوتیش بۆ سۆڤیەت چارەسەردەکراو گەلانی ئێران توشی ئەو تراژیدیا گەورەیەی تا ئێستاش بە دەستیەوە دەناڵێنن، نەدەبوون. و سۆڤیەت لەئێران و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست نەک تەنیا توشی تێشکان و بەدناوی نەدەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕۆڵ و دیمەنێکی تری لە ناوچەکەو جیهانیشدا بەدەست دەخست. باڵادەستی و ڕۆڵی سۆڤیەت لە ئێران بە پێی هەموو بەڵگەو دیکومینت و تەنانەت دانپێدانانی دیپلۆماتەکانی ئینگلیس و ئەمەریکاش لەوانی تر زۆرترو کاریگەرتربووە. سۆڤیەت وڵاتێکی هاوسێی ئێران بوو، و سنوورێکی پان و بەرین و هەر لە کۆنەوە بەرژەوەندی ڕۆڵی لە ئێراندا هەبووەو دەیویست بیپارێزێت. و ڕۆژئاواو ئێرانیش بە باشی ئەم ڕاستیەیان دەزانی و هیچ لایەک نکوڵی لەوە نەدەکرد کە پێویستە ڕۆڵ و بەرژەوەندی سۆڤیەت لە ئێراندا بپارێزرێت. ئاشکرابوو کە سۆڤیەتیش بە ڕۆڵی خۆی بواری ئەوەی دەدا لە نزیک سنورەکانیەوە، ڕۆژئاواییەکان پێگەیەکی لەشکریان هەبێت و سامانی ناوچەکە بەتایبەتی نەوتیشیان لە دەستدابێت. جگەلەمە پەیمانی ئێران –سۆڤیەت 1921 دەستی سۆڤیەتی بۆ داگیرکردنی ئێران (ئەگەر بیویستایە یان هەستی بە مەترسی بکردایە) ئاواڵە هێشتبۆوە. کەواتە چ ئێران و چ ڕۆژئاواییەکانیش خۆیان لە قەرەی ئەم مەترسیە گەورەیە نەدەدا. باڵادەستیەکی تری سۆڤیەت لە چاو ڕۆژئاواییەکان ئەوەبوو کە بە هۆی نزیکبوونی سۆڤیەت بە ئێرانەوە بە ئاسانی و لە ماوەیەکی کەمدا دەیتوانی هێزی خۆی بنێرێتە ئێران، و یانیش یارمەتی بە بەرهەڵستکاری ئێرانی بگەیەنێت. لە لایەکی ترەوە لە سەردەمی شەڕو پاش شەڕی جیهانی دووەم سۆڤیەت (جگە لە تودە) هەوساری بزووتنەوەی ئازەربایجان و کوردستانی بە دەستەوە بوو، کە وەک دوو کارت و دوو فاکتەری گرنگ بەرامبەر ڕۆژئاواو ئێران بەکاریدەهێنان. سەرەڕای ئەمەش پێکهێنانی ئەم دوو بەڕێوەبەرایەتیەی ئازەربایجان و کوردستان کە لە ناوچەکانی ژێر نفوزی سۆڤیەت و بە پشتیوانی ئەوان پێکهاتبوو ڕۆڵ و لایەنگیری سۆڤیەتی لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی زۆرتر کردبوو. بە تایبەتی گەلانی چەوساوەو بندەستی تری ئێران بە هیوای

ئەوە بوون ئەوەی ئازەری و کوردەکان پێیگەیشتوون سەرئەنجام ئەوانیش بگرێتەوە.

هێزە چەپ و دیموکرات و ئازادیخوازەکانی ئێران، هەروا ڕووناکبیران و نووسەران و دەیان گۆڤارو ڕۆژنامەی ئەو سەردەمە، کە بە ئاشکرا لایەنگیریان لە سۆڤیەت دەکرد، ڕۆڵێکی باڵایان لە پتەوکردنی پێگەی سۆڤیەت لە ئێران بینیبوو. ئەمانە هەموو لای دەوڵەتانی ئینگلیس و ئەمەریکاو ئێران لە بەر چاو گیرابوون. هەربۆیە لەو باوەڕەدابوون بەبێ سۆڤیەت کێشەی ئێران چارەسەر ناکرێت. بۆیە هەوڵێکی یەکجار زۆریان دا تا سۆڤیەت بەشداری لەو کومسیونەدا بکات چونکە پێیانوابوو پێکهێنانی کۆمسیوتێکی وا یان هەر بڕیارێکی تری سەبارەت بە ئێران بەبێ سۆڤیەت مەترسی زۆری لێدەکەوێتەوە. ئیتر کاتێک سۆڤیەت گەڵاڵە پێشنیازەکە ڕەتدەکاتەوە ڕۆژئاواییەکانیش بۆ ڕێگە گرتن لە پەرەسەندنی باڵادەستی سۆڤیەت و بەربەرەکانی کردنی ناچار چاوپۆشی لە گەڵاڵەکە دەکەن و پاڵپشتی دەوڵەتی ئێران دەکەن و بە چەک و دراوو ڕێگای دیپلوماسی و سیاسی لە بەرامبەر سۆڤیەتی ملهوڕ ڕایدەوەستێنن.

سۆڤیەت کە دەستی لە کاروباری ئێراندابوو، و کێشەی ئازەربایجان و کوردستانی هێنابووە ئاراوە، دەبووایە ئەو دەستپێشخەری پێکهێنانی کۆمسیوتێکی ئاوابووایە. هەر بۆیەش ڕەخنەی زۆرتر ئاراستەی سۆڤیەت دەکرێت. لە لایەکی ترەوە ئەگەر کێشەی کوردستان و ئازەربایجان تا ڕادەیەک چارەسەر کرابایە ئەمانە خۆیان بە قەرزدار دەزانی و بەسۆڤیەت وەفادار دەمانەوە. سەرەڕای ئەمانە سۆڤیەت باش دەیزانی ئەو ڕیفورم و گۆڕانکاریانەی کومسیونی هاوبەش دەبووایە بیانکات، ڕژێمی ئێران ئامادە نەدەبوو بە تەنیا هیچکامیان جێبەجێ بکات. واتا لێرەش سۆڤیەت دەبووایە ئێوان دەوڵەتی ئێران و ئەو کومسیۆنە جیاوازیەکی تەواوی دانابایەو دەیتوانی هەر بەڕێگای نوێنەری خۆیەوە سیاسەت و داخوازیەکانی بباتە پێش. دەیتوانی کاروکردەوەی ئەو کومسیونەی لە گەڵ سیاسەت و نیازی ئینگلیس و ئەمەریکا لە پێکهێنانی ئەو کومسیۆنە تاقیبکاتەوە. ئەگەر سەری نەگرتبا ئەودەم بۆی هەبوو نوێنەری خۆی لەو کومسیونە بکێشێتەوەو لە گەڵ ڕژێمی تاران بکەوێتە وتووێژەوە. زۆر جێگای سەرنجە، سۆڤیەت نە لەو کونفرانسەو نە پاشانیش هیچ گەڵاڵەیەکی تری پێشکەش نەکرد. واتە ئەڵتەرناتیڤێکی تری نەبوو، و هیچ هۆ و بەڵگەیەکی لوژیکی و یاسایی بۆ بەر پەرچدانەوە، یان پەسەند نەکردنی ئەو گەڵاڵەیەی بە دەستەوە نەبوو. گەڵاڵەی کومسیۆنی هاوبەش، هەروەک وترا، پەیوەندی بە نەوت و دەرچوونی هێزی هاوپیمانان و یان هەڵوێستێکی تری دژی سۆڤیەتی تێدا نەبوو، و کارو بارو ئەرکی کومسیونەکە تەنیا بۆ چارەسەریی کێشەکانی ناوخۆی ئێران بوو. کە پاش دەرچوونی هێزی هاوپەیمانەکان هەندێک ڕیفۆرم ئەنجام بدرێت. دیارە پێشنیازکردنی گەڵاڵەکە لەلایەن ئینگلیس و ئەمەریکاوە بۆ چەند مەبەستێک بوو:

1- ڕۆ ڵ و بەرژەوەندی خۆیان کە لە لایەن سۆڤیەتەوە هەڕەشەی لێدەکرا، بپارێزن.

2- نەهێڵن سۆڤیەت دەست بە سەر ئێران و لەوێشەوە وڵاتانی دەورو پشت، بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کانگا نەوتیەکاندا بگرێت، و پێش لە بەرفرەبوون و پەرەسەندنی کومونیزم لەو وڵاتانە بگرن.

3- ئینگلیس و ئەمەریکا لەو سەردەمەدا نەیاندەتوانی کۆنترۆڵی ئێران بکەن و دەیانزانی کە سۆڤیەت بە تەمایە وەک ئەورووپای ڕۆژهەڵات هێزەکانی خۆی لە ئێران بهێڵێتەوە. کە سەرەڕای هێزەکانی خۆی کوردستان و ئازەربایجان و حزبی تودەشی لە پشتەوەیە کە بەربەرەکانی کردنیان نە لە توانای ئێران و نە لە توانای ئەوانیشدا هەیە. چونکە نە هێزێکی ئەوتۆیان لە ئێراندا هەبوو، و نە سوپای ئێرانیشیان ڕێکوپێک و چەکدارکردبوو.

4- پێشنیازی کومسیونی هاوبەش ناوەرۆکێکی مرۆڤانەو دیموکراتیانەی هەبوو. ئەمەش پێویست بوو چونکە ڕۆژئاواییەکان زۆرتر لەم بارەیەوە هەستیان بە داخوازی و چاوەڕوانی گەلانی ئێران کردبوو، کە دەبێ بچێتە ناو ئەو گۆڕانکاریی و پرۆسەیەی پاش جەنگ لە جیهاندا دەستی پێکردبوو.

5- لە ڕوانگەی ئینگلیس و ئەمەریکاییەکانەوە، ئەگەر بڕیارە لە هەرێمێکی ئێران وەک ئازەربایجان یان بۆ گەلێک وەک گەلی ئازەری ڕیفورم ئەنجامدرێت و داواکانیان جێبەجێ بکرێت( کە کەوتۆتە ناوچەکانی ژێر نفوزو کونترۆڵی سۆڤیەت)، دەبێ بۆ ناوچەکانی ژێر نفوزی ئەوان و

بەگشتی بۆ تەواوی ئێران ئەم ڕیفورمانە پیادە بکرێن.

6- ئەگەر بڕیارە سۆڤیەت بەشێک لە نەوتی ئێران ببات( ئینگلیس کە هەیەتی)ئەوە ئەمەریکاش بە مافی خۆی دەزانێت داوای بەشی خۆی بکات.

وەنەبێت ئینگلیس و ئەمەریکا لە بەردڵسۆزی و لە پێناوی چەسپاندنی دیموکراسی و مافی گەلانی چەوساوەی ئێران ئەم گەلاڵەیان پێشنیاز کردبێت. و لە سەر جێبەجێکردنی سووربووبن. بەڵکو لەلایەک بە ڕووبەڕووبوونەوەی سۆڤیەت و لە لایەکی تریش بۆ گۆڕینی ئەو بارو دۆخە ئاڵۆزەی لە ئێراندا هەبوو. ئەوان دەیانویست چۆن سۆڤیەت بۆ بەدەستخستنی نەوت کەڵک لە بزووتنەوەکانی کوردو ئازەربایجان وەردەگرێت، ئەوانیش بۆ بەدەستخستنی لایەنگیریی کۆمەڵانی خەڵک ڕیفورم ئەنجامبدەن. سۆڤیەت بۆیە دژی کۆمسیۆنی هاوبەش ڕاوەستا، چونکە چیتر نەیدەتوانی بە تەنیایی دەست لە کاروباریی ئێران وەردات و پەسەند کردنی ئەو کومسیونە بە واتای بەشداریکردنی ئینگلیس و ئەمەریکا لە ڕووداوەکانی ناوخۆی ئێران بوو. لە لایەکی تر سۆڤیەت ئەو بارودۆخەی ئێرانی لە بەرچاو نەگرت، کە هیچ زەمینەیەکە لەبار بۆ شۆڕش و هاتنەسەردەسەڵاتی دەوڵەتێکی سەر بە سۆڤیەت لە ئارادا نەبوو. و ڕۆژئاواییەکانیش بە ڕۆڵی خۆیان پێگەو لایەنگری زۆریان هەبوو. جا هەر لە دەرباری شاو دەوڵەت و مەجلیسی ئێرانەوە بگرە تا دەگاتە هەندێ هێزی سیاسی و تەنانەت کۆمەڵانی خەڵکیش...

ئەو ڕاستیەش ناشارینەوە کە سۆڤیەت جگە لە کێشەی نەوت لە گەڵ ڕژێمی تاران، دەیویست کێشەی ئازەربایجانیش چارەسەر بکرێت. کە هەروەک چەند جار ئاماژەمان پێکرد و لە بەیاننامەو وتووێژەکانی قەوام لە مۆسکۆ، هاتووە، کێشەی ئازەربایجانیش وەلانراو وەک کێشەیەکی ناوخۆی ئێران لە قەڵەم دراوە. واتە ئیتر سۆڤیەت بۆی نەبوو باسی لێوە بکات.

سۆڤیەت لە کاتێکدا باسی لە کێشەی ئازەربایجان دەکرد، خۆی لە قەرەی کێشەی گەلانی تری وەک بەلوچ، تورکمەن، عەرەب، قەشقایی، وکورد...نەدەداو داواکاریی ئەو گەلانەی لە ناوچەکانی ژێر نفوزی ئینگلیسدابوون لە لایەن سۆڤیەت و حزبی تودەوە بە دەستکردی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی ناودەبران. کەواتە چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی تر جگە لە کێشەی ئازەربایجان ڕاستەو خۆ پەیوندییان بە ئینگلیس و ئەمەریکاوە هەبوو. و بێ بەشداریی ئەوان چارەسەر نەدەکران. ئیتر چۆن سۆڤیەت خۆی بە خاوەنی کێشەی ئازەربایجان دەزانی، و هەوڵی چارەسەرکردنی ئەدا، ئینگلیسەکانیش خۆیان بەرامبەر چارەنووسی گەلان و کێشەی ناوچەکانی ژێر کونترۆڵیان بەرپرس و خاوەن دەزانی. کەواتە چارەسەرکردنی ئەو هەموو کێشانە بە لایەنێک جێبەجێ نەدەبوو، و دەبووایە لە کۆبوونەوەی مۆسکۆ یان لە کۆنفرانس و چاوپێکەوتنەکانی تر بڕیارێکی هاوبەش لە بارەیانەوە بدرێت. تەنانەت سۆڤیەت پاش کۆبوونەوەی مۆسکۆ، دوای ئەوەی کە دەرکەوت ئێران نایەوێ نەوتەکەی بداتێ و کێشەی ئازەربایجان چارەسەربکات، هەوڵی نەدا ئەم کۆمسیۆنە هاوبەشە پێکبێت و دەست بەکاربێت. ئەنجامدانی کارێکی وا نە پاشگەزبوونەوەو نە شەرمەزاریش دەبوو بۆ سۆڤیەت، بەڵکو بەرگری ئەو تراژیدیایە دەبوو کە گەلانی چەوساوە و هێزە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی ئێران تێیکەوتبوون. و یانیش دەکرا کێشەی ئێران، نەک بە ناوی کومسیۆنی هاوبەشی ئەمەریکاو ئینگلیس و سۆڤیەتەوە، بەڵکو خرابایە دەستی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە ناوی ئەو ڕێکخراوەیەوە کۆمسیۆن یان بڕیارێک لە سەر ئێران درابا. بەڵام دیارە سۆڤیەت باوەڕی بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش کە خۆی یەک لە دامەزرێنەرانی بووە، نەبووە.

لە بەرچی سۆڤیەت گەلاڵەی کومسیۆنی هاوبەشی سەبارەت بە ئێران لە کۆبەنەوەی مۆسکۆ پەسەند نەکرد؟ ئایا پلاتێکی تایبەتی خۆی لەم بارەیەوە هەبوو، یان بە نهێنی لە گەڵ کاربەدەستان ڕێککەتبوو. یان بەڵێنی بە دەسەڵاتدارانی ئێران دابوو کە دژی پێکهێنانی ئەو کومسیۆنەبێت؟ یانیش سۆڤیەت وای پێشبینی کردبوو کە بەبێ ڕازیبوونی ئەو هیچ بڕیارو گۆڕانکارییەک لە ئێران ئەنجام نادرێت و ئینگلیس و ئەمەریکا ناچاردەبن دەست لە ئێران بەردەن و خۆی لە گەڵ دەوڵەتی تاران ڕێکدەکەوێت؟ بۆ بەدەستخستنی وەڵامی ئە پرسیارانە دەبێ لە ڕەوتی ڕووداوەکانی پێش کۆبوونەوەی مۆسکۆ لە دیسامبری 1945 لە سەردەم و پاش کۆبوونەوەکەدا بۆ یان بگەڕێین.

لە ماوەی کونفرانسی موسکودا ڕووبەری شارەکانی ئازەربایجان لە لایەن فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانەوە لە دەسەڵاتی ڕژێمی تاران پاک دەکرێتەوەو دەسەڵات دەکەوێتە دەستی فیرقەو، پیشەوەری دەوڵەتی ئازەربایجان

ڕادەگەیەنێت. ئازادکردنی شارەکانی ئازەربایجان و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئازەربایجان شتێک نەبوو سۆڤیەت ئاگای لێ نەبووبێ، بەڵکو ئەوە دروست ئەو پەیامەبوو کە سۆڤیەت دەیویست بە ڕۆژئاوای ڕابگەیەنێ و نیشانی بدات کە ئەو پلانێکی تری بۆ ئێران هەیە. چما سۆڤیەت دروست لە کاتی کۆنفرانسەکەی مۆسکۆدا ئەم کارەی ئەنجامدا؟ ئایا ئەمە تێکدانی کەش و هەوای کۆبوونەوەکەی مۆسکۆ نەبوو. ئایا ئاڵۆزکردنی پەیوەندیەکانی نێوان ئینگلیس و ئەمەریکا لە لایەک و سۆڤیەت لە لایەکی تر نەبوو؟ کردەوەی سۆڤیەت و سەرانی ئازەربایجان بە بێ ئاگاداری و ڕاوێژکردن لە گەڵ ئینگلیس و ئەمەریکا، پێچەوانەی گیانی هاوکاریی هەرسێ هاوپەیمان واتا ئینگلیس و ئەمەریکاو سۆڤیەت پاش شەڕی جیهانی دووەم و پێچەوانەی ئەو پەیمانەبوو کە هەرسێ دەوڵەت لە کۆنفرانسی تاران سەبارەت بە ئێران دابوویان. ئایا ئەوان چاوەڕێی کاردانەوەی ئینگلیس و ئەمەریکایان نەکردبوو، یان پێشبینی ئەوەیان نەکردبوو کە بەو کردەوەیە ئێران بیانووی خۆهاویشتنە باوەشی ڕۆژئاواییەکانی بۆ پەیدا دەبێ؟ ئیتر ئەمەبوو ئەوانیش ڕاپەڕینەکانی باشووری ئێرانیان ڕێکخست و سکاڵای ئێرانیایان گەیاندە شورای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان. و یەکسەر پسپۆڕو چەک و تەقەمەنی و دراویان گەیاندە ئێران و لە باری سیاسی و دیپلوماسیشەوە یارمەتی ئێرانیان دا. و لە هەمان کاتیشدا هانیان دا تا هێرش بکاتە سەر ئازەربایجان و پشتگیری ئێرانیان کرد تا دەسەڵاتی دەستکردی سۆڤیەت لەو هەرێمەدا لە ناوبەرێت. ئەمەبوو ڕۆژئاواییەکانیش دوور لە هەموو داب و نەریتێکی مرۆڤانە، بە بیانووی بەربەرەکانی، و نەهێشتنی شوێنەوارو ڕۆڵی سۆڤیەت، لە دامرکاندنەوەی بزووتنەوەکانی ئازەربایجان و کوردستاندا، قینی خۆیان بەسەر ئەو دوو گەلەدا ڕشت. سیاسەتی باتێکەو دوو هەوا یان دووڕوویی ئینگلیس و ئەمەریکا لەم ڕووداوانەدا زۆر باش ئاشکرابوو. ئەوان کە لە کونفرانسی موسکو دەیانویست چارەسەرییەک بۆ کێشەکانی ناوخۆی ئێران بدۆزنەوەو باسی دیموکراسی و ئازادیان دەکرد، پاش ئەوەی بزووتنەوەکانی کوردوئازەری تێکشکێنران و دەست بەسەر ئەو دوو هەرێمەدا گیرا، بچوکترین ڕیفۆرم یان تەنانەت خاڵێک لەو گەلاڵەیەی بۆ خۆیان لە کونفرانسی موسکۆ پێشنیازییان کردبوو جێبەجێ نەکرا. کە دەیانتوانی ڕژێمی ئێران ناچاربکەن گەلاڵەی کومسیۆنەکە( بەبێ سۆڤیەت) جێبەجێ بکات. گەرچی لە هەندێ سەرچاوەدا دەگوترێت کە ئینگلیس و ئەمەریکا پاش ساڵانی شەڕ، چەند جار هەوڵیانداوە گەلاڵەی ناوبراو لە لایەن ڕژێمی ئێرانەوە پەسەندو جێبەجێ بکرێت، و گوایا ئێران ئامادە نەبووە. بەڵام ئەمە جگە لە پاکانەی بێ ناوەڕۆک شتێکی تر نیە. چونکە سیاسەتی دەرەوەو ناوەوەی ئێران لە لایەن ڕۆژئاواوە دیاریدەکراو، ئەگەر بڵێین ئینگلیس و ئەمەریکا ئاگاداری کردەوەکانی ڕژێمی ئێران نەبوون یان پەسەندیان نەکردووە خۆ دەیانتوانی پێشی پێبگرن. یان دەیاینتوانی یارمەتیەکانی خۆیان بۆ ئەم وڵاتە بە ئەنجامدانی هەندێ ڕیفۆرم ببەستنەوە. هەروەک دیتمان بە درێژایی دەسەڵاتی حەمەڕەزاشا تا ڕوخانی لە 1979دا ئێران جێبەجێکەرو بەڕێوەبەری سیاسەتی ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدابوو.

لە3ی نوڤامبری 1945 واتە مانگێ ونیوێک بەر لە کۆبوونەوەکەی موسکو، دەوڵەتێکی نوێ بە سەرۆکایەتی ئیبراهیمی حەکیم دێتە سەرکارو ئینگلیسەکان پێش دەستپێکردنی کۆبوونەوەی موسکۆ بە حەکیم ڕادەگەیەنن کە نیازی پێشنیازی کۆمسیۆنێکی سێ لایەنەیان لە کۆبوونەوەی مۆسکۆدا هەیە. حەکیم بەڵێن و پشتگیریی حکومەتەکەی خۆی بۆ ئەو گەلاڵەیە بە نوێنەرانی ئینگلیس و ئەمەریکا دەدات. ئەوەبوو کە نوێنەرانی ئینگلیس و ئەمەریکا بە باوەڕێکی تەواوەوە دێنە مۆسکۆ و پێشنیازی ئەم گەلاڵەیە لە کۆبوونەوەکەدا دەکەن. واتە ماوەتەوە سەر بۆچوونی سۆڤیەت. وادیارە ئەمەریکاو ئینگلیس پێیان وادەبێت کە سۆڤیەت دژی پێکهێنانی کومسیۆنی هاوبەش نابێت و تەنیا ڕەنگە هەندێ پێشنیازی تایبەتی خۆی یان گەلاڵەیەکی تر و یانیش هەندێک دەستکاری و گۆڕانکاریی لە گەلاڵەی پێشنیازکراوی ئینگلیسدا بخوازێت.

- ماوەیەتی -

# کۆبوونەوەی مۆسکۆی نێوان ئەمەریکاو ئینگلیس و سۆڤیەت لە دیسامبری 1945و تراژیدیای گەلانی ئێران

د. ئەفراسیاو هەورامی-رووسیا

بەشی دووەم

کاربەدەستانی سۆڤیەت پێشتر حەکیمیان بە نۆکەری ئینگلیس و ئاڵقە لە گوێی ئەو دەوڵەتە تاوانبار کردبوو و حزبی تودەش وەک وتەبیژی سۆڤیەت، حەکیمی بە تێکدانی پەیوەندیەکانی تێوان ئێران و سۆڤیەت تاوانبارکردبوو. حەکیم لە کۆنفرانسی ئاشتی پاریس لە 1919دا گوتبووی ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاز پێشتر سەر بە دەوڵەتی پاشایەتی ئێران بووە و ڕووسیا بە زۆر لە ئێرانی داگیرکردووەو بۆیە داوای گێڕانەوەیانی دەکات ( ئەودەم وسوق الدوله برای قەوام السەلتەنە، سەرەک وەزیرانی ئێران بوو). لەبەر ئەمە سۆڤیەت حەکیمی بە دوژمنی خۆی دەزانی. (ئەگەر کردەوەکانی حەکیم و قەوام لە بەرامبەر سۆڤیەت بەراورد بکەین، دەبینین سیاسەتی دژی سۆڤیەتی قەوام گەلێک کۆنترو زیاتر لە حەکیم بووە. کەچی سۆڤیەت قەوامی بە دۆستی خۆی دەزانی. ستالین ئامۆژگاری حزبی تودەی دەکرد تا پشتگیری لە قەوام بکەن) و داوای لابردنی حەکیمیان دەکرد. سۆڤیەت و تودەو ناسیونال شووینیستەکانی ئێران، شانبەشانی یەک، بۆ لە کارخستنی کابینەی حەکیم کەمپانیایەکی گەورەیان ڕێکخستبوو. بەڵام حەکیم لە بەرامبەر ئەو پڕەپاگەندانە خێرخوازی خۆی بەرامبەر سۆڤیەت بە ئاشکرا ڕادەگەیەنێت کە ئامادەیە ئەو وەزیرانەی سۆڤیەت پێیوایە دژی ئەون لە سەر کار لابەرێت و چەند جارێکیش داوای سەفەر بۆ مۆسکۆ دەکات و لە کاتی بەستنی کۆبوونەوەی مۆسکۆ جارێکی تر داوای بەشداریی لە کۆبوونەوی وەزیرانی دەرەوەی ئەمەریکا و ئینگلیس و سۆڤیەت دەکات. بەڵام مۆسکۆ ئامادەنابێت پێشوازی لە حەکیم چ بۆ وتوو وێژی دووقۆڵی و چ بۆ بەشداریی لە کۆبوونەوەی سێ زلهێز بکات. حەکیم چەند وەزیری خۆی کە بە دژایەتی سۆڤیەت ناسرابوون لە کاردەخات. بەڵام سۆڤیەت و تودەییەکان و ڕەگەزپەرستە فارسەکان (ئەوانەی دژی سەرەتاییترین ماف بۆ گەلانی نە فارسی ئێران بوون و خوێندن و نووسینی بە زمانی زگماکیشیان پێ ڕەوا نەدەبینین. وەک موسەدیق و بەهار و هتد) وازناهێنن و کابینەی حەکیم دەکەوێت و تاوانی گەورەی حەکیم لەوسەردەمەدا ئەوەبوو کە گەڵاڵەی پێشنیازکراوی ئینگلیس و ئەمەریکای بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆی ئێران پەسەند کردبوو.

حەکیم جگە لە لابردنی وەزیرە دژە سۆڤیەتیەکانی کابینەکەی و ئامادەی سەفەرکردن بۆ مۆسکۆ، هەنگاوێکی تریشی بۆ ڕازیکردن و بەهاناچوونی سۆڤیەتەوە نا. بەیات کە کابرایەکی لایەنگری سۆڤیەت یان بە دۆستی سۆڤیەت ناسرابوو. و پێشتریش سەرۆک وەزیرانی ئێران بوو، ئەکا بە ئوستانداری ئازەربایجان لە تەورێز. ئەمە کارێک بوو هیچ سەۆک وەزیرێکی ئێرانی ئامادەی ئەنجامدانی نەبوو. ( تەنانەت حەکیم ڕادەگەیەتێت کە ئامادەیە لایەنگرانی سۆڤیەت بێنێتە ناو کابینەکەی خۆیەوە.)

سەرئەنجام حەکیم لە 19⁄1⁄1946 واتە پاش دوومانگ و نیو لە سەرۆک وەزیری بە گەلەکۆمەی سۆڤیەت (باڵوێزی سۆڤیەت و تودەو ڕۆژنامە لایەنگرەکانیان) و قەوام و موسەدیق و ڕەگەز پەرستانی تری ئێران لەکاردەخرێت و قەوام بە 51 دەنگ لە بەرامبەر 50 دەنگی دژ دەبێتە سەرۆک وەزیرانی ئێران. کە ئەویش بە هەوڵ و تەقەلاو کڕینی هەندێ کەس لەلایەن سۆڤیەتیەکانەوە ئەو یەک دەنگە زیادە دەهێنێت. شانتاژی تودەییەکان لە گەڵ ڕەگەز پەرستانی ئێران دەورێکی گەورەیان لە لابردنی حەکیم و هێنانە سەر کاری قەوام بینی.

حەکیم چ پێش و چ پاش کۆبوونەوەی مۆسکۆ هەوڵدەدات بەڵێنی زۆربەی ئەندامانی کابینەکەی و مەجلیسی ئێران بۆ پەسەندکردنی کۆمسیۆنی هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێران وەرگرێت. ژمارەیەک لە ئەندامانی کابینەکەی کە لایەنگری هاوبەندی دژی کۆمسیۆنی هاوبەش یان دژی قەوام دەبن، ڕادەگەیەنن: ئەگەر بە دەرکردنیشمان تەواو بێت نایەڵین ئەو بەڵگە تاوانە(گەڵاڵەی کۆمسیۆنی هاوبەش) پەسەند بکرێت. دکتور محەمەدی موسەدیق، ئەندامانی کۆمسێنی کاروباری دەرەوەی مەجلیسی ئێران کۆدەکاتەوەو هەڕەشە لە دەوڵەتی حەکیم دەکات کە بە بێ بڕیاری ئەو کۆمسێنەو مەجلیسی ئێران، دەوڵەت نابێ هیچ بڕیارێک بدات، و کابینەی حەکیم هەربڕیارێک لەم بارەیەوە بدات بایەخێکی نابێت. پاشان بەیانیەی موسەدیق لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەبێتەوەو جگە لە شەرمەزارکردنی دانەران و لایەنگرانی گەڵاڵەی ناوبراو، ڕادەگەیەتێت کە زۆربەی نوێنەرانی مەجلیسی ئێران دژی کۆبوونەوەی تاوتوێکردن و

بڕیاردان لە سەر ئەم گەلاڵەیەن. و سیاسەتی حەکیم شەرمەزارو داوای دەست لە کار کێشانەوەی دەکات. و دەڵێت هەرکەس ئەم بەڵگە تاوانە مۆربکات دەبێ سزا بدرێت. حەکیمیش مەنسورو بەهارو موءتمن الملک و موستشارو الدولە بانگی ماڵی خۆیدەکات تا ئەم گلاڵەیە پەسەند بکەن و هەوڵبدەن ئەندامانی کابینەو مەجلیسی ئێرانیش پەسەندی بکەن. بەلام ناوبراوان داوای دەست لە کارکێشانەوەی خۆیان دەکەن(بڕوانە چاپەمەنیەکانی ئێران بەتایبەتی کۆتایی ساڵی 1945 و سەرەتای 1946و کۆبوونەوەکانی مەجلیسی ئێران کە لەم نووسراوەدا لە ئارشیڤی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ڕوسیای فیدراڵی دەکەین. بەتایبەتی وتەکانی موسەدیق لە ڕۆژی 10/1/ 1946 بەرامبەر بە بیستی دەی 1324) .

پاش ئەوەی کە حەکیم لادەبرێت و بە هەوڵ و تەقەلای هەمەلایەنە قەوام دەهێنرێتە سەر حوکم. سۆڤیەت و تودەییەکان هاتنە سەر دەسەلاتی قەوامیان بەسەرکەوتنێکی گەورە دەزانی و هیواو خۆش باوەڕیەکی زۆریان پێ دەبێت کە داخوازیەکانیان لە ڕێگای ئەوەوە بێتە دی. قەوام دەستی ئینگلیسەکان لە ئێران کورتدەکاتەوە، بەلام ئەوەیان باش دەزانی کە قەوام زلهێزێکی تر واتە ئەمەریکای لەپشتە.(بڕوانە لێکۆڵینەوەی نووسەر لەم بارەیەوە کە لەسەر هەندێ بەڵگەو دیکومێنتی وەزارەتی ئەمەریکاو باڵوێزخانەی ئەمەریکا نووسراوە.).

قەوام لە 27/1/1947 کابینەی خۆی پێکدێنێت و یەک مانگ پاش ئەمە، بە بانگهێشتنی ڕێبەرایەتی سۆڤیەت دەچێتە موسکۆو لە 19ی یانوەریەوە تا 8ی مارت لەوێ دەمێنێتەو. و لە ئاستێکی بەرزدا میوانداری گەرمی لێدەکرێت و چەند جار ستالین و مولەتۆف دەبینێت و پەیمانی نەوتی نێوان ئێران و سۆڤیەت مۆردەکرێت وقەوام بەڵێنی چارەسەریی کێشەی ئازەربایجان و زۆر بەڵێنی تر ئەدات، و هەر بە گەڕانەوەشی بۆ ئێران دەست بەچالاکی دژی ئینگلیس دەکات و لە گەڵ نوێنەرانی ئازەربایجان دەکەوێتە وتووێژەوە و زۆر مانۆڕی تر کە بەدڵی سۆڤیەتیەکان دەبێت ئەنجامدەدات. بەلام سەرئەنجام نە نەوتەکە بە سۆڤیەت درا، نە کێشەی ئازەربایجان چارەسەر کرا، و نە ریفورم و بەڵێنەکانی تری بەجێهێنا. و جگە لەو تراژیدیایەی بەسەر گەلانی ئازەری و کوردی هێنا، ڕاوە تودەو ئانتی سۆڤێتیزم بوو بە سیاسەتی ڕەسمی دەوڵەتەکەی(وەنەبێ قەوام بۆ سۆڤیەت نەناسراو بووبێت، کە ڕابردوویەکی پڕ لە تاوانی بەرامبەر گەلانی ئێران و تەنانەت دژی سۆڤیەتیشی هەبوو) مەبەستی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر پێشنیازی گەلاڵەی کومسیونی هاوبەش بۆ کاروباری ئێران بوو کە هۆکاری جێبەجێ نەکردنی لە لایەن ئینگلیس و ئەمەریکاوە بە ڕواڵەت سۆڤیەت، و پاشانیش قەوام و کابینەکانی تری ئێران بوون. ئەگەر بەسەرچاوەکانی ئینگلیس باوەڕبکرێت بیرۆکەی ئەم گەلاڵەیە دەگەڕێتەوە ساڵی 1941 کە ئینگلیسەکان بۆ بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی هەندێ کێشەی ناوخۆی ئێران، پاش داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە ئامادەکرابوو. چونکە دەوڵەتی تاران کۆنترولی زۆربەی ناوچەکانی ئێرانی لە ژێر دەستدا نەمابوو. ئەو بیرۆکەیە وەک لە بەڵگەنامەکانی دوای داگیرکردنی ئێران و کۆبوونەوەی مۆسکۆدا هاتووە، بە گەلاڵە پێشنیازی وەزیری کاروباری دەرەوەی بەریتانیا، بوین ناسراوە.و دواتر بە بەگەلاڵەی کومسیونی هاوبەش سەبارەت بە ئێران ناوی دەرکرد. ئینگلیسەکان بۆیە دەستپێشخەری گەلاڵەیەکی ئەوتۆبوون، چونکە یەکەم لە سەردەمی شەڕ ئێران بۆ هاوپەیمانان گرنگیەکی تایبەتی و زۆری هەبوو کە پێویستی بەوەدەکرد بارودۆخی ئێران ئارام بێت، دەنا لایەنگرانی ئەڵمانیای نازی ئەتوانن کەڵک لە ناڕەزایی و نا هێمنایەتی ئێران وەربگرن. لە لایەکی ترەوە، ئێران ڕێگایەکی سەرەکی گواستنەوەی چەک و تەقەمەنی و خواردەمەنی و پێویستیەکانی شەڕ لە لایەن ئینگلیس و ئەمەریکاوە بۆ سۆڤیەت بوو. کە پێویست بوو ڕێگاکان هەر لە کەنداوی فارسەوە تا سەر سنووری سۆڤیەت ئارام بێت. لە لایەکی تر مەبەستی ئینگلیس پاراستنی کومپانیا نەوتەکەی خۆی لە باشووری ئێران و بەرژەوەندییەکانی تری لەم وڵاتەدابوو. سێهەم دەیانزانی کە سۆڤیەتیەکان وەک ڕابردوو، خەریکی دەستێوەردانی کاروباری ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی خۆیانن، کە مەترسی بۆ داهاتووی بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا لە ئێراندا بە دواوە دەبێت. ئیتر بەلایانەوە گرنگ نەبوو وەک چۆن ساڵی 1907 ئێرانیان بەسەر دوو ناوچەی ژێردەستی خۆیاندا بەشکرد، لە سەردەمی شەڕی جیهانی دووەمیش هەمان سیاسەتە کۆنەکە دووپاتکەنەوە. بەلام هاوپەیمانێکی تر واتە ئەمەریکای پێ زیادبووە کە دەبێ بەرژەوەندی ئەویش بپارێزرێت. بۆیە ئینگلیس بە باشی زانی لە جیاتی دابەشکردنی ئێران بەسەر دوو یان سێ بەشەوە، کۆمسیۆنێکی هاوبەش بۆ کۆنترۆڵکردنی تەواوی ئێران و کەمکردنەوەی دەسەلاتی ئێران(کە زۆر باوەڕیان پێی نەبوو) پێک بێت. سەرەڕای ئەمانەش ئینگلیسەکان دەیانویست بەم چەشنە پێش دەستدرێژی و جووڵانەوەی سەربەخۆی سۆڤیەت لە ئێران بگرن. هەر بۆیە تا کۆنفرانسی مۆسکۆ چەند جار لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران و ئەمەریکاییەکان باسی پێکهێنانی کومسیوێکی ئەوتۆ یان لانیکەم جێبەجێکردنی یاسای بنچینەیی ئێران سەبارەت بە شوراکان و هەروەها ئاڵوگۆڕ لە یاسای بنچینەیی ئێرانی کردبوو.

بە وتەی جەعفەری میهدی نیا دەوڵەتی ئەمەریکاش چەند ساڵ دوای شەڕ، واتە لە سەردەمی سەرۆک وەزیرانی ئێران ڕەزم ئارا، هەوڵی دا کە ئەم گەلاڵەیە بە شێوەیەکی تر لەلایەن مەجلیسی ئێرانەوە پەسەند بکرێت بەلام ئەمجارەش محەمەدی موسەدیق بوو بە کۆسپی پەسەندنەکردنی. ئەم پێشنیازەی ئەمەریکا لە لایەن قازیی بەناوبانگی ئەمەریکاوە، واتە داگلاسەوە بە ڕەزم ئارا پێشنیازدەکرێت (بڕوانە زندگی

سیاسی رِزم ئارا، نووسینی جعفر مهدی نینا- تهران 1363، ل 49).

فەخرەدینی عەزیمی دەنووسێت، کە سەرۆک وەزیران لەو سەردەمەدا دەستور بە ئوستانداروو فەرماندارەکانی ئێران ئەدات کە بۆ هەڵبژاردنی شوراکان خۆئامادەکەن(بڕوانە بحران دیموکراسی در ایران نویشته: فخرالدین عظیمی، ترجمة: عبدالرضا هوشنك مهدوی و بیژن نوذری، تهران 1372 ص141-140) واتە بەریتانیا هەر پاش کونفرانسی تاران بۆ پێکهێنانی ئەو کۆمسێنە هەوڵی داوەو تەنانەت بانگەوازی سۆڤیەت و ئێرانیشی کردووە کە لەم کۆمسیۆنەدا بەشداریی بکەن بەڵام سەرناگرێت و ئێران و سۆڤیەت دەکەونە یەک بەرەوەو دژی ئەو پێشنیازە رادەوەستن. هەرچۆنێک بێت ئێران بەیارمەتی سۆڤیەت توانی خۆی لە مەترسیەکی گەورە ڕزگاربکات و هەروەک سیناریۆی ڕووداوەکانی دواتری ئێران نیشانیاندا کێشەو گرفتە سەرەکیەکانی ئێران بە هۆی مانەوەی سوپای سۆڤیەت و کێشەی نەوتی تێوان ئێران و سۆڤیەت و شکاتی ئێران لە شورای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، ناردنی سوپا بۆ ئازەربایجان و کوردستان، بە مەبەستی گەڕاندنەوەی دەسەڵات بە بیانووی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی خولی پانزەهەمی مەجلیسی ئێران و شانتاژو پروفاکاسیای ئێران لەم بارەیەوە کێشەکانی ناوخۆی ئێران، واتە کێشەی دیموکراسی و هەوڵبژاردنی ئازاد و ئازادیی هێزە سیاسیەکان و دەوڵەتی هاوبەندو جێبەجێکردنی یاسای بنچینەیی ئێران و دانان بە مافی کولتوری گەلانی نافارسی ئێران و...هتد وەپشتگوێ خرا. کێشەو ململاتێی ئینگلیس و ئەمەریکا لە لایەک و سۆڤیەت لە لایەکی تر لەسەر ئاستی ئێران و جیهان باڵی بە سەر هەموو کێشەکانی ناوخۆی ئێراندا کێشا.

بەڵگەکانی کۆبونەوەی مۆسکۆ تێوان وەزیرانی دەرەوەی ئەمەریکاو ئینگلیزو سۆڤیەت **16-27/12/ 1945**پێش ئەوەی کۆبوونەوەی مۆسکۆ دەسپێبکات، بۆ ئامادەکردنی کاری کۆنفرانسەکەو ئەو پرسیارو کێشانەی کە دەبێ چارەسەر بکرێن، هەندێک نامەو پێشنیار لە لایەن وەزیران و باڵوێزانی سێ زلهێزی ئەمەریکاو ئینگلیس و سۆڤیەت، ئاڵوگۆڕ دەکرێن کە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین.گاری مەن ، باڵوێزی ئەمەریکا لە مۆسکۆ لە نامەیەکیدا ڕۆژی **7/12/ 1945** بۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی سۆڤیەت دەنوسێت:بەڕێز بیرنس (وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمەریکا) پێشنینادەکات، ئەم پرسیارانەی خوارەوە بخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوەی سێ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکاو ئینگلیس و سۆڤیەت لە کاتی چاوپێکەوتنەکەیان لە مۆسکۆ واتە:

1- لێکۆڵینەوەی پێشنیازی دروستکردنی کۆمسیۆنێکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ کێشەی کۆنترۆڵ لەسەر وزەی ناوکاکلی.

2- دەسپێکردنەوەی کاری شورای وەزیرانی کاروباری دەرەوەی سێ زلهێز و هەروەها دەستپێکردنەوەی کاری جێگرانی وەزیرانی دەرەوەی سێ زلهێز بۆ ئامادەکردنی پەیمانەکان لە کۆنفرانسەکانی تری ئاشتی.

3- دەسەڵاتی شورای سێ زلهێز، سەبارەت بە کۆمسیۆنی دالنی وەستۆک (ڕۆژهەڵاتی دوور) دیاری بکرێت.

4- ڕێکخستنی دەوڵەتی سەربەخۆی کۆریا.

5- چەککردنی هێزە چەکدارەکانی ژاپۆن لە باکوری چین و گواستنەوەیان بۆ ژاپۆن.

6- تەسلیمکردنی کۆنترۆڵی مینچوری بە دەوڵەتی نەتەوەیی چین.

7- بردنە دەرەوەی هێزەکانی ئەمەریکاو ئینگلیس و سۆڤیەت لە ئێران.

8- دیاریکردنی ئەو مەرجانەی کە دەبێ دەوڵەتانی ڕۆمانیاو بولگارستانی پێ بناسرێت.1

بەڕێز بیرنس هیوادارە تا چاوپێکەوتنی وەزیرانی کاروباری دەرەوەی سێ زلهێز لە مۆسکۆ موافەقەی هەمەلایەنە لە سەر کێشەکانی سەرەوە هەبێت و هەروەها داوادەکات پێشەکی لەو پێشنیارانەی یەکیەتی سۆڤیەت دەیەوێ لە کۆنفرانسەکە باسیان بکات ئاگاداربێت.2

لە گەڵ سڵاوم گاری مەن .ف . ئا

وەڵامی مولەتۆڤ، وەزیری کاروباری دەرەوەی سۆڤیەت، بۆ گاری مەن، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمەریکا. لە ڕێگای باڵوێزخانەی ئەمەریکاوە لە مۆسکۆ، لە 7/12/1945 :... لە گەڵ گەڵاڵە پێشنیازی بەڕێز بیرنس بۆ کۆنفرانسی وەزیرانی دەرەوەی سێ زلهێز لە مۆسکۆ ڕازیم و ئێمەش لە لایەن خۆمانەوە ئەم پێشنیازانە دەکەین:

پێشنیاز دەکرێت، دوای خاڵی 5 سەبارەت بە چەککردنی هێزەکانی ژاپۆن لە باکوری چین و گواستنەوەیان بۆ ژاپۆن، ئەم دوو پرسیارەشی لێ زیادبکرێت: یەکەم، سەبارەت بە دەرچوونی هێزەکانی ئەمەریکا لە چین و دووەم، دەرچوونی هێزەکانی بەریتانیا لە یونان.3

جگە لەمە دەوڵەتی سۆڤیەت پێشنیازدەکات کە خاڵی یەکەمی گەڵاڵەکە بخرێتە دووایین خاڵی کاری ڕۆژانەی کونفرانسەکەوە.4

لەگەڵ سڵاو مولەتوف. ف. م.

لەم دوو نامەدا وەک دەردەکەوێت سوڤیەت کێشەی کونفرانسەکە بەرەو ئاڵۆزی دەبات و دیارە کە نایەوێت هێزەکانی خۆی لە ئێران بباتە دەرێ. کە بە پێی پەیمان و هەروەها بە پێی گەڵاڵەی پێشنیازکراوی گاری مەن، دەبێ هەرسێ زلهێز، هێزەکانی خۆیان لە ئێران بەرنە دەرێ و نوێنەرانی سۆڤیەت دەزانن کە مەبەستی ئینگلیس و ئەمەریکا، تەنیا بردنەدەرەوەی هێزەکانی سۆڤیەت نیە لەو وڵاتە، بەڵکو خۆشیان دەبێ ئەو کارە ئەنجام بدەن، چونکە

پێشتر هەرسێ زلهێز لەم بارەیەوە پەیمانیان مۆرکردبوو. بەڵام پەیماتێکی ئەوتۆ لەسەر یۆنان و چین لە ئێوانیاندا نەبوو. واتە سۆڤیەت دەرچوونی هێزەکانی خۆی لە ئێران بە دەرچوونی هێزەکانی ئەمەریکاو بەریتانیا لە چین و یونان دەبەستێتەوە. ئەمەش هەروەک چۆن ئەمەریکاو ئینگلیس داوای دەرچوونی هێزەکانی سۆڤیەتیان (لەوسەردەمەدا) لە تەواوی وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات دەکرد.

با پێش رووداوەکان نەکەوین و بزانین هەڵوێستی رۆژئاوا لە سەر پێشنیازەکانی سۆڤیەت بۆ کونفرانسەکە چیەو رووداوەکان بەرەو کوێ دەچن.

باڵوێزی ئینگلیس لە موسکو، ئارچی بالدکلارک کیبر لە 11 /12/1945 لە نامەیەکدا بۆ مولەتوف دەنووسێت:

مولەتوفی بەرێز، بوین نوێنەری ئینگلیس لە گەڵ گەلاڵەی بەرێز بیرنس(ئەمەریکا) رازیە. بەڵام ئەو هیچ هۆیەکی پێویست بۆ لێکۆڵینەوەی پرسیاری دووەم ، واتە باسکردنی کێشەی دەرچوونی هێزەکانی ئینگلیس لە یونان، لە کونفرانسەکەدا نابینێت.

لە گەڵ سلاوم ئارچی بالدکلارک کیبر.

پاشان نوێنەری ئەمەریکا لە پێشنیارێکی نارەسمیدا دەڵێت کە، با کونفرانسی موسکۆ کێشەی دەرچوونی تەواوی هێزی هاوپەیمانەکان لە هەموو وڵاتانی سەربەخۆ (جگە لە ئاڵمان و ژاپۆن) تاوتوێ بکات. بەڵام مولەتوف ئەم پێشنیازەش پەسەند ناکات و دەڵێت کە هەبوون یان مانەوەی هێزەکانی ئێمە لە هەندێ وڵات بە پێی پەیمان یان لە سەر داخوازی ئەو دەوڵەتانە لە گەڵ ئێمەیە. دیارە مەبەستی مولەتۆڤ مانەوەی هێزەکانیانە لە تەواوی ئەوروپای رۆژهەڵات و ئێران و.. هتد. کە نایانەوێ چۆڵیان بکەن. پاشان مولەتوف لە نامەیەکی تردا لە رۆژی 13/12/1945 بۆ باڵوێزی ئینگلیس لە موسکو دەنوسێت کە بیروڕای ئێمە لە سەر یونان و باسکردنی ئەو کێشەیە لە کۆنفرانسی مۆسکۆ پێویستە. چونکە هەبوونی هێزەکانی ئینگلیس لەم وڵاتە رەنگدانەوەیەکی خراپی لەسەر بارودۆخی ناوخۆی یونان دادەنێت. کە لە ئەنجامدا یونان ناتوانێت لەو بارودۆخە ئاڵۆزە بێتە دەرێ و دەوڵەتی ئێستای یونان (کە سەر بە ئینگلیسە-هەورامی) کۆسپی سەر رێگای دیموکراتیزە بوونی ئەم وڵاتەیە.6

لە کونفرانسی موسکودا جگە لە کێشە سەرەکیەکان، واتە کێشەکانی پەیمانی ئاشتی لە گەڵ ئیتالیا و رومانیا و بوڵگارستان و مەجارستان و فینلەند، لەوانەیە کێشەی ئێران و کوریاو ئەندەنوزیاش بێتە کایەوە هەربۆیە مولەتوف خۆئامادەکردنی دەستەی نوێنەرایەتی سۆڤیەت بۆ کونفرانسی مۆسکۆ سەبارەت بە کێشەی ئێران، دەخاتە ئەستۆی سیلین کە لەم بارەوە زانیاری و هەڵوێستی سۆڤیەت ئامادەبکات و هەروەها لە سەر رووداوەکانی باکوری ئێران (ئازەربایجان و کوردستان- هەورامی) و دەرچوونی هێزی هاوپەیمانان لە ئێران لە 1/12/1945 بە هاورێ سیلین دەستوردرابوو. کە لەم بارەیەوە گەلاڵەیەک ئامادە بکات7

با بزانین وتو وێژە رەسمیەکانی وەزیرانی دەرەوەی ئەمەریکاو ئینگلیس و سۆڤیەت کە لە ئەرشیفی سکرتاریەت و یاداشتەکانی رۆژانەی مۆلەتۆڤدا دەربارەی کۆنفرانسەکە تۆمارکراون چیەو چۆن باسدەکات.

... بۆ کۆریا پێشنیازی دروسکردنی دەوڵەتێکی دیموکراسی کاتی کرا و جگە لە دروستکردنی دەوڵەتێکی کاتی بڕیاردرا کومسیۆنێکی هاوبەش کە فەرماندەکانی هێزی ئەمەریکا جێگیر لە باشوری کۆریاو فەرماندەی هێزەکانی سۆڤیەت جێگیر لە باکوری ئەو وڵاتە پێک بێت. کە ئەم کۆمسیونە دەبێ لەگەڵ هێزە سیاسی و دیموکرات و کۆمەڵایەتیەکانی کۆریادا، لە کاروباری خۆیدا راوێژ بکات. ئەم کۆمسیۆنە دەبێ بیروڕاو پێشنیازەکانی خۆیان ئاراستەی ئەمەریکاو سوڤیەت بکەن و پاش پەسەند کردنیان لە لایەن ئەمەریکاو سۆڤیەتەوە بدرێنە دەوڵەتانی ئینگلستان و چینیش 8

لە دەفتەری رۆژانەی مولەتۆڤ: موسکو

رۆژی 18/12/1945 لە کاتی پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بەرێز بوین، کە ویشنسکی (جێگری وەزیری کاروباری دەرەوەی سۆڤیەت) و باڵوێزی ئینگلستان لە مۆسکۆ، کیبر بەشداربوون. بوین دەڵێت کە دەیەوێ لە سەر کێشەی یونان لە گەڵ مولەتۆڤ بدوێت دەخوازێ بزانێت بۆچی ئەو لە لەندەن کێشەوی یونانی هێنایە کایەوە.و دەڵێت: من لە لەندەن وابیرم دەکردەوە کە مولەتۆڤ کێشەی یونانی داوەتە دەست ئینگلستان. مولەتوف دەڵێت کە رووداوەکانی یونان لە ئاڵۆزیدان. و یونان لەو قەیرانە دەوڵەتیەی تێیکەوتووە رزگاری نابێت.و ئەم قەیرانە لە وڵاتانی تر نیە. بوین دەڵێت کە بارودۆخی وڵاتانی تر جیاوازە لە یونان. یونان لە لایەن ئاڵمان و ئیتالیاوە دەستدرێژی کراوەتەسەر. کە لە ئەنجامی هێرشەکەیان بۆ سەر یونان بوو تەواوی دامەدەزگاکانی بە تایبەتی سوپاو پۆلیسی ئەم وڵاتە لەناوچوون.

مولەتۆڤ: لەمێژە ئەڵمانی و ئیتالی لە یونان نەماون.

بوین دەڵێت: ئەو دەتوانێت یەکێک لەم دووخاڵەی خوارەوە هەڵبژێرێت: یونان یان وەک رژێمێکی دیکتاتۆری بناسرێت و دژی خەبات بکرێت. و یانیش ناچاربکرێت رێگایەکی دیموکراسیانە هەڵبژێرێت. کەئەم رێگایەی دوایی بە بۆچوونی من باشترین رێگای چارەسەریی یان ئەڵتەرناتیڤی کێشەی یونانە.

لەبەرئەوە مەترسی و هەرەشەی گەورە بۆسەر یونان لەسەرەتادا لەلایەن هێزە چەپەکانەوە دەکرا.و ئەم مەترسی و هەرەشەیە بەرەبەرە یونانی گەیاندە شەری ناوخۆ. ئێستاش ئەم مەترسیە لە لایەن هێزە راستڕەوەکانەوە دێت. بوین هەوڵی زۆری دا لە یوناندا هەڵبژاردنێکی راستەقینەو ئازاد ئەنجامبدرێت. و کاتێک دەوڵەتێکی دیموکراتیک و بە هێز بێتە سەر دەسەلات هێزەکانی بەریتانیا ئیتر لەوێ نامێننەوە.

مولەتوف: ئێستا خەڵکێکی زۆر لە لەندەن بەرامبەر بەو بارودۆخەی یونان ناڕازین و هەروا لەسەر ئاستی دەوڵەتیش سەرکوتکردنی هێزەدیموکراتەکانی یونان کە دژی ئاڵمان شەڕیان کردووە بەردەوامەو خەڵکی یونان ئەم قسانەدەکەن.
بوین: ئەم زانیاریانەی ئێوە زۆر ڕاست نین. ئەگەر لەم بارەیەوە شتێکیش هەبێت هێزەکانی ئینگلستان بەشدارنین. پەرەشیان پێنادەن.
مولەتوف: هەرچۆنێک بێت، یونانیەکان خاوەنی یونان نین .
بوین: ئەی کێ خاوەنی یونانە؟
مولەتۆف: ئینگلیسەکان خاوەنی یونانن.
بوین: هەروەک ڕوسەکان کە لە بوڵگارستان خۆیان بە خاوەن ماڵ دەزانن .
مۆلەتۆف: لە بوڵگارستان هەڵبژاردن کرا. دەوڵەتی سۆڤیەت دان بەوەدا دەنێت کە لە بوڵگارستان نفوزێکی لاوازی نیە. ڕوسیا دووجار، لە دەرکردنی بێگانەکان لە بوڵگاریا یارمەتی ئەم دەوڵەتەی داوە. دەبێ ئەم خاڵەش لەپێش چاو بگیرێت کە یونان ئەندامی هاوپەیمانیەکی دژی هێتلەری بووە. بەڵام بوڵگارستان ئەندام نەبووە. هەبوونی ئێمە لەوێ بە پێی پەیمانێکە ئینگلیس و ئەمەریکاش ئیمزایان کردووەو بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی لەم وڵاتەیە. (لێرەدا بۆ ئەوەی خوێنەران لە درێژەی وتووێژی کونفرانسی موسکو دانەبڕێن ئاماژە بە چەندخاڵ دەکەین. لەمانە قەیرانی دەوڵەتی ئێران کە لە سەردەمی شەڕ 6جار دەوڵەت گۆڕا گەڵێک لە یونان قوڵترو ئاڵۆزتر بوو. و دەوڵەتی شا لە ڕووی دیکتاتۆری و دواکەوتووییەوە لە گەڵ یونان هەر بەراورد ناکرێت. کە سۆڤیەت دەیتوانی وەک چۆن دەڵێ ئێمە لە بوڵگارستان نفوزو بەرژەوەندیمان هەیە، بۆ ئێرانیش هەمان شت و بە تایبەتی بیگوتایە کە بزووتنەوەکانی ئازەربایجان و کوردستان دۆستی ئەوانن. یان پێشنیازی هەڵبژاردنێکی گشتی لە ژێر چاودێری هەرسێ زلهێز بکردایە. یان لانی کەم داوای گەرەنتی چارەسەری ئەم دوو کێشەیەی ئازەربایجان و کوردستانی بکردایە. جگە لەمانە ڕوسیا چەند جار یارمەتی ڕژێمی ئێرانی لە دەرکردنی بێگانە داوەو هاوسنووری سۆڤیەت و پەیمانیان لە گەڵیدا هەبوو...هتد.
سۆڤیەت باسی ئاڵۆزی بارودۆخ و شەڕی ناوخۆی یونان دەکات. خۆ شەڕی ناوخۆ لە ئێران پێش و لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا لە کوردستان و باشووری ئێران و ئینجا ئازەربایجان و ناوچەکانی تر هەربەردەوام بوو. و گەلانی بێ مافی ئێران هەر لە ڕاپەڕین دژی ڕژێمی تاران و لە سەرهەڵداندابوون. و هەر ئەم گەلانەبوون دژی ڕەزاشای سەر بە ئەڵمانیای نازی پێشوازیان لە هێزەکانی هاوپەیمان کردو پشتی ڕەزاشایان نەگرت کە دژی هاوپەیمانان شەڕبکەن. و هەر ئەو گەلانەی ئێران بە تایبەتی گەلی کورد کە خاک و خەڵکەکەی لە خزمەتی هاوپەیمانانی دژی هیتلەربوون و بەشێکی زۆر لە دەغڵ و دان و بەرهەمی ئاژەڵداری خۆیان دابووە هێزەکانی ئینگلیس و ئەمەریکا. یان هەر لەلایەن ئەوانە دەستی بەسەردا گیرابوو، و لە ئەنجامدا خەڵکی تووشی برسیەتی و قات وقڕو مردنی بە کۆمەڵ بوونەوە.)
دەگەڕێینەوە بۆ کونفرانسی مۆسکۆ.
بوین: هێزەکانی ئینگلیس بە پێی پەیمانێک لە گەڵ دەوڵەتی یوناندا لەو وڵاتەن.
مولەتوف: لە یونان دەکرێ بڵێین ڕۆژانە دەوڵەت دەگۆڕدرێت. لە گەڵ کام دەوڵەتی یونان ئینگلیس پەیمانی بەستووە؟ جگە لەمەش ئەو پەیمانەی ئێوە باسی دەکەن لە چاپەمەنیەکاندا بڵاو نەکراوەتەوە. هەروا پەیمانی فارکیز کە لە نێوان پارتی دیموکراتی یونان بە سەرۆکایەتی بەریتانیاو بێ بەشداری دەوڵەتی سۆڤیەت هێشتا جێبەجێنەکراوە.
بوین: پەیمانی فارکیز دەبێ ئاڵوگۆڕی تێدابکرێت و پاشای یونان دەبێ بگەڕێتەوەو پاشان هەڵبژاردن بکرێت.
مولەتوف: ئەی بۆ هێزە دیموکراتەکان لە دەوڵەتی ئێستای یوناندا بەشداری ناکەن؟
بوین: نفوزی ئێمە لە یونان زۆرە. بەڵام با بەڕێز مولەتۆف بزانێت کە من دەستور بە یونانیەکان نادەم کام لە حزبەکان لە دەوڵەت بەشداری بکەن و هەڵبژاردن بکرێت.
مولەتوف: دەبێ دەوڵەتێکی دیموکراتیک بێتەسەر کار.
بوین: من دەمەوێ لە مانگی مارت لە یونان هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت. بەڵام یونانیەکان بۆ خۆیان دەخوازن لە ئاپریلدا بەڕێوە بچێت.
مولەتوف: کامە دەوڵەت هەڵبژاردن بەڕێوەدەبات؟ زۆربەی یونانیەکان باوەڕیان بە دەوڵەتی ئێستای ئەو وڵاتە نیە.
بوین: ئەم شتە تەواوی وڵاتانی بالکان دەگرێتەوە.
مولەتوف: وڵاتانی بالکان دژی هاوپەیمانان شەڕیان کرد، لە کاتێکدا یونان ئەندامی هاوپەیمانان بوو.
بوین: پێشنیازدەکەم کە هێزەکان لە ئوتریش کەم بکرێنەوە.
(هەروا بوین داوای کرد هێزەکان لە بەڵگارستان و پۆلەندا دەربچن. و دەیەوێ کێشەی ئێرانیش وەبیربێنێتەوەو باسی دەرچوونی هێزەکانی هاوپەیمانان لە ئێران دەکات و دەڵێ کە ئینگلیسەکان تەنیا شەش هەزار نەفەر هێزی سوپاییان ماوە کە لە باشوری ئێرانن. بەڵام بە پێی ئەو زانیاریانەی دەوڵەتی بەریتانیا هەیەتی ژمارەی هێزەکانی سۆڤیەت لە باکوری ئێران دەگاتە سی (30) هەزار نەفەر. بوین دەیەوێ سەبارەت بە ئێران لە گەڵ مولەتۆفدا ئاڵوگۆڕی بیروڕابکات. لە بەر ئەوە لە جیهاندا هەندێ ناوچە هەن کە یەکیەتی سۆڤیەت و بەریتانیا لەوێدا هاوسێی بەرژەوەندی یەکترن. ئەمەش وەک یونان، تورکیا، و ئێران. کە ناخوازێ لەو ناوچانەدا شەڕو تێکهەڵچوون نێوان سۆڤیەت و ئینگلیس دروست ببن. و بۆیە دەیەوێ کێشەو گرفت نەیەنە ئاراوە. بۆیە دەڵێت کە ئێران یەک لەو وڵاتانەیە کە پێویستە هوشیارانەو بە بەرپرسیارێتیەکی تایبەتەوە ڕەفتاری لە گەڵدا بکرێت.
مولەتۆف سەبارەت بە ئەندەنوزیا لە بوین پرسیاردەکات و بوین لە وەڵامدا دەڵێت: کێشەی ئێمەو ئەندەنوزیا زۆر سادەیە. کاتێک هۆڵەندا دژی ژاپۆن شەڕی ڕاگەیاند، ژاپۆن

ئەو وڵاتەی داگیرکرد. ئەمە لە کاتێکدا هۆڵەندا خاوەنی ئەندەنوزیابوو. هەربۆیە دوو ئەرک لەسەر شانی ئینگلیس بوو: یەکەم، خۆبەدەستەوەدانی ژاپۆن. دووەم ، چەسپاندنی دیموکراسی و هێنانەسەرکاری دەوڵەتێکی مەدەنی لەم وڵاتەدا. دەوڵەتی ئینگلیس چەندهەزار دیلی نیزامی و 30 هەزار نەفەر ڕاگیراوی لەوێ هەیە و ئەوروپاییش لە ناویاندا هەن. و بەڵام هەرچۆنێک بێت دەوڵەتی ئینگلیس ناخوازێ تا سەر لەوێ بمێنێتەوە. سەبارەت بە هیندیش بڕیارە لە مانگی مارت هەڵبژاردن بکرێت.

مولەتوف: مانەوەی ئێمە لە پۆلەندا لە بەر ڕێکخستن و گەیاندنی تفاق و خواردەمەنی و یارمەتی هێزەکانمانە لە ئاڵمان. لە لایەکی ترەوە ئێمە لە بەشێکی پۆلەندا کە پێشتر سەر بە ئاڵمان بووە هێزمان هێشتۆتەوەو دوای شەڕ داومانەتەوە بە پۆلەندا. ئێمە هێزەکانی خۆمان بە دەستپێشخەری خۆمان بردە دەرەوە. بەڵام سەبارەت بەو هێزانەی لە بولگارستان و ڕومانیا هێشتومانەنەوە. لە لەندەن لەگەڵ وەزیرانی کاروباری دەرەوەی ئەمەریکاو ئینگلیس بڕیارمان دا کە هێزەکانی سۆڤیەت بۆ دابینکردن و پاراستنی ڕێگاوبانەکان لە ڕۆمانیاوە بۆ ئوتریش، بمێننەوەو بڕیارە سێ لایەنەی لەسەربوو. سەبارەت بە هێنانەدەرەوەی هێزەکانیشمان لە ئێران دوو جار لە لەندەن و بەرلین ئەم کێشەیە باسکراوەو لە هەردوو جێگادا بڕیاردرا کە پەیمانی سێ لایەنەی ئینگلیس و سۆڤیەت و ئێران ڕەچاوبکرێت . هەر بۆیە دەوڵەتی سۆڤیەت بەم پەیمانە وەفادارەو بە پێویستی نازانێت دیسانەوە ئەم کێشەیە باسبکرێتەوە. بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بە ڕووداوەکانی باکوری ئێرانەوە هەیە ئەوەیە کە ئەم چەشنەڕووداوانە لە بارو دۆخەکانی دوای شەڕدا شتێکی ئاساییە.(ئاشکرایە ئەگەر ئەم بزووتنەوەیە ناوەرۆکێکی دژی سۆڤیەتی هەبوایە دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەت نەیدەتوانی بەرامبەری بێلایەن و تەماشاگەر بێت. ئاخر باکۆ هێندە لەو ناوچەیە دوور نیە). گەرچی ڕووداوەکان لە ناوچە سنووریەکانی ئێمەوە نزیکن بەڵام دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەت دەستی لە کاروباری ئەوان وەرنەداوەو لە داهاتووشدا کارێکی وا ناکات و بە کاروباری ناوخۆی ئێرانی دەزانێت.

لە درێژەی وتو وێژەکاندا باسی هەبوونی هێزەکانی سوڤیەت لە ئوتریش دەکرێت. هەروەها مولەتوف دەڵێت کە لە ئێران و بولگارستان و مەجارستان و فینلەندە هەڵبژاردن کراوەو سۆڤیەت دەستی لە کارو باری ئەم وڵاتانە وەرنەداوە، گەرچی ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنانە جیاوازبوون. بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بە هیندەوە هەیە دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەت دەزانێت کە ئەم وڵاتە گرنگیەکی زۆری بۆ ئینگلیسەکان هەیەو ئەوەبوو ئێمە لە سەردەمی شەڕ زۆر بە ئیحتیاتەوە لە گەڵ ئەم کێشەیە دەجولاینەوە.

بوین: هێند بۆ ئێمە گرنگیەکی ژیانیی هەیە. دەبێ ئەمەش بگوترێت و لە بەر چاو بگیرێت کە ئیمپراتوریای بەریتانی جێگایەکی هەستیاری لە ڕۆژهەڵاتدا هەیە، بۆیە نابێ ئێوان یەکیەتی سۆڤیەت و ئینگلیس هەنگاوی نابەجێ و نا عەقڵانی هەڵبگیرێت.

مولەتۆف: سەبارەت بەو دەوڵەتانەی لە ژێر پشتیوانی ئیمپراتوریای بەریتانی و هاوسنووری یەکیەتی سۆڤیەتن، بەداخەوە دەبێ بڵێم لە هەندێ شوێن و کاتدا، هەڵوێست و بەرژەوەندی یەکیەتی سۆڤیەت لە بەرچاوناگیرێت.

بوین: مەبەستی بەڕێز مولەتۆڤ کام دەوڵەتەیە؟

مولەتۆڤ: بۆ وێنە ڕۆمانیا، کە هێرشی کردە سەرمان. هێشتا هەر لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمێکی داگیرکەردا دەژی. و هێشتا پەیمانی ئاشتی مۆرنەکراوەو یەکیەتی سۆڤیەت ناتوانێ ڕژێمێکی وا کە دەوڵەتەکەی دژیەتی تەحەمول بکات. ئەویش دەوڵەتێک کە تەنانەت گەلەکەی خۆی پشتیوانی لێ ناکات. بەڵام کاتێک لە ڕۆمانیا دەوڵەتێک دامەزراو لەلایەن گەلی ڕۆمانیاوە پشتیوانی لێکرا، بەریتانیا تێگەتیڤانە بەرەوڕووی بۆوە. 9

لە کۆبوونەوەکەدا باسی کێشەی چینیش دەکرێت. کە ئەمەریکا هێشستا هێزەکانی خۆی لە باکوری چین، بۆ یارمەتیدانی دەوڵەتی چین و سەقامگیرکردنی هێمنایەتی و هەروەها دەرکردنی ژاپۆنیەکان لە باکوری چین و تەسلیم کردنی ژاپۆن هێشتۆتەوەو بە قسەی نوێنەری ئەمەریکا نزیکەی 325 هەزار سەربازی ژاپۆنی لەوێ بوون. هەروا سیاسەتی ئەمەریکا سەرباەرت بەچین کە لە لایەن کۆشکی سپیەوە لە 15/12/1945 ڕاگەیەنرابوو. بەم چەشنەیە کە ئەمەریکا دەیەوێ شەڕی ئێوان دوو هێزی لەشکری چین و لەشکری کومونیستی کۆتایی پێ بێت. هەروا داوای بەشداری پارتە سیاسیەکانی چین لە دەوڵەتی چین دەکات ە داوای هەڵوەشاندنەوەی سوپای کومونیستیش دەکات.

لە 25/12/1945 هەم نوێنەری سۆڤیەت مولەتوف و هەم نوێنەری ئەمەریکا بیرنس لە کونفرانسی موسکو ڕادەگەیەنن کە هێشتنەوەی هێزەکانی خۆیان لە چین لەسەر درخوازی دەوڵەتی چین بووە.

لە پێنجەمین کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی ئینگلیس و ئەمەریکاو سۆڤیەت لە 20/12/1945 وەزیری دەورەوەی ئەمەریکا گەلاڵەیەک ئاراستەی مولەتۆڤ و بوین دەکات کە بەو چەشنەیە:

1- سێ زلهێز، پێشنیازی سەر لە نوێ ڕێکخشستنەوەی دەوڵەتی بولگاریا بکەن و ئەم دەوڵەتە نوێیەش لە لایەن هەرسێ دەوڵەتی زلهێزەوە بە ڕەسمی بناسرێت و ڕێگای پێ بدرێت لە کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشداری بکات و ئەو دەوڵەتە دەبێ لە گەڵ ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و نوێنەرانی سیاسی و نیزامی بولگارستان و نوێنەری سێ دەوڵەتی زلهێز پێکەوە و تەنانەت کۆمونیستەکانیش ڕاوێژکاری بکات.

2- له ماوەی شەش مانگدا هەڵبژاردنی ئازاد بەڕێوە بچێت.

3- پەرلەمانی ئێستای بولگارستان دەبێ له یاساداناندا سنووردار بکرێت.

4- لێبووردنی گشتی له بولگارستان ڕابگەیەنرێ .

(دەبا پێشنیزێکی ئاوا بۆ ئێرانیش کرابایه)، شیاوی باسه که هەر له 1/20 گەلاڵەیەکی تری نوێنەری ئەمەریکا بۆ کێشەی ڕۆمانیش پێشکەش مولەتۆف و بوین دەکرێت.

هەروەک له 1945/12/1 دەستور بە هاوڕێیان سیلین و سیچیف درابوو که گەلاڵەیەک سەبارەت بە کێشەی ئێران بۆ کونفرانسی سێ زلهێز ئامادە بکرێت، دیارە دەوڵەتی سۆڤیەت پێش کونفرانسی موسکۆ دەزانن که وەزیرانی دەرەوەی ئەمەریکاو ئینگلیس کێشەی ئێرانە باسدەکەن. که سۆڤیەت شتێکی وا ناخوازێت. بەڵام ئەگەر هاتوو کێشەی ناوبراو باسکرا ئەوە سۆڤیەت پێشەکی گەلاڵەیەک له سەر دووتەوەر ئامادە دەکات که بەم جۆرەیە: یەکەم، له سەر ڕووداوەکانی ئازەربایجان و کوردستان که بە ڕووداوەکانی باکوری ئێران ناودەبرێت. و دووەم، سەبارەت بە دەرچوونی هێزی هاوپەیمانان له ئێران.

1- له سەر ڕووداوەکانی باکوری ئێران. یەکیەتی سۆڤیەت پێیوایە ڕووداوەکانی باکوری ئێران کێشەیەکی ناوخۆی ئێرانەو وەزارەتی دەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەت بە له بەر چاوگرتنی ئەم دیدە هیچ بنەمایەک بۆ دەستێوەردانی دەوڵەتانی بێگانە له کارو باری ئەم وڵاتەدا نابینێت .11

2- سەبارەت بە دەرچوونی هێزی هاوپەیمانەکان له ئێران، بە لەبەرچاوگرتنی پەیمانی ئینگلیس- سۆڤیەت- ئێران. سەبارەت بە دەرچوونی هێزی هاوپەیمانان له ئێران ، دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەت بە پێویستی نازانێت لەم بارەیەوە بڕیارێکی نوێ بدرێت.12

## ڕوونوسێک له یاسای بنچینەیی ئێران که له لایەن مەجلیسی ئێرانەوە له 1906/12/31 پەسەندکراوە

سە بارەت بە شوراکانی ئەیالەتی(هەرێمی) و وەلایەتی (ناوچەیی)

**مادەی 90** بە پێی یاساکانی تایبەتی دەوڵەت. له هەموو وڵاتدا شوراکانی هەرێمی و ناوچەیی دادەمەزرێت.

**مادەی91** ئەندامانی شوراکانی هەرێمی و ناوچەیی دەبێ ڕاستەو خۆ بە پێی یاساکانی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن له لایەن دانیشتوانەوە هەڵبژێردرێن.

**مادەی 92** شوراکانی هەرێمی و ناوچەیی مافی تەواوی کونترۆڵکردنی هەموو کاروباری دەزگاکانی دەوڵەت، سەبارەت بە بەرژەوەندی دانیشتوانی ناوچەکانیان هەیە، بە مەرجێک پێچەوانەی یاساکانی تری دەوڵەت نەبن.

**مادەی 93** تەواوی داهات و خەرجی هەرێم و ناوچەکان له لایەن شوراکانیانەوە دیاری و پەسەند دەکرێن.

پێشکەشکردنی ئەم چوارمادەی یاسای بنچینەیی ئێران بۆ کۆنفرانسی وەزیرانی دەرەوەی ئینگلیس و ئەمەریکاو سۆڤیەت، بایەخێکی گرنگی هەبوو که سەرەڕای تێپەڕبوونی چل ساڵ بەسەر دەرکردنی ئەم یاسایەدا کەچی هێشتا جێبەجێ نەکرابوو. یاسای بنچینەیی ئێران که له ساڵی 1906 پەسەند کرابوو ئەنجامی خەباتێکی دوورودرێژو قوربانیداتێکی زۆری گەلانی ئێران بوو که ڕژێمی ئەو سەردەمەی ئێرانیان ناچارکرد مل بۆ داخوازیەکانی گەلانی ئێران بدات، له لایەکی ترەوە ئاراستە کردنی ئەم مادانە بۆ کۆمسیونی سێ لایەنە(ئینگلیس و ئەمەریکاو سۆڤیەت)بوو که بڕیار بوو له کونفرانسی موسکۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەلانی ئێران بە پێی یاسای بنچینەیی ئێران کۆمسیۆنەکە پێک بێت بەلام له سایەی سۆڤیەتەوە پەسەند نەکراو ڕێکخستنی کومسیونەکەش سەرینەگرت.

ئەم چوار مادەیە بە پێی یاسای ئێران گەورەترین فاکتەرێک بوون. که یاسای ئێران نەیدەتوانی له جێبەجێکردنیان سەربزێوی بکات. ئەمە بە پێچەوانەی وتە بێ بناخەکانی مولەتۆف، هیچ دەستێوەرداتێک له کارو باری ناوخۆی ئێران نەبوو. دیارە ئەگەر هاتباو ئەرک و مافی شوراکانی هەرێمی و ناوچەیی و هەروا یاساکانی هەڵبژاردن جێبەجێ کرابان گەلێک داخوازی کێشەکانی گەلانی ئێران چارەسەردەبوون. بۆ گەلی کوردیش جگە له بواری بەکارهێنان و فێربونی زمانی کوەردی له قوتابخانەو فێرگەکاندا، بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی دەوڵەتیش دەکەوتنە دەست نوێنەرانی گەلی کوردو دەسەلاتی ناوەندیش تا ڕادەیەکی زۆر له کوردستاندا سنووردارەدەبوو. له ڕووی ئابووریشەوە زۆربەی داهاتەکانی کوردستان بۆ دانیشتوانی کوردو ئاوەدانکردنەوەو پێشخستنی ناوچە کوردیەکان تەرخاندەکرا.

## گەلاڵەی پێشنیازکراو سەبارەت دەسەلات و ئەرکەکانی کومسیونی هاوبەشی سێ لایەنە بۆ کێشەی ئێران

لەلایەن بوین وەزیری کاروباری دەرەوەی بەریتانیا بۆ بەڕێزان مولەتوف وەزیری دەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەت و بیرنسی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمەریکا (نۆهەمین دانیشتنی کۆبوونەوەی مۆسکۆ 1945/12/23).

1- کومسیون له کارو باری خۆیدا ئەو فاکتەی له بەر چاوبێت که له ماوەی مانەوەی هێزەکانی هاپەیمان له ئێران. ئابووری و دامودەزگاکانی ئەم وڵاتە توشی زیان بوون و پەیوەندی ئێوان دەوڵەتی ناوەندی و دانیشتوانی هەندێک له هەرێمەکانی ئەم وڵاتە تووشی گیرو گرفت بوون . سێ دەوڵەت دان بەمەدا دەنێن که لەم بارەیەوە هە ندێک بەرپرسیارن. بۆیە دەبێ هەوڵی یارمەتی بە

دەوڵەتی ئێران بدرێت، تا هەلومەرجێکی لەبار بۆ ڕازیکردنی تەواوی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و هەروەها پەیوەندی دۆستانەی ئێران لە گەڵ وڵاتانی تر بڕەخسێت.

2- بە مەبەستی دابەشنەبوونی دەوڵەتی ئێران و هەروا نەهێشتنی هۆکانی ئاڵۆزی وکێشەکانی ئێونەتەوەیی کومسیون دەبێ خەریکی ئاسانکردنی کێشەی دەرچوونی هێزی هاوپەیمانان لە ئێران لە ماوەیەکی کورتداو کومسیون لەم بارەیەوە پێشنیازو ئامۆژگاریەکانی خۆی بداتە سێ دەوڵەتی زلهێز.

3- کومسیون دەبێ ئەم خاڵانەی لەبەر چاو بێت A: ئەو بەڵێن و پەیمانەی بەریتانیاو سۆڤیەت لە پەیمانی 1942 سەبارەت بە ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی سیاسی، سەروەری تەواوی خاکی ئێرانی لە بەر چاو بێت.B: بەیانیەی هاوبەشی سەرۆک کۆمار، ڕوزفلت و ژەنرال ستالین و بەڕێز چرچل لە کاتی کونفرانسی تاران سەبارەت بە ئێران داویانە.

4- کومسیونی هاوبەشی سێ لایەنە دەبێ بۆ پێکهێنان و ئاشتکردنەوەی دەوڵەتی ناوەندی و هەندێ ناوچەی ئەو وڵاتە کە گیرەو کێشەیان بۆ دروستبووە هەوڵبدات. دەبێ ئامۆژگاری و یارمەتی خۆیان بە دەوڵەتی ئێران بۆ پێکهێنانی شورای هەرێمەکان بە پێی یاسای بنچینەیی ئێران بدەن.

5- پێشنیازەکانی کومسیۆن، کە دەبێ لە لایەن دەوڵەتانی ئینگلیس و ئەمەریکاو سۆڤیەت پەسەند بکرێن، ئینجا بدرێنە دەوڵەتی ئێران، دەبێ بۆ سەرانسەری ئێران بە ئازەربایجانیشەوە بێت.

6- یاساکانی ئێستای ئێران بە پێی مادەکانی یاسای بنچینەیی ئێران زیادو ڕێک و پێک و تەواو دەکرێن-ئەوەی پەیوەندی بە شورای هەرێمەکانەوە هەیە- و کومسیون دەبێ ئەو پێشنیازانەی کە بۆ هەرچەشنە گۆڕینێکی شوراکانی خۆجێیی بێت دەبێ ماف و بەرپرسارێتی ئەم شورایانە دیاری بکرێت و هەروەها پێویستی ئەم شورایانە لە باری ماڵیەوە دابین بکرێن.

7- کومسیون دەبێ هەروەها ئامۆژگاریەکانی خۆی سەبارەت بە کەڵک وەرگرتن لە زمانی کەمە نەتەوەکان وەک: عەرەبی، تورکی، کوردی.. بە مەبەستی فێربوون خوێندن و مەبەستەکانی تر بۆ ئەو گەلانەبدات.

8- لە پروسەی ڕێکخستنی پێشنیازو ئامۆژگاریەکانی خۆی، کومسیون دەبێ هەمیشە لە گەڵ دەوڵەتی ئێران و نوێنەرایەتی تەواوی کۆڕ و کۆمەڵانی خەڵک لە ڕاوێژکاریدا بێت.

9- سێ زلهێز دەبێ تەواوی هەوڵ و تەقەلای خۆیان بۆ قەناعەت پێکردنی دەوڵەتی ئێران بە کاربخەن کە ئەو ئامۆژگاری و پێشنیازانەی کومسیۆن ناوەرۆکی یاسایی وەربگرن و جێبەجێ بکرێن.

10-کومسیون نابێ پێشنیازی وابکات کە بناخەی یەکپارچەیی دەوڵەتی ئێران لاواز بکات.

11-یەکەمین هەڵبژاردنی هەرێمەکان دەبێ لەژێر چاودێری کومسیوندابێت.13

- ماوەیتی -

سەرچاوەو پەراوێزەکان

1- هەروەک پاشتر دەبینین، ئەمەریکاو ئینگلیز ناسینی دەوڵەتانی ڕۆمانیاو بولگارستان و وڵاتانی تری ئوروپای ڕۆژهەڵات کە لەلایەن سوپای سورەوە داگیر کرابوون دەبەستێتەوە بە چەند مەرجێک وەک، بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی ئازاد، بەشداری هێزە سیاسیەکان لە دەوڵەتێکی هاوبەند، لێبووردنی گشتی و بەڕێوەبردنی ڕیفور م و چەندشتی تر. کە سۆڤیەت وەک دەبینین هیچ کامیان پەسەند ناکات.

2- Fdgha.a سکرتاریەتی مولەتوف gjg rf. 4 ptkj2 jvc, 2

3- ئا لێرەدا مەترسی تێکچوون یان بێ ئیەنجامی کاری کۆبوونەوەکە سەر هەڵدەدات، هێشتا ئەمەریکاو ئینگلیس داوای دەرچەەنی هێزەکانی سۆڤیەتیان لە هیچ وڵاتێک نەکردووە.

4- هەمان سەرچاوەە لاپەڕە 17

5-هەمان سەرچاوە لاپەڕە 38

6-هەمان سەرچاوە، ل39-40

7-هەمان سەرچاوە، ل22

8- هەمان سەرچاوە a سکرتاریەتی مولەتۆف 7 ptkj gjg 24-23ل jvc, 2

9-هەمان سەرچاوە ل16-26

10-هەمان سەرچاوە a کونفرانسی موسکو ptkj gjg>2 7 jvc, 1

11- Fdgha.a مولەتوف فوندی 16.ptkj gjg5 jvc,2

12- **هەمان سەرچاوە**

13- هەمان سەرچاوە a کونفرانسی موسکو gjg>2 ptkj 8 jvc, 1

# کۆبوونەوەی مۆسکۆی نێوان ئەمەریکاو ئینگلیس و سۆڤیەت لە دیسامبری 1945و تراژیدیای گەلانی ئێران

د. ئەفراسیاو هەورامی-روسیا

**بەشی سێیەم**

یازدەهەمین دانیشتنی کۆبوونەوەی مۆسکۆ 24 ⁄دیسامبر⁄1945 سەبارەت بە ئێران

بیرنس: سێهەمین کێشە کە دەبێ ئاشکرا باسی لێوە بکرێ کێشەی ئێرانە.

بوین: لەم ڕۆژانەدا من بەڵێنم بە ژینرال ستالین دا کە من لەم پرسیارە ئەکۆڵمەوە. ئێستاش دەمەوێ یاداشتەکەی خۆم لەم بارەوە بۆ تاوتوێکردن ئاراستەی هاوکارانم بکەم.

بیرنس: ڕوخسەت بدرێت پشووداتێکی نیوسەعاتە بۆ خوێندنەوەی ئەم دیکومێنتانە بدرێت.14

****

بیرنس: با باسی کێشەی ئێران بکەین.

بوین: یەکەم ڕاستکردنەوە کە من وەرمگرتووە لە پاشکۆی ژمارە 4 ئێوە پێشنیازدەکەن کە کومسیوتێکی تایبەت سەبارەت بە کێشەی ئێران درووست بکرێت.

مولەتۆف: ئەمە ڕاستکردنەوەی من نیە. بەڵکو پێشنیازی ئێوەیە. ئێمە ڕاستکردنەوەی ئێوە دەخەینە بەر باس. بوین: ئەمە ئەوەندە ناهێنێت کە لە سەری ڕاوەستین.

مولەتۆف: ڕاستە

بیرنس: دەوڵەتانی ئینگلیس و ئەمەریکاو سۆڤیەت لە سەر پێکهێنانی کومسیونێکی سی لایەنە پێکهاتوون.

مولەتۆف: دەوڵەتی بەریتانیا پێکهێنانی ئەم کومسیونە ئەبەستێتەوە بە موافەقەتی دەوڵەتی ئێرانەوە.

بوین: من پێشنیازی فورمولێکی نوێ لەم بارەوە دەکەم (پاشکۆی ژمارە 5)، من پێشنیاز دەکەم کە لە خاڵی یەکەمدا هیچ گۆڕانکاریەک نەکرێت. لە خاڵی پێنجەمدا ئێوە ئەمەتان پێ زیادکردووە (تا ئەو جێگایە کە بوار هەبێت). من پێشنیاز دەکەم ئەم دەستەواژەیە لابیرێت. هەروا ئێوە شتێکی نوێتان سەبارەت بە ماوەی دیاریکردنی دەرچوونی هێزەکان پێ زیادکردووە.

مولەتۆف: دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەت ڕاستکردنەوەکەی خۆی بە ڕاست دەزانێت.

بوین: ئێوە ڕازی نین کە دەرچوونی هێزەکانمان لە ئێران تا 2⁄مارت⁄1945 تەواو بێت.

مولەتۆف: ئێمە لەم بارەوە ڕازی نین.

بوین: بە پێی پەیمانەکە ماوەی دەرچوونی هێزەکانمان تا 2ی مارتی 1945ە. بۆ ئێوە پێشنیازدەکەن کە دەستەواژەی (تا ئەو جێگایەی کە بوار هەبێت) پێ زیاد بکرێت؟

مولەتۆف: ئێمە ئەم کێشەیە ئەخەینە ئەستۆی کومسیۆن. با کومسیون تاوتوێی بکات.

بوین: ئێوە پێشنیازدەکەن ئەم کارە بخرێتە ئەستۆی کومسیون؟

مولەتوف: بەڵێ، با کومسیون لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات.

بیرنس: چۆن کومسیون دەتوانێت لە سەر دەرچوونی زووتری هێزەکان لە ئێران بڕیار بدات؟ کومسیون هەرگیز ناتوانێت ئەم کێشەیە چارەسەر بکات. لەبەر ئەوە من پێموایە دەستەواژەی (تا ئەو جێگایەی کە بوار هەبێت) گونجاو نیە. ئەگەر ئێمە لە گەڵاڵەکەدا ئاماژە بە 2ی مارت بکەین، ئەوە دەکرێ چارەسەری ئەم کێشەیە

وەپێش بخەین دەنا کێشەکە بۆ ماوەیەکی دیارینەکراو دەمێنێتەوە.

بوین: من کەوتوومەتە بارودۆخێکی نالەبار لەسەر ئەم کێشەیە. من و بەڕێز مولەتۆف لەم بارەوە بیروڕامان ئاڵوگۆڕ کردو بڕیاردرا کە دوای کۆتاییهاتنی شەڕ هێزەکانمان لە ماوەی شەش مانگدا ئێران بەجێ بهێڵن.

بیرنس: ئەگەر ئێمە ماوەی دەرچوونی هێزەکانمان دیاری کردووە باشتر ئەوەیە کە باس لەسەر (تا ئەو جێگایەی کە بوارهەبێت) نەکرێت.

مولەتوف: دەبێ بارودۆخەکەش لەبەر چاوبگیرێت. دەرچوونی هێزەکان لەوەرزی زستاندا ناکرێت.

بوین: بەڵام دەکرێ ماوەی دەرچوونی هێزەکان تا رادەیەک کەم بکرێتەوە.

مولەتوف: کومسیون ڕێکدەخرێت با کومسیون تاوتوێی کێشەکە بکات. پێشدان کومسیون نەبوو. بەڵام ئێستا کە بڕیارە ریکبخرێت با ئەو لەم پرسانە بکۆڵێتەوە.

بیرنس: من دەتوانم ئەمە پەسەند بکەم کە وشەی مانگی مارت لابرێت. بەڵام من ناتوانم دەستەواژەی (تا ئەو جێگایەی کە بوار هەبێت) لە گەڵاڵەکەدا پەسەند بکەم.

مولەتوف: ئەو کاتە زۆر کەس ئەپرسن، کەی و چۆن؟ ئێمە بۆ ئەوەی بۆ چووتێکی نادروست لەم بارەیەوە نەیەتە ئاراوە دەبێ ڕوونکردنەوەیەکمان بۆ دەستبەکاربوونی کومسیونەکە هەبێت.

بوین: دەکرێ لە جیاتی (تا ئەو جێگایەی کە دەکرێت) ڕستەی (بەزووترین کات) لە گەڵاڵەکەدا بگونجێنرێت.

بوین: بێگومان لە ڕستەی (بەزووترین کات) ڕوونکردنەوەو تێگەیشتنێک هەیە.

مولەتوف: من دژی ئەو فورمولەی ئەمەریکا لەسەر چین نیم. ئێمە لەم بارەیەوە زۆرمان وتووە. بەڵام لێرەدا نابێ داواکاریەکی ئەوتۆبکرێت کە جێبەجێ نابێت. یان بۆچووتێکی وادرووست بکات کە ئێمە لەماوەی 5 مانگدا جێبەجێی دەکەین. با کومسیون تاوتوێی ئەم کێشەیە بکات.

بیرنس: من تێناگەم چین چ پەیوەندیەکی بەم کێشەیەوە هەیە؟

مولەتۆف: من فورمولەکەی ئێوەم لەسەر چین وەبیرخستەوە.

بیرنس : ئەگەر داوامان لێ بکەن کە هێزەکانمان بهێڵینەوە ئێمە دەتوانین دژ نەبین.

مولەتوف: بەڵام ئێمە دوو پەیمانمان لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا هەیە. پەیمانی 1921 و 1924 . خاڵەکانی ئەم پەیمانانە بخوێننەوە. پێویستیش ناکات داوای دەقەکانی ئەم پەیمانانە لە دەوڵەتی ئێران بکەن چونکە لە چاپەمەنیەکاندا بڵاو بوونەتەوە.

بوین: لەسەر خاڵی چوارەمی گەڵاڵەکە یەکیەتی سۆڤیەت پێشنیازدەکات لە باتی وشەی ناوچە هەرێم بە کاربهێنرێت. من نازانم ئایا ئەمە وشەیەکی باوە کە بەکاردێت و لە ناوچەکەدا واتایەکی تایبەتی هەیە کە ئێوە پێی لەسەر دادەگرن؟

لە گەڵاڵەکەی ئێمەدا شورای هەرێمی یان ئەیالەتی بەکارهاتووە. هەربۆیە دەستە واژەی شورای هەرێمی لە باتی ناوچە هاتووە.

بوین: من دژی ئەم شتە هیچ دەربڕینێکم نیەو تەنیا ڕاستکردنەوەیەکم سەبارەت بە کەمە نەتەوەییەکان هەیە. لە ڕاستکردنەوەکەی گەڵاڵەی سۆڤیەت، باس لە زمانی کەمە نتەوەییەکان دەکرێت، زمانی ڕەسمی لە دەوڵەتی ئێران فارسیە. هەروەک چۆن زمانی ڕەسمی لە ڕوسیا روسیە. کەواتە پێویستە بزانرێت کە بواری بەکارهێنانی چ زمانێکی تر هەیە. لە گەڵاڵەکەی ئێوەدا وادەردەکەوێت کە زمانەکانی خۆجێیی لە ئاستی زمانی فارسیدایە، کە زمانی فارسی زمانێکی دەوڵەتیە. بۆیە من داوادەکەم کە گەڵاڵەکەی ئێمە پەسەندبکرێت.

مولەتوف: بەڕێز بوین دەڵێت کە لە یەکیەتی سۆڤیەت زمانی ڕەسمی ڕوسیە. کە وا نیە. شانزە کۆمار کە شورای یەکیەتی سۆڤیەتیان پێکهێناوە هەر کامیان زمانی دەوڵەتی خۆیان هەیە. ئوکرانیەکان زمانی ئوکرانی،

بیلەڕوسیا زمانی بیلە ڕوسی و کوماری ئوزبەگستان زمانی ئوزبەگی و هتد...
بوین: بەڵام لە ئێران زمان دەوڵەتی زمانی فارسیە. من دەمەوێ ئەم مافە بۆ دەوڵەتی ئێران، واتە زمانی فارسی زمانی دەوڵەتی بمێنێتەوە.
مولەتوف: ئێمە دەڵێین مافی کەڵک وەرگرتن لە زمانی نەتەوەیی هەبێت. ئێوە بۆ خۆتان دەنووسن کە دەکرێ کەڵک لە زمانی تورکی، و کوردی و زمانەکانی تر وەربگیرێت.
بوین: کەوابوو ئێوە باسی زمانی دەوڵەتی ناکەن؟
مولەتوف: من باسی زمانی کەمە نەتەوەییەکان دەکەم.
بوین: ئێوە تەنیا باسی بەکارهێنان و ئازادی ئەم زمانانە دەکەن؟
مولەتوف: بەڵێ.
بوین: لێرەدا ڕەنگە هەندێک بۆچوونی خراپی بەدواوە بێت.
مولەتوف: نابێ پێش لە بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی بگیرێت.و جێی شەرم بێت. ئێمە ئوکرانیەکان لە بەکارهێنانی زمانی خۆمان شەرم ناکەین.
بوین: کێشەی کەڵک وەرگرتن و بەکارهێنانی زمانی نەتەوەییو یان زمانە نا فارسیەکان دەکرێ لەلایەن کومسیونەکەوە بڕیاری لەسەر بدرێت.
مولەتوف: نابێ پێش لە تورک و کورد و عەرەب بگیرێت یان وایان لێ بکرێت شەرم لە کەڵک وەرگرتن لە زمانی خۆیان بکەن.
بوین: ئەگەر باسی بەکارهێنانی زمان بە شێوەیەکی ئازادانە بکرێت ئەو کاتە نەتەوەی واش هەن کە گرنگیەکی پلە دوویان هەیە. ئەوانە فێری زمانی خۆیان دەبن بەڵام دەبێ زمانی دەوڵەتیش فێربن. ئێوە پێشنیازدەکەن لە گەڵاڵەکەدا مافی کەڵک وەرگرتن و بەکارهێنانی زمانی کەمەنەتەوەییەکان بگونجێندرێت.
مولەتوف: دەبێ لەو بیرە پشتیوانی بکرێت کە کەمەنەتەوەییەکان ئازادانە کەڵک لە بەکارهێنانی زمانی خۆیان وەربگرن. بۆ نموونە فێربوونی زمانی ڕوسی لە ئۆکرانیا شتێکە گومانی لەسەر نیە بەڵام لەپاڵ زمانی ڕوسیدا تەواوی خوێندن و فێرکردن بە زمانی زگماکی واتە ئوکرانیەو لە گورجستانیش زمانی گورجیەو...هتد. بەڵام لە گەڵ ئەمەشدا زمانی ڕوسیش حەتمی و واجیبە. ئەم کارە پێش کێ دەگرێت؟ لای ئێمە پێش کەس ناگرێت.
بوین: دەکرێ پێشنیازبکرێت مافی کەمە نەتەوەییەکان هەبێت.
مولەتوف: لێرە چ شتێک دەبێتە هۆی خراپ لە یەکتر گەیشتن؟ زمانەکان لای ئێمە زۆرترن تا لە ئێران. بەڵام هیچ خراپ لەیەکترگەیشتنێکیش لە ئارادا نیە. کومسیون دەتوانێت زۆرتر لەسەر ئەم پرسە کاربکات.
بوین: بەڵام کاری کومسیونەکە سنووردارددەکرێت.
مولەتوف: ئەمە سنووردارکردنی کاری کومسیونەکە نیە. بەڵکو دەبێتە دەستورێک بۆ کاروباری کومسیونەکە.
بوین: بەڵام نابێ ئەمەش لەبیربکرێت کە بۆ ئەم پەیمانە دەبێ ڕازیبوونی دەوڵەتی ئێرانیش وەربگیرێت. نابێ ئێمە گرفتی زۆرتر بۆ خۆمان دروست بکەین. بەڵام من دەمەوێ بە هانای ئێوەوە بێم و پێشنیازبکەم کەڵک وەرگرتن لە زمانەکانی نە فارسی ئازاد بێت.
بوین: واتای ناسیونالی ، نەتەوەیی چیە؟
مولەتوف: لای ئێمە وشەی کەمە نەتەوەییەکان بەکاردێت.
بوین: بەڵام ڕەنگە لە وشەی کەمەنەتەوەییەکان بۆچوون و لێکدانەوەی نادروست بکرێت.
مولەتوف: زمانی کەمە نەتەوەییەکان بە مەبەستی خوێندن و پەروەردە بە کاردێت. لای ئێمە کەمە نەتەوەییەکان شتێکی ڕوون و ئاشکرایە. واتە زمانی ڕوسی زمانی کەمە نەتەوە نیەو ئەمە لای ڕوسەکانیش ئاشکرایە. ئەگیان دیارنەدەبوو مەبەست لە کەمە نەتەوەییەکان چیە. من پێم وایە زمانی ئینگلیسی ئەوەندە نەرم و نیانە کە دەکرێ بە ئاسانی ئەم وشەیەی پێ ڕوونبکرێتەوە. دەکرێ لە تێکستە ئینگلیسیەکە

وشەی (کەمایەتیەکان) و بە ڕووسی (کەمەنەتەوەییەکان) بێت.
بوین: باشە.
مولەتوڤ: کەواتە وشەی ئازاد لادەبرێت. ئەمە بەو واتایەیە کە هەر کەس بێ شەرمکردن کەڵک لە زمانی خۆی وەربگرێت.
بوین: ئێوە پێشنیازەکەی منتان کە وشەی (ماف) لە پێشنیازەکە بگونجێنرێت پەسەند کرد؟
مولەتوڤ: وەرن با کێشەکە بە ڕاشکاوی باس بکەین.
بوین: ئەمە هەموو ڕاستکردنەوەکانی ئێوەبوو. ئێستا کێشە تەنیا سەبارەت بە بەکارهێنانی دەستەواژەی (تا ئەو جێیەی بوار هەبێت) ماوە. ئایا باشتر نیە لە باتی دەستەواژەی ناوبراو (ئەگەر بکرێت زووتر) بە کاربهێنرێت؟
مولەتوڤ: هەرگیز ناتوانم لەسەر ئەمە ڕازی بم.
بوین: بۆ ئەوەی ڕێگایەکی مامناوەندی و ئاشتیانە هەڵبژێرین، من ئامادەم کە وشەی ئازاد بەکاربهێنرێت ئەگەر بەرێز مولەتوڤ پێشنیازەکەی من سەبارەت بە ماوەکە پەسەند بکات.
مولەتوڤ: نابێ شتێک پەسەند بکرێت کە ڕاست نیە. ئێمە پێشنیازدەکەین کومسیون ئەم کێشەیە تاوتوێ بکات، واتە لەسەر دەرچوونی هێزەکان تا ئەو جێگایەی کە بوار هەبێت.
بوین: وشەی (زووتر) یان وەپێشخستن هیچ ماوەیەکی بۆ دانانرێت، یان پێوە گرێ نادرێت. من پێم وانیە ڕستەی (تا ئەو جێگایەی کە بوار هەبێت) ڕستەیەکی گونجاوو باش بێت.
مولەتوڤ: من ناتوانم لە سەر شتێکی نا ڕاست ڕازیبم. ئاراستەکردنی مەرجەکان لەلایەن هەرسێ دەوڵەتەوە بەرامبەر بەیەک کە هەر لایەنە دەخوازێ هی خۆی بگونجێنێت واتە نابێ ئەم ئەسپ غاردانە بکرێت.با کومسیون لەم کێشەیە بکۆڵێتەوە. لە کۆمسیوندا نوێنەرانی ئەمەریکاو سۆڤیەت و ئینگلیس هەیە. ئەوانە لەگەڵ ئەم کێشەیەو هەلو مەرجەکانی ئاشنان و لێکۆڵینەوەی لەسەردەکەن. بەکارهێنانی ڕستەی (بەزووترین کات وەپێش بخرێت) واتای چیە؟
بوین: ئەمە بەو واتایەیە کە هێزەکانی سێ دەوڵەت دەست بە کشانەوە دەکەن و بەرە بەرە سەربەخۆیی ئێران دەگەڕێتەوە بارودۆخی ئاسایی و باوەڕ بە سەقامگیربوونی ئاشتی و بە کۆمەڵگای ئێونەتەوەیی زۆرتر دەبێت. بێگومان لێرەدا هەندێک خراپ لەیەکتر گەیشتن هەیە کە زەحمەتە لاببرێن.
مولەتوڤ: وەرن با تەواوی کێشەکانی سەر بە ئێران وەلابخەین و وازیان لێ بهێنین.
بوین: ئەی کەی و چ کاتێک لە کێشەی ئێران بکۆڵینەوە؟
مولەتوڤ: من پێم وایە مەرج نیە لەم کۆنفرانسەدا ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین. بەڵکو دەکرێ پاشان چارەسەری بکەین.
بوین: ئەگەر ئەم کێشەیە چارەسەر نەکەین، ئەی کەی بێتە ئاراوە؟ من زۆر حەزدەکەم ئەم پرسە هەر لێرە چارەسەر بکرێت.
مولەتوڤ: ئێمە دژی ئەمە نین. ئێمە گەڵاڵەکەی ئێوە بە هەندێک ڕاستکردنەوە پەسەند دەکەین. بەڵام ئێوە پێشنیازدەکەن ئەو گەڵاڵەیە بێ ڕاستکردنەوە ئاڵوگۆڕ پەسەند بکەین. ئێوە دەتانەوێ بیسەپێنن. سەپاندنیش نابێ هەبێ.. ڕاستکردنەوەکانی ئێمە زۆرکەمن.
بوین: ئەم پرسە هەڵدەگرین بۆ سبەینێ.
مولەتوڤ: باشە.15

دوازدەهەمین دانیشتنی کۆنفرانسی موسکو 26/12/1945
(پاشکۆی ژمارە 3)
تێکستی بڕیار لەسەر ڕۆمانیا
سێ زلهێز ئامادەن ئامۆژگاری پاشای ڕۆمانیا میخای بکەن کە ناوبراو لە نامەکەیدا لە ڕێکەوتی 21ی ئوگوستی 1945 داوادەکات کە پێکهاتەی دەوڵەتی ڕۆمانیا فراوانتر بکرێت. بە پادشا پێشنیازدەکرێت کە،

کەسێک لە پارتی نەتەوەیی پاشایەتی رومانیاو کەسێک لە پارتی لیبرالی بخرێتە ڕیزی کابینەی وەزیرانەوە. کومسیون دەبێ ئەو لایەنانەی کە لە خوارەوە ناویان هاتووە قەناعەت پێ بکات کە:

1- ئەوانەی بە ڕاستی نوێنەرانی ئەو گروپ و پارتانەن کە لە دەوڵەتی ئێستای ڕۆمانیادا بەشدار نین.

2- ئەوانە بۆ کارکردن لە ناو دەوڵەتی رومانیادا لەبارو پێویستن و بە نیازپاکی و بێ لایەنیەوە لەگەڵ دەوڵەت ئامادەی کارن.

سێ دەوڵەتی زلهێزیش دەبێ ئەمەیان لە بەر چاو بێت کە بە ڕێکخستنەوەی سەر لەنوێی دەوڵەتی ڕۆمانیا دەبێ ئەو دەوڵەتە ڕابگەیەنێت کە هەڵبژاردن بە شێوەیەکی گشتی و نهێنی بەڕێوەببات. تەواوی پارتە دیموکرات و ئانتی فاشیستەکان دەبێ مافی بەشداریان لەم هەڵبژاردنەدا هەبێت و پاڵێوراوی خۆیان هەبێت. کە دەوڵەتی نوێش درووست بوو دەبێ بەڵێن بدات کە چاپەمەنی، مافی بیروڕادەربڕین، ئایین و کۆڕوکۆمەڵ ئازاد بن.

بەڕێزان ویشینیسکی ئا. یا. گاری مەن. کَ. ن. ونسیر . ئا. کلارک کییر وەک ئەندامانی کومسیون پێیان ڕاسپێردراوە کە بەزووترین کات بۆ ڕاوێژکردن لەگەڵ پاشای ڕۆمانیا میخای و ئەندامانی دەوڵەتی ئێستای ڕۆمانیا بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی باسکران، بڕۆن بۆ بوخاریستی پایتەختی ڕۆمانیا. کاتێک ئەم ئەرکانە جێبەجێ و چارەسەرکران و بەڵێنەکانی دەوڵەتی ڕۆمانیا لەم بارەیەوە وەرگیران دەوڵەتی ڕۆمانیا لەلایەن ئەمەریکاو بەریتانیاوە بەڕەسمی دەناسرێت و پەیوەندی دیپلوماسی بەرقەراردەبێت. (دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەستیش کە خۆی هەر ئێستا پەیوەندی دیپلوماسی لەگەڵ دەوڵەتی ڕۆمانیادا هەیە).

16

پاشکۆی ژمارە4 دوانزەهەمین کۆبوونەوەی کونفرانسی موسکو

ژمارە 39

25ی دیسامبری 19454

ئێردراوە بۆ دەستەی نوێنەرایەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاو بەریتانیا

دەستەی نوێنەرایەتی یەکیەتی سۆڤیەت پێشنیازدەکات کە ئەم ڕاستکردنەوانە سەبارەت بە دەسەڵاتی کومسیونی سێ لایەنە لە سەر ئێران لە گەڵاڵەکەدا بگونجێنرێت:

1- سەر دێڕی گەڵاڵەکە بەم شێوەیە چاکبکرێت: (سەبارەت بە کۆمسیونی سێ لایەنە بۆ کێشەی ئێران).

2- گەڵاڵەکە سەرەتا بەم ڕستەیە دەستپێ بکات: (دەوڵەتانی بەریتانیاو سۆڤیەت و ئەمەریکا بڕیاری پێکهێنانی کۆمسیونی سێ لایەنەیان بۆ کێشەی ئێران دا).

3- خاڵی سێهەمی گەڵاڵەکە بەم چەشنە بێت: (بە مەبەستی نەهێشتنی مەترسی دەوڵەتی ئێران لە لێک بڵاوبوونی وڵاتەکەی و هەروا ئەو هۆیانەی بوونەتە ئاڵۆزی بارودۆخی ئێونەتەوەیی، کومسیون دەبێ کێشەی دەرچوونی هێزەکانی هاوپەیمان لە ئێران تا ئەو جێگایەی کە بوار هەبێت خێراتر بکات و لەم بارەیەوە پێشنیازەکانی خۆی ئاراستەی دەوڵەتانی سێ زلهێز بکات.

4- لە خاڵی پێنجەمدا لە باتی دەستەواژەی (هەندێک ناوچەی ئێران) بنوسرێت (هەندێک هەرێمی ئێران).

5- خاڵی حەوتەم بەم چەشنە ڕاستبکرێتەوە: (کومسیون دەبێ هەروەها پێشنیازی بەکارهێنانی ئازادی زمانی کەمەنەتەوەییەکان

وەک زمانی عەرەبی، تورکی، کوردی...بە مەبەستی پەروەردەو بارهێنان و مەبەستەکانی تر بکات.  25ی دیسامبری 1945 (17)

دوانزەهەمین دانیشتنی کونفرانسی موسکۆ
پاشکۆی ژمارە 5 25ی دیسامبری 1945
لە لایەن بوینەوە دراوە بە بەڕێزان مولەتوف و بیرنس

کومسیونی سێ لایەنە سەبارەت بە کاروباری ئێران
دەوڵەتانی بەریتانیاو یەکیەتی سۆڤیەت و ئەمەریکا لە سەر دروستکردنی کومسیونی سێ لایەنە پێکهاتن. و ئەم پێکهاتنە بۆ پەسەندکردنی دەدرێ بەدەوڵەتی ئێران.18

سێزدەهەمین دانیشتنی کونفرانسی موسکۆ
16ی دیسامبری 1945
نوێنەرانی بەشدار:
دەستەی نوێنەرایەتی یەکیەتی سۆڤیەت:
مولەتوف. ڤ. م
ویشینسکی. ئا. یا
گوسیڤ. ف. ی
مالیک. یا. ئا

دەستەی نوێنەرایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا:
بیرنس. د
گاری مەن. ئا
کوئن. ب
بولین. چ

دەستەی نوێنەرایەتی بەریتانینای گەورە:
بوین. ئن
کییر. ئا
کادوگان. ئا
کیمپ بیم. ر

(دوای تاوتوێکردن و لێکۆڵینەوەی کێشەکانی بولگاریاو ئوتریش و چین و کوریا کێشەی ئێرانیش بەم جۆرەی خوارەوە باس دەکرێت و ئەم دانیشتنە ڕۆژی پێش تەواوبوونی کونفرانسەکەیەو دەبووایە بۆ ڕۆژی دوایی بڕیارەکانی کونفرانس لەوانە کێشەی ئێرانیش بخرێتە بڕیارەکانی کۆتایی کونفرانسەکەوە. بەڵام با بزانین کێشەی ئێران چۆن باسدەکرێت؟ -هەورامی-)

مولەتوف: وەرن با پرسەکانی تر تاوتوێ بکەین ئەگەر ئێوە دژنەبن.

بیرنس: باشتر بوو کێشەی ئێران تاوتوێ بکەین ئەگەر ئامادەیە.

2- سەبارەت بە ئێران

مولەتوف: دەکرێ سەرەتا کێشەی ئێران تاوتوێ بکرێت ئەمجار بچینە سەر کێشەی ئوتریش و ئاڵمان. بەڵام ئێرانیەکان لێرە نین و بەبێ ئەوان هیچ سەر ناگرێت.

بوین: ئەمە ئیتر بڕیاری دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەتە؟

مولەتوف: دیارە کە لە پروگرامی کاری ڕۆژانەی ئێمەدا تەنیا کێشەی ئێران نیە.

بیرنس: لە سەرەتادا کێشەی ئێران لە دەستوری پروگرامی ڕۆژانەدا گونجێندرابوو.

مولەتوف: لە یەکەم دانیشتنی کونفرانسەکە وتمان کام کێشانە لە پروگرامی کونفرانسەکە بگونجێنین.

بیرنس: ئێمە بڕیارمان دا کێشەی بردنە دەرەوەی هێزەکانمان لە ئێران لابەرین بەڵام پاشان بڕیارمان دا کە دووبارە ئەم کێشەیە باس بکرێتەوە.

بوین: دەبێ بگوترێت کە کێشەکانی ئوتریش و ئاڵمانیش لە دەستووری کاری ڕوەژانەماندا نەبوو. ئەم کێشانەش وەک کێشەی ئێران لە بارودۆخێکی ئەوتۆدان. ئێمە بڕیارمان دا ئەم کێشانە بە شێوەیەکی ناڕەسمی تاوتوێ بکەین.

مولەتوف: بەڕێز بوین ڕاستدەکات. ئێمە بەڕاستی بڕیارمان دا ئەم کێشانە بە شێوەیەکی ناڕەسمی تاوتوێ بکەین.

بوین: بەڵام من دەمەوێ لەکاتی وتووێژە ڕەسمیەکاندا کێشەی ئێران چارەسەرکرابا.
مولەتوف: ئێمە قسەمان لەسەر ئێران کردو هەڵوێستی خۆمان ڕوونکردەوە. بەڵام ئێمە ئێستا ناتوانین ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین.
بیرنس: من وا ئێدەگەم چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە هیچ کاتێک نۆرەی ناگات.
مولەتوف: ژیان ڕێڕەوی خۆی دەبڕێت. 19
بوین: من زۆر نیگەرانی ئێرانم. وەک تێگەیشتم دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەت ئێستا بواری ئەوەی نیە باس لە کێشەی ئێران بکات. کێشەکە لێرە هێنرایە کایەوە لێرەش تاوتوێ کراو واتێگەیشتم ژینرال ستالین پەسەندی کردبێت. لەلایەکی ترەوە من زۆربەی هەرەزۆری ڕاستکردنەوەکانی پێشنیازکراو بۆ گەلاڵەی کومسیونی سێ لایەنەم سەبارەت بە ئێران پەسەندکرد. من تەنیا ئەمەم دەوێ کە لە گەلاڵەکەدا ڕەزامەندی دەوڵەتی ئێرانیش بنوسرێت دەنا ڕەنگە خراپ تێگەیشتن بێتە ئاراوە. ئەگەر ئێوە ناتوانن ئەمە پەسەند بکەن من پێشنیازدەکەم لە بڕیارنامەی کۆتایی کونفرانسەکەدا ئەم ڕستەیە بگەنجێنرێت: (دەربارەی کێشەی ئێران، ئێوان وەزیرانی دەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەت و ئەمەریکاو ئینگلیس بیرورا ئاڵوگۆڕکراو بڕیاری لەسەر درا).
پێم وایە هەر ئەوەندە بەسە کە بنوسرێت بیروڕا ئاڵوگۆڕکرا. ئێمە هێشتا هیچ بڕیارێکمان نەداوەو هیچ ئامادەکارییەک نەبوو، و ئەم پرسەمان لە دەستوری کاری ڕۆژانەی کۆنفرانسەکەش نەگونجاندبوو. هەر بۆیە بە بۆچوونی من نابێ لە بڕیاری کۆتایی کۆنفرانسەکە ئاماژە بەم کێشەیە بکرێت.
بوین: ئێستا من نازانم چی بکەم؟
مولەتوف: ئێوە زۆرباش دەزانن. پێشنینازدەکم بڕیاری کۆتایی کۆنفرانس تاوتوێبکرێت.
بوین: ئێستا من لە هەڵوێستی ئێوە گەیشتم.
مولەتوف: گومانم نیە ئێدەگەن.

بوین: لەم بارەوە زۆر بەداخم. وامدەزانی ئەمە هەنگاوێک دەبێت بۆ نەهێشتنی خراپ لە یەکتر گەیشتن کە پێویستبوو لە ئێوان دەوڵەتەکانماندا هەڵبگیرێت.
بیرنس: پێشنیازدەکەم ئێستا پشوویەک بدرێت. و داوا لە کومسیونی ڕێکخستنی ئەنجامی بڕیارەکانی کونفرانس بکەین ئێکستەکەمان بداتێ. 20

چواردەهەمین دانیشتنی کونفرانسی موسکو(دوایین کوبوونەوە)
27ی دیسامبری 1945
بیرنس پێشنیاز دەکات کە کۆبوونەوەی دوایی لە واشینتۆن بێت و کاتەکەشی دیاریکراوبێت.
بوین: ئامادەم بە مەرجێک لە لەندەن نەبێت.
مولەتوف: لە لەندەن میوان زۆرە جێگا نابێتەوە.
بوین: ئێمە جێگای زۆرمان بۆ هەمووکەس هەیە، باشتر دەبوو بۆ جێگایەک ڕۆیشتباین نە تالون (کۆپونی وەرگرتنی خواردەمەنی کە مەبەستی سوڤیەتە-هەورامی) و نە کارت هەبێت (واتا ئەمەریکا).
بیرنس : بەڕێز مولەتوف ئێوە ئامادەن؟
مولەتوف: ئامادەم.
پاشان نوێنەرایەتی سۆڤیەت داوا لە نوێنەرانی ئەمەریکاو ئینگلیس دەکات کە مەرجەکانی پێشنیازکراو سەبارەت بە بولگاریاو بڕیاری هەرسێ زلهێز لەم بارەیەوە بگرێتە ئەستۆی خۆی. واتە هەڵبژاردن بکرێت و پارتە سیاسیەکان لە دەوڵەتی ئەوێ بەشدار بکرێن و ...هتدو بۆ ئەوەی ئەمەریکاو ئینگلیس ئەم دەوڵەتە بەڕەسمی بناسن. بەڵام نوێنەرانی ئەمەریکاو ئینگلیس ئامادە نابن تا زەماتێک ئەم دەوڵەتە مەرجەکان جێبەجێ نەکات بە ڕەسمی بناسن (گەرچی گەلاڵەکەی سەبارەت بە ئێران بە هۆی تەگەرەی سۆڤیەتەوە پێشنیاز نەکراو تەنانەت ئەو ڕستەیەشیان پەسەند نەکرد کە لەسەر ئێران بیروڕا ئاڵوگۆڕکراوەو تێگەیشتنی هەرسێ لەم بارەیەوە هەیە کە لە کۆبوونەوەی داهاتوودا بڕیارو باسی لەبارەوە بکرێت، کەچی ئینگلیس و ئەمەریکا پێشنیازی سۆڤیەت لەسەر

بوڵگاریا پەسەند دەکەن و چارەنووسی ئەو وڵاتە دەدەنە دەست سۆڤیەت. و سۆڤیەتیش بەڵێنی جێبەجێکردنی مەرجە پێشنیازکراوەکانی ئەمەریکاو ئینگلیس ئەدات. ئایا نەدەکرا لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی ئینگلیس و ئەمەریکا سۆڤیەتیش لەسەر ئێران بە هانای ئەوانەوە چووبایە؟-هەورامی).

بوین: دەمەوێ پرسیارێک بکەم. ئایا هیچ بڕیارو بەڵگەیەک سەبارەت بە ئێران هەیە بۆ ئەوەی لە بڕیارنامەکانی ئەنجامی کونفرانس بگونجێندرێت؟
مولەتوف: جارێ شتێکی گونجاو نیە لەوانەیە پاش ماوەیەکی تر هەبێت.

دوای مۆرکردنی بڕیارەکانی ئەنجامی کونفرانس لە لایەن وەزیرانی کاروباری دەرەوەی سێ زلهێز، مولەتوف دەڵێت ئێمە کارێکی زۆرمان ئەنجامدا، هیوادارم لەسەرکەوتندا بەردەوام بن.21
ئێستا با بزانین هەڵوێستی لایەنە بەشدارەکانی کێشەی ئێران چۆنە بە تایبەتی وتارێکی ڕۆژنامەی پراڤدای زمانحاڵی سیاسەتی سۆڤیەت و هەروا ڕۆژنامەکانی ئێران و کەسایەتی و ڕێبەرانی ئێران بە تایبەتی کەسێکی وەک موحەمەدی موسەدیق کە بە مرۆڤێکی نیشتمانپەروەرو پێشکەوتوو دیموکراتخواز ناوی دەرکردووە، بەڵام هەستی شۆڤینی و ئێرانچیەتی کوێری کردووە و تەنانەت مافی ئاخاوتن و خوێندن و فێرکردن بۆ گەلانی بندەستی ئێران بەزمانی زگماکی خۆیان واتە ئەو مافە سەرەتاییانیەی کە لەیاسای بنچینەیی ئێرانیشدا هەوبووە ڕەوا نابینێت و تەنیا ئازادی و ماف بۆ نەتەوەی باڵادەست واتە فارس دەخوازێت و گەلانی تری ئێران هەردەبێ بندەست بن و ئاسمیلاسیۆن بکرێن و گەلانی نە فارس هەربۆ خزمەتکردن و پاریاستن و ئاوەدانکردنەوەی ئێران بن و جێبەجێکردنی یاسای بنچینەیی ئێران، یان ڕێکخستنی کومسیونی سێ لایەنە بۆ لێکۆڵینەوەو چارەسەرکردنی کێشەی ئێران بە پارچەکردنی ئێران دەزانێت. موسەدیق و هاوبیرەکانی زۆربوون و تا ئێستاش لایەنگرانی ئەو ڕێبازە کە 95 ساڵ بەسەر دامەزراندنی یاسای بنچینەیی ئێران ساڵی 1906 تێدەپەڕێ هەر لە زۆربووندان. کاربەدەستانی ئێران و کەسانی وەک موسەدیق ئەو خزمەتە گەورەی سۆڤیەتیان نەشاردۆتەوەو سوپاس و پێزانینی خۆیان ئاراستەی سۆڤیەت دەکەن کە جارێکی تر ئێرانی لە دابەشبوون ڕزگارکرد. و لەم بارەیەوە خۆیان بە قەرزاری سۆڤیەت دەزانن.
سۆڤیەت نەک تەنیا دژی هەڵوێستی ڕۆژئاواییەکان (ئینگلیس و ئەمەریکا) بۆ پێکهێنانی کومسیونی سێ لایەنە بۆ چارەسەرکردنی هەندێک کێشەی گەلانی نافارسی ئێران بوو بەڵکو بێ شەرمانە کێشەی گەلانی ئێران بە تایبەتی ئازەربایجان و کوردستان کە بە خۆیەوە گرێدرابوو یان کێشەی ئازادییە دیموکراتیەمان و هەڵبژاردن هەر باس ناکات.
کاریگەریی تێگەتیڤانەی سۆڤیەت دەربارەی کێشەی ئێران تەنیا لەم کۆنفرانسەدا نەبوو، بەڵکو لە تەواوی دانیشتن و کۆنفرانسەکانی پاشانیش هەیچ گەلاڵە یان پێشنیازێکی تەنانەت بۆ چارەسەری کێشەی ئازەربایجان و کوردستانیش نەبوو کە بە خۆیەوە گرێدرابوو. تەنیا یەکجار نەبێت کاتێک قەوام سەردانی موسکۆ دەکات داوای چارەسەرکردنی کێشەی ئازەربایجان (نەک کوردستان)ی لێدەکەن، کە پاشان ئەم قسەیەش وەردەگرنەوەو کێشەی ئازەربایجان بە کێشەیەکی ناوخۆی ئێران دادەنێن. و ڕادەگەیەنن کە سۆڤیەت دەست لە کاروباری ناوخۆی ئێران وەرنادات. ئەوەبوو کە لە پەیمانی نێوان سۆڤیەت و ئێران لەسەر نەوت، هەربەیەکجاری کێشەی ئازەربایجان لادەبرێت. لەمە بەولاوەتریش بەرژەوەندی ئابووری نەوت و بەرژەوەندیەتایبەتیەکانی تری سۆڤیەت تەنانەت دەستەخوشکەکەی خۆی واتە حزبی تودەشی کردە قوربانی و بواری نەدا کە سەرکردەکانی حزبی تودەو ئازەربایجان

و کوردستان سەربەخۆیانە بڕیاربدەن. بەڵکو بەڵێنی ڕادەستکردنیشیانی بەدەسەڵاتدارانی تاران دا.

ئەم وتانە بۆ ئەوە نیە ئاو بە دەست و پێی ئەمەریکاو ئینگلیسدا بکەین و پاکانەیان بۆ بکەین بەڵکو ئەوانیش لەماوەی 37 ساڵ تەمەنی دەسەڵاتی حەمەڕەزاشا کە پاڵپشت و یارمەتیدەری بوون بەرپرسیاری گشت ئەو کارەسات و تراژیدیانەن کە لەو ماوەیادا بەسەر گەلانی ئێراندا هات و ئەوان لەماوەیەکی دوورودرێژدا واتە تا ساڵی 1979 هەوساری سیاسەتی ناوخۆودەرەوەی ئێرانیان لەبەردەستدابوو پاشانیش میراتەکەی ڕژێمی بنەماڵەی پەهلەویان بۆ کۆنەپەرستانی کۆماری ئیسلامی هێشتەوەو ئێستاش گەلانی چەوساوەی بندەستی ئێران لەسەرەتایی ترین مافی خۆیان بێبەشکراون.

هەروا هەردەوڵەتانی ڕۆژئاوابوون کە یارمەتی سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووری و لەشکری... ڕژێمە داڕزاوەکەی پاشایەتی ئێرانینان دا کە بزووتنەوە ڕزگاریخوازیەکانی گەلی کورد بە تایبەتی کۆماری کوردستان لە ناو بەرن، ئاشکرایە ئەگەر پشتگیری ئەوان نەبووایە سوپا لێکهەڵوەشاوەکەی شا توانای سەرکوتکردنی ئەو بزووتنەوانەیان نەبوو. جگە لەمە هەرلەسەرەتای داگیرکردنی ئێران لە لایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە و ڕاکردنی ڕەزاشا بزووتنەوەی ئازدیخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرتر لە گەلانی تر خۆی نواند، بەڵام هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ماوەی شەڕی دووەی جیهانی و پاش شەڕیش هەڵوێستێکی نامرۆڤانەو دژ و ئاوەژووکردنەوەی بزووتنەوەی ڕەوای گەلی کوردبووەو بەدەستکردی سۆڤیەتیان داناوە. لەمبارەیەشەوە تا بڵێی بەڵگەو دیکومینت زۆرن جا هەر لە نوت و بیرخەرەوەی دەوڵەتەکانیان و ڕاگەیاندنی دەسەڵاتدارانیان و چاپەمەنیەکانیانەوە بگرە تادەگاتە داوای ناردنی هێزە سەرکوتکەرەکانی ئێران بۆ گێڕانەوەی هێمنایەتی لە کوردستان و ئازەربایجان.

ئاراستەکردنی گەلاڵەی کومسیونی سێ لایەنە لە لایەن ئەمەریکاو ئینگلیسەوە بۆ کونفرانسی موسکو ئەگەر لە لایەن سۆڤیەتەوە پەسەند نەکرا خۆ دەکرا ئەم گەلاڵەیە ئاراستەی نەتەوە یەکگرتوەکان کرابایە. یان بەبێ ئەمەش ڕۆژئاوا ئەگەر مەبەستی بوایەو نیازپاکی لەگەڵدا بووایە بە تەنیاو بە بێ سۆڤیەتیش دەیانتوانی لانی کەم داوای جێبەجێکردنی مادەکانی 94-91 دەربارەی خوێندن و فێربوون بە زمانەکانی کوردی و ئازەری و عەرەبی بکەن.

- ماویەتی -

سەرچاوەو پەراوێزەکان:
14-هەمان سەرچاوەی پیشوولاپەڕە 192
15-هەمان سەرچاوە لاپەڕە 240-245
16-هەمان سەرچاوە لاپەڕە 249-250
17- هەمان سەرچاوە لاپەڕە 250
18- هەمان سەرچاوە لاپەڕە 251
19- هەمان سەرچاوە لاپەڕە 262-263
20- هەمان سەرچاوە لاپەڕە 262-269
21 – هەمان سەرچاوە لاپەڕە 274- 275

# کۆبوونەوەی مۆسکۆی نێوان ئەمەریکاو ئینگلیس و سۆڤیەت لە دیسامبری 1945و تراژیدیای گەلانی ئێران

د. ئەفراسیاو هەورامی-رووسیا

بەشی چوارەم

هەڵوێستی سۆڤیەت لەسەر پێکهێنانی کۆمسیونی هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆی ئێران لە کۆنفرانسی موسکۆ بەدوای کۆمەڵە مامەڵەیەکی دوولایەنەی موسکۆ تارانەوەبوو. کە هەمووی بەزیانی سۆڤیەت و بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانی تاران تەواو بوو. سیناریۆی ئەو ڕووداوانەم لە گەڵێک جێگای تر باسکردووەو لێرەدا تەنیا ئاماژەیان پێدەکەم. کە ئەم ڕاستیە تاڵە دەردەخەن کە پاشەگزە لەدوای پاشەگزەی سۆڤیەت بەرامبەر ڕژێمی ئێران بوو بە ئاشبەتاڵ و شکستی تەواوی سۆڤیەت نەک تەنیا لە ئێران بەڵکو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەسەرەتادا لەسەر داخوازی ئێران کێشەی کوردی لە تەواوی وتووێژو چاوپێکەوتنەکانیاندا لابرد و تەنیا کێشەی ئازەربایجان مایەوە پاشان هەر لەسەر داخوازی ئێران و لەبەر خاتری بەستنی پەیمانی نەوت کێشەی ئازەربایجانیش بە کێشەیەکی ناوخۆیی دادەنرێت و ئەمجار بەیەکجاری لە بابەتی وتووێژەکان دەهێنرێتە دەرەوە. پاشتریش هەر بۆ ئەوەی ئێران واز لە شکاتکردن لە سۆڤیەت لە شورای ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بردنە دەرەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران بهێنێت، بەڵێنی تەسلیمبوونی سەرانی کوردو ئازەری بەکاربەدەستانی ئێران ئەدات. و جگە لە کونفرانسی موسکۆش کە باسکرا ئەوەبوو کە هێزەکانی خۆی بەرامبەر پەسەندکردنی پەیمانی نەوت لە لایەن مەجلیسی ئێرانەوە دەباتەدەرێ و سۆڤیەت جگە لە بێدەنگی و چاوڕێی قەزاوقەدەر چیتر کارتی مامەڵەکردنی پێنامێنێت و تەنیا پاش ئەوەی مەجلیسی ئێران لە 22ی ئەکتوبری 1947 واتە پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە دە مانگ بەسەر هەرەس پێهێنانی کۆماری کوردستان و ئازەربایجان، پەیمانی ئێران سۆڤیەت لە لایەن مەجلیسەوە ڕەتدەکرێتەوە. پاش مانگێکی تر واتە 1947/11/20 یاداشتی پروتیستانەی خۆی دژی بڕیاری مەجلیسی ئێران پێشکەشی دەوڵەتی ئێران دەکات. کە لە پەیمانی هاوبەشی دەرهێنانی نەوتی ئێران کە لە 4/ ئاپریلی 1946 ئێوان ئێران و سۆڤیەت بەسترابوو لە لایەن ئێرانەوە پێشێل دەکرێت. تا ئەودەمەی کە چارەنووسی پەیماننامەی نەوتەکە دیارنەبوو سۆڤیەت لە بەرامەر ئەو هەموو تاوانانەی دژی کوردو ئازەری ئەنجامیدا یاداشتێکی پروتیستۆیی ئاراستەی دەوڵەتی ئێران نەکرد. خۆ وەنەبێ هەڵوێستی ئەمەریکاو ئینگلیسیش لەمڕووەوە لەهی سۆڤیەت باشتر بووبێ، ئا لێرەدا پوچەڵی گەلاڵەی کومسیونە هاوبەشەکەیان لە کونفرانسی موسکو دەرئەکەوێت.

**ڕەنگدانەوەی کونفرانسی موسکو لەناو کۆڕوکۆمەڵ و ڕۆژنامەکانی ئێران و دەرەوەدا:**

ڕۆژنامەی دەریا 10-1945/12/11 ژمارەیەکی تایبەتی خۆی لەسەر کونفرانسی وەزیرانی دەرەوەی ئەمەریکاو ئینگلیس و سۆڤیەت

بڵاودەکاتەوەو ڕوو لە مەجلیس دەکات و دەنووسێت کە ئەم کونفرانسە کێشەی ئێران چارەسەردەکات. بەڵام بەبێ بەشداری نوێنەری ئێران لەوانەیە داهاتوویەکی مەترسیدارو بگرە دابەشکردنی ئێرانی لێبکەوێتەوە. و ئەگەر ئینگلیس نەتوانێت ڕۆڵ و دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئێراندا مسوگەر بکات، ئەوە دەستبەجێ ئامادەدەبێت ئێران بە ناوچەی ژێر نفوزی ئێوان زلهێزەکان دابەشبکرێت.

ڕۆژنامەی دەریا ئامۆژگاری دەسەڵاتدارانی ئێران دەکات و دەنووسێت کە دەوڵەتی ئێران پێویستە تا 1945/12/15 واتا تا کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی ئەمەریکاو ئینگلیس و سۆڤیەت لە مۆسکۆ ئاڵوگۆڕێک لە سیاسەت و یاساکانی خۆیدا بکات. ئەمەش بۆ ئەوەی سێ زلهێز ڕووبەڕووی ئەمری واقیع ببنەوەو ئێران نیشان بدات کە بەڕاستی سەربەخۆیەو بۆخۆی بڕیاردەدات. هەروا ڕۆژنامەی دەریا داوای لاچوونی سەرۆک وەزیران حەکیمی دەکات و دەڵێ پێویستە مرۆڤێکی بێلایەن ببێتە سەرۆکی وەزیران و بۆ بەشداری کۆنفرانسی سێ زلهێز بچێتە مۆسکۆ تا کێشەی ئێران بەبێ نوێنەری خۆی چارەسەر نەکرێت.

ڕۆژنامەی (فردا) لەسەر کۆبوونەوەی مەجلیسی ئێران لە 1945/12/22 دەنووسێت کە مەجلیسی ئێران بۆ دوو مەبەست خەریکی کۆکردنەوەی ئیمزایە، یەکەمیان بۆ لەکارکێشانەوەی حەکیمی، و دووەمیان بۆ هاتنە سەردەسەڵاتی قەوام السەلتەنە. بۆ هی یەکەم 10 دەنگ و بۆ ئەوەی دووەمکیش 25 دەنگ کۆکراوەتەوە ئەوانەی ئیمزایان کردووە فراکسیونی تودەو دۆستانی موحەمەدی موسەدیقن .

ڕۆژنامەی (باختر) لە 1945/12/20 لە زمانی موسەدیقەوە لە مەجلیس ڕادەگەیەنێت کە موسەدیق پێشنیازی ریفراندۆمی بۆ سیستەمی فیدراتیڤی بۆ ئێران کردووە و گوتویەتی کە دەبێ زۆرتر لەنیوەی دانیشتوان، نەک سەدهەزارکەس لە 15ملیون ئێرانی دەنگی پێ بدەن.

بەهار، یا ملک الشعرا کە وەزیری پەروەردەی کابینەی قەوام السەلتەنەبوو لە ژمارە 943- ساڵی 1945 ی ڕۆژنامەی (یەغما)دا ڕوو لە فیرقەی ئازەربایجان دەکات و دەڵێت: ئێوە دەڵێن کە زمانی ئازەری زمانی زکماکیتانەو دەبێ لە قوتابخانەکانی ئازەربایجاندا بخوێنرێت. کەواتە بەم پێیە دەبێ لە قوتابخانەکانی خوزستانیشدا لەبەرئەوەی لەوێ بەعەرەبی قسەدەکەن، زمانی عەرەبیش بخوێندرێت و جا ئەگەر لە بەلوجستان منداڵەکان بە بەلوچی و ئەرمەنیەکان بە ئەرمەنی و کوردەکان بە کوردی و لوڕەکان بە لوڕی و...هتد بخوێنن ئەوکاتە دەبێ تەسەوری ئەوەبکەین کولتوری ئێمە تووشی چ ئانارشیەک دەبێت .

ئاژانسی تاس-1946/1/10

**بەیانیەی باڵوێزی ئێران لە قاهیرە سەبارەت بە ئازەربایجان**

ئیمڕۆ 8ی یانواری باڵوێزی ئێران لە قاهیرە ئەم بەیانیەی خوارەوەی لە ڕۆژنامەی (الاهرام) بڵاوکردەوە:

چەند سەدەیەکە ئازەربایجان بەشێکە لە ئێران. لەباری جیوگرافیاییەوە لەچوارچێوەی ئێراندایەو مێژووشی بەستراوەتەوە بە ئێران. دانیشتوانی ئازەربایجان هەر ئەو ئایین و زمانەیان هەیە کە لە ناوچەکانی تری ئێراندا هەیە و خووونەریت و کولتووری ئازەربایجان بەدرێژایی مێژوو هەر بە ئێرانەوە گرێدراوە. ئەوانە عەباس بەشای خۆیان و فیردەوسی و سەعدی و خەیام بە شاعیرانی خۆیان و نەورۆزیش بە جەژنی خۆیان دەزانن. و بەمجۆرە هیچ

جیاوازییەکیان لەگەڵ ئێرانیەکانی تردا نیە. ڕینیسانسی سەردەمی ئیمڕۆی ئازەربایجان، ئەگەر بتوانین ناوێکی وای لێ بنێین، هەموو دانیشتوانی ئازەربایجان ناگرێتەوە، بەڵکو ناچارەکرێن کە بەشداری تێدابکەن. ئەم بزووتنەوەیە بزووتنەوەیەکی بەزۆرەو هەربە کۆتاییهاتنی دەستێوەردانی دەرەوە و کاتێک دانیشتوان هەست بە مەترسی نەکەن و لە هێمنایەتیدا بژین، هەموو نیشتمانپەروەرن. ئەگەر جیهان دەیەوێت یەکسانی و ئازادی سەربکەوێت، بەتایبەتی دوای پێشکەشکردنی ئەم هەموو قوربانیانە، ئەگەر جیهان دەیەوێت ڕاستی بارودۆخی ئازەربایجان بزانێت با کومسیونیکی بێلایەن بۆ سەقامگیردردنی هێمنایەتی بۆ ئەم هەرێمە بنێردرێت. ئەوەی ناوی دیموکراتی لێنراوەو خەڵکی پێ فریودەدرێ ، لەڕاستیدا جگە لە یاخیبووتێکی ساختە کە لەلایەن هێزێکی داگیرکەرەوە ڕێبەرایەتی دەکرێت و دژی گەل و دەوڵەتی ئێران بەڕێوەدەبرێ، هیچی تر نیە. بەداخەوە ئەم تاوانانە لەکاتێکدا ڕوودەدەن کە هێشتا ئەو مەرەکەبەی مەنشوری ئاتلانتیکی پێ مۆرکراوە وشک نەبۆتەوە.22

ئاژانسی تاس: وتەکانی مەجلیسی ئێران سیقەت الاسلامی و موسەدیق لە کۆبوونەوەی مەجلیسی ئێران :

تاران- 9ی یانواری 1946

لە کۆبوونەوەی مەجلیسی ئێران سیقەت الاسلامی ڕایگەیاند کە ئەو ئامادەیە تەنانەت بۆ هاتنی سەد کومسیونیش بۆ ئێران بۆ ئەوەی ببینن کە ئازەریەکان لە چ بارودۆخێکی دژواردا دەژین. و چۆن کەوتونەتە ژێر چەپۆکی هەندێ نەناسراووچەکدار. ئەگەر کومسیون ئەرکی ئەوەبێت زمانی ناوچەکان بکاتە زمانی ڕەسمی، و یان دەست لە کاروباری دەرەوەی ئێران وەربدات ئەوە نابێ بەهیچ جۆرێک موافقەت لەسەر هاتنەکەیان بکرێت یەک زمان بۆ تەواوی ئێران هەیە ئەویش فارسیە.

پاشان دکتور موسەدیق دەستی بە قسەکردن کردو گوتی کە پەسەندکردنی کومسیوتێکی سێ لایەنە لەلایەن ئینگلیس و ئەمەریکاو سۆڤیەتەوە زیندووکردنەوەی پەمانی 1907ە بەشێوەیەکی خراپتر.

پاشان موسەدیق دەڵێت کە دەوڵەتانی ئینگلیس و ئەمەریکا نابێ دووبەرەکی لەو ناوچانە درووست بکەن کە جیاوازییەکیان تێدا نیە. و گەلی ئێران سوپاسی یەکیەتی سۆڤیەت دەکات کە ئامادەیی خۆی بۆ ڕێکخستنی کۆمسیۆتێکی ئەوتۆ دەرنەبڕی.

بەبۆچوونی موسەدیق هەر دەوڵەتێک کە لە نیشتمانپەروەران پێکهاتبێت نابێ پێشنیازێکی ئەوتۆ پەسەند بکات و دەبێ ڕەتیکاتەوە. و تەنانەت لێکۆڵینەوەو تاوتوێشی لەسەر بکات. جگە لەوە بە وتەی ڕادیو لەندەن یەکێک لەو دەوڵەوتانە بەشداری ڕێکخستنی ئەو کومسیونە ناکات و بەم چەشنە دوو دەوڵەت دەمێننەوە و پێشنیازەکەش لەلایەن ئەوانەوە کراوە. موسەدیق هەروەها باسی ئوستانداری ئازەربایجان دادوەری کرد کە کاتی خۆی لەبەر ئەوەی گوتبووی کە دەبێ ئیمتیازی نەوتی ئێران بە سۆڤیەت بدرێت لەسەر کارلابراو هەروا لەبەر ئەوەی شارەداری تەورێز لە مامەڵەیەکدا چەند هەزار تمەن زیانی بەشاری تەورێز گەیاندبوو ئەویش لابرا. موسەدیق مەبەستی تەقی زادە بوو و پرسیاری کرد کە بۆچی سیاسەتی دەوڵەت لە دەستی کەسێکە کە پەیمانی نەوتی ئێران- ئینگلیسی بۆ 32ساڵی تر درێژکردەوەو 10600 ملیون تمەن زیانی بە ئێران گەیاند؟ بۆ دەبێ ئەم مرۆڤە لە شورای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان نوێنەری ئێران بێت؟

لە کۆتاییدا موسەدیق داوای دەست لەکارکێشانەوەی دەستبەجێی حەکیمی کرد.؟ 23

لە لایەن ئاژانسی تاسەوە

1946/1/13

گۆڤاری ئیکونومیستی ئینگلیسی لەسەر بارودۆخی ئێران لە لەندەن دەنووسێت (1946/1/11)

... نیشانەو بەڵگەی زۆر بە دەستەوەن کە ڕووسەکان بە ئەتونومی بۆ ئازەربایجانی گوێ لەمستیان ڕازی نەبن چونکە تەواوی وتوو وێژەکانیان هەر لەسەر نەوتەو هەر لەساڵی 1944 وە تا ئێستا ئەو ڕاستیە تێناگەن کە ئینگلیسەکان لەمێژە، واتە بەر لەداگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە کەڵکی لەنەوتی باشووری ئێران وەرگرتووەو لەچاو سۆڤیەت دەستێکی باڵاتری هەبووە ڕووسەکان تا ئێستا نەیانتوانیوە ئیمتیازی نەوتی ئێران بەدەست بخەن. بۆیە لە داهاتوودا ڕووسیاو هێزە لایەنگرەکانی لە ئێران هەوڵدەدەن کە دەرهێنانی نەوتی ناوچەیەکی ئێران بخەنەدەستی خۆیان.

لەوانەیە درووستکردنی کومسیوتێکی هاوبەش بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی ناوخۆی ئێران کە لەلایەن ئینگلیس و ئەمەریکاوە پێشنیازکراوە، لەلایەن ئێرانیەکانەوە بەگەلاڵەیەکی ناتەواو و ناڕێکوپێک دابنرێت. یەکەم، هەر پلانێک کە مۆری ئینگلیسی پێوەبێت هێشتا بە سیاسەتێکی ئیمپریالیستانەی سەدەی نۆزدە دادەنرێت و دووەم، ئێرانیەکان باوەڕی زۆریان بە (ڕاوێژکارانی) ڕۆژئاوا نیە. بۆیە هەتاوەکو ئەم بیرو باوەڕە لە ئێراندا هەبێت ڕاوێژکارانی ڕۆژئاوایی لە ئێراندا سەرکەوتن بەدەست ناهێنن. بۆیە ئەگەر بێت و پلانی ڕۆژئاواییەکان لە ئێران سەرنەگرێت پارتە لایەنگرەکانی سۆڤیەت لە ئێران و پشتیوانەکەیان واتە سۆڤیەت لەم سیاسەتەدا سەردەکەون.24

کابینەی وەزیرانی ئێران لەگەڵ درووستکردنی کومسیوتێکی هاوبەش لەگەڵ نوێنەرانی ئەمەریکاو ئینگلیس و سۆڤیەت بۆ چاودێری کردن لە کاروباری ئێرانن.

1946/1/7 تاس

لە کۆبوونەوەیەکی دوردرێژی شورای وەزیرانی ئێران لە 1/4دا تاوتوێی پێشنیازی باڵوێزەکانی ئەمەریکاو ئینگلیس سەبارەت پێکهێنانی کومسیوتێکی هاوبەش بریتی لە نوێنەرانی ئەمەریکاو ئینگلیس و سۆڤیەت بۆ کێشەی ئازەربایجان و بەگشتی کێشەی ئێران کرا. سەرەڕای دژایەتی بەشێک لە وەزیران، کابینەی وەزیران بڕیاری پەسەندکردنی ئەم کومسیونەی دا. لە 1/5دا ئەم کێشەیە لە کۆبوونەوەی کومسیونی مەجلیسی ئێران سەبارەت بەکاروباری دەرەوەی ئێران تاوتوێکراو زۆربەی ئەندامانی ئەم کومسیونەی مەجلیس دژی ئەو پێشنیازەی سەرەوە دەنگیاندا.

ڕۆژنامەکانی (نوروز ایران) و (فروغ) و (نجات ایران) و ڕۆژنامە دیموکراتەکانی تر لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیان دژی پێشنیازی ناوبراو لەلایەن (بولارد و مەرین)وە دەنووسن کە پێشنیازی ناوبراو دژی سەربەخۆیی ئێران و سەروەری ئەم وڵاتەیە. ڕۆژنامە دیموکراتەکان ڕەخنەیەکی زۆر توندیان ئاراستەی حەکیمی سەرەک وەزیران کردووە کە ئامادەیە دەستێوەردانی بێگانە لە کاروباری ئێران پەسەند بکات. لە پەیوەندی لە گەڵ ئەم کێشەیەو هەروەها دوو هەفتە لەمەو بەر لە ماڵی نوێنەرانی مەجلیسی ئێران دەوڵەت ئابادی و ئەمیری تەیموری کوبوونەوەیەکی نوێنەرانی کونەپەرستانی مەجلیسی ئێران بەستراوە کە لەسەر ئەم بارودۆخەی

ئیمڕۆی ئێران قسەیان کردووە. لەم کۆبوونەوەیەدا پێشنیازکراوە کە دەوڵەتی ئێران و مەجلیس داوا لە ئەمەریکا بکەن کە بۆ ماوەوی بیست ساڵ پروتیکتوراتی بەسەر ئێراندا دابمەزرێت. لە کۆڕو کۆمەڵی سیاسی تاران دەڵێن کە هەڵوێستی حەکیمی سەبارەت پێشنیازەکەی بولارد و مەرین ئەنجامی ئاسایی و سروشتی کۆبوونەوەکەی نوێنەرانی مەجلیس لە ماڵی دەوڵەت ئابادی و ئەمیرتەیموریە. تاقمی سەید زیائەدین و ڕۆژنامەکانیان بۆ مانەوەی دەوڵەتی حەکیمی لە کەمپانیای پروپاگەندەی خۆیان بەردەوامن.25

ڕۆژنامەی (ئیران ما) لە 1945/12/19 (24/ئازەر/1324ی هەتاوی) باسی وتەکانی سەرۆک وەزیران حەکیمی و موسەدیق دەکات کە دووڕۆژ لەمەوبەر لە مەجلیسی ئێران ڕایانگەیاندبوو بووبوو بە هەراوهوریای نوێنەرانی مەجلیس. دکتور موحومەدی موسەدیق لە مەجلیسی ئێران وتارێکی دوورودرێژی دابوو و ڕەخنە لە دەوڵەت، بە تایبەتی وەزیری ناوخۆی ئێران دەگرێت. پاشان هەندێک شکاتی خەڵکی ئازەربایجان و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان دەخوێنێتەوە ڕۆژنامەی ناوبراویش ئاماژە بە وتەیەکی موسەدیق دەکات و دەنووسێت:

موسەدیق لەو باوەڕەدایە کە لەبەر ئەوەی تەواوی ئێران وەک ئازەربایجان ڕانەپەڕیون و بۆ داواکردنی مافەکانی خۆیان ئامادە نەکراون، نابێ لە سەر داخوازییەکانی ئازەربایجانیش موافقەت بکرێت. ڕۆژنامەی ناوبراو لە وەڵامدا دەنووسێت کە هیچ کاتێک شۆڕشێکی ئازادیخواز لەهەموو شوێنێکدا پێکەوە دەستی پێنەکردووە. بەڵکو هەمیشە داخوازییەکانیی ناوچەیی بوونەهوی ئەوەی خەڵکی ئەو ناوچەیە پێش ئەوانی تر بکەون و شۆڕش بکەن. بۆ وێنە شۆڕشی مەشروتە لە ئازەربایجان دەستی پێکردو پاشان گوێزرایەوە شوێنەکانی تری ئێران.

پاشان ڕوودەکاتە سەروک وەزیر حەکیمی و دەنووسێت: شورشی مەشروتە کە سەرۆک وەزیر خۆی بەلایەنگرو بەشداری ئەم شۆڕشە دادەنێت، ئایا قانونی مەشروتەی ئێوە، و یاسای بنچینەیی ئێوە، و ڕۆڵی ئێوە هیچ ئاڵوگۆڕێکی لە ژیانی خێڵ و چیانشینەکانی فارس و بەلوچستان کرد؟...

ئەمانەو گەلێک بەڵگەو دوکومینتی ڕۆژنامەوانی ترلە سەر ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەو بەتایبەتی کێشەی ئێران و کومسیونی سێ لایەنە لەبەر دەستاندان و لێرەدا هەربواری نیشاندانی ئەم نموونانەی سەرەوەمان هەبوو. پێویست بە بیرهێنانەوەیە کە پاش ئەوەی هەموو هەوڵەکانی ئینگلیس بۆ پێکهێنانی کومسیوتێکی سێ لایەنە سەری نەگرت، بەرامبەر سیاسەتی سۆڤیەت کە دەیویست لە ڕێگای کێشەی کوردستان و ئازەربایجانەوە گوشار بخاتە سەر ئێران. ئینگلیسیش ڕاپەڕینی خێڵەکانی باشوورو ڕۆژئاوای ئێرانی بە تایبەتی کوردەکانی کرماشان بە سەرۆکایەتی قوبادیانی ڕێکخست و لە باشووری ئێران چەند شارێکیان وەک بوشهر و کازرون گرت و تەواوی پێگەو پادگانەکانیان چەککردن. ئەم ڕاپەڕینە پاشان بە بزووتنەوەی باشوور ناوبانگی دەرکردو هەر ئەوانیش دژی ئەو توودەییانەی لە کۆمپانیای نەوتی ئێران- ئینگلیس مانیانگرتبوو بەکارهێنران و قەلاچۆی توودەییەکانیان پێکراو ژمارەیەکی زۆریش لە کرێکارانی کۆمپانیای ناوبراو بوونە قوربانی.

ئارتور. چ . میلسپو Millspaugh کە ماوەیەکی زۆر وەک بەرپرسی بەشی دارایی ئێران بووە، لەلایەن قەوام السەلتەنەوە بۆ ئێران بانگ دەکرێت. ناوبراو لەلایەکی ترەوە لەلایەن دەوڵەتی ئەمەریکاوە دەنێردرێتە ئێران و ڕۆڵێکی زۆری

لەبەرپێوەبردنی سیاسەتی ئەمەریکا لە ئێران بینیوە. و تەنانەت ڕوزولت لەکاتی کونفرانسی سێ زلهێز لەتاران پرس و ڕاوێژی لەگەڵدا دەکات و باڵوێزەکانی ئەمەریکاش لەو سەردەمەدا بێ پرس و ڕاوێژکاری میلسپو هەنگاوێکیان هەڵنەهێناوەتەوە. هەر بۆیە سۆڤیەتیەکان لە ڕێگای حزبی تودەوە (پێش تودەش حزبی کومونیستی ئێران) هەوڵی دەرچوونی لە ئێران دەدەن و تەنانەت سۆڤیەت بە شێوەیەکی ڕەسمی داوای دەرچوونی لە ئێران دەکات. میلسپو، کتێبێکی بەناوی ئەمەریکاو ئێران نووسیوە کە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەت لە 1947دا وەرگێردراوەتە سەر زمانی ڕووسی. وەرگێردراوە ڕووسیەکە چاپنەکراوە بەڵام بۆ کەڵک وەرگرتنی خۆیان لە ئارشیوی وەزارەتی دەرەوە وەک دەستنووس ماوەتەوە. نووسینەکەی میلسپۆ زیاتر لە سەر ململانێی زلهێزەکان لە سەردەم و پاش جەنگی جیهانی دووەم و بەتایبەتی ئەوەی کە ئێمە لێرە مەبەستمانە دەربارەی کونفرانسی موسکو لە دیسامبری 1945 هەندێ زانیاری باشمان دەداتێ. هەروا باسی دیکتاتوری و دزی و تالان و بڕۆی ڕەزاشاو بنەماڵەو دەوڵەت و حکومەتەکەی دەکات و دەڵێت کە باشترین زەوی و زاری ئێران ملکی ڕەزاشابوون. و هەروا بێ بەزەییانە ڕاپەڕینەکانی گەلانی نافارسی ئێرانی بە ئاگاداری و دەست لەپشتدانی هەرسێ زلهێز سەرکوتکرد. (لاپەڕەکانی 29-47)

میلسپو چارەسەرکردنی کێشەی ئێران بە پێکهاتن و بەستنی پەیمانێکی هاوبەشی ئێوان سێ زلهێز سەبارەت بە ئێران دەزانێت و دەنووسێت کە بڕیارێکی ئێونەتەوەیی ئەوتۆ دەتوانێت سەروەری یەکپارچەیی خاکی ئێران بپارێزێت. (لاپەڕە 256)

هەروا نووسەر دەڵێت کە سۆڤیەتیەکان دەیانەوێ خۆیان بەتەنیا لەگەڵ ئێراندا هەڵسوکەوت بکەن، بەڵام نازانن کە ڕەوتی ڕووداوەکان بەپێی پلانەکانی ئەوان ناچنە پێشەوە. سۆڤیەت هیچ حسابێکی بۆ هەڵوێست یان وەڵامدانەوەی ئەمەریکا لەسەر کێشەی ئێران نەکردبوو، و وایدانابوو کە ئەمەریکا بێلایەن ڕادەوەستێ و یان بایەخێکی ئەوتۆ بەکێشەی ئێران نادات. لەڕوانگەی سۆڤیەتیەکانەوە کێشە لەسەر ئێران ئێوان کومونیزم و ئیمپریالیزمە بەڵام لەڕاستیدا ململانێی ئێوان سۆڤیەت و ئینگلیس لەسەر دەستبەسەرداگرتنی ئێران مێژوویەکی دووردرێژتری هەیە کە ئێستا سوڤیەتیەکان بەم دروشمانە دەریدەخەن. (ل272)

ئەمەریکا پێویست بوو هێزو گەورەیی خۆی بەرامبەر دەسەڵاتدارانی موسکۆ کە سەربەخۆ دەجووڵانەوە نیشانبدات. ئەوەبوو ئێمە لەڕێگای دیپلوماسی و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە نەمانهێشت ئێران بەرامبەر سۆڤیەت چۆک دابدات. گەرچی کێشەی ئێران بەشێکە لەکێشە ئاڵۆزەکانی جیهان و نابێ چاوەڕوانی هاوکاری سێ زلهێز بۆچارەسەری کێشەی ناوچەیەک (مەبەست ئێرانە) بەدەر لە کێشەکانی تری جیهان بۆ وێنە ئەڵمانیاو کوریاو چین بکرێت. کەواتە بۆ ئەوەی پێکەوە بتوانن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هاوکاری یەکتر بکەن، دەبێ هەوڵبدرێت گومانی ئێوان سێ زلهێز نەمێنێت. (ل273)

میلسپو ئەو ڕاستیەش ناشارێتەوە کە ئەمەریکاییەکان زۆر لە ڕۆڵی سۆڤیەت لە ئێران ترساون و هەروا ئەوەش ناشارێتەوە کە ئەمەریکا بەتەنیایی نەیتوایوە ڕژێمی ئێران بپارێزێت، هەر بۆیە ئەمەریکاو ئینگلیس پێکەوە پێشنیازی کومسیوێکی هاوبەشیان لە کۆنفرانسی موسکو هێنایە کایەوە. نووسەر وەک پسپۆرو شارەزایەک لە

کاروباری ئێران وسیاسەتی نەتەوەیی و وەک کاربەدەستێکی ئەمەریکایی لایەنگری هاوکاری سێ زلهێز بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی جیهان و بەتایبەتی کێشەی ئێرانەو پێیوایە ئەگەر بڕیارێکی هاوبەش لەسەر ئێران هەبووایە لەسەر کێشەکانی تری جیهانیش بڕیاردەدرا. هەروا نووسەر لایەنگری پاراستنی بەرژەوەندییەکانی سێ زلهێز لەئێران بووە و دژی سەرگرتنی پەیمانی نەوتی ئێران-سۆڤیەت نەبوو، بەڵام بەمەرجێک کە بەرژەوەندی ئەمەریکاش بپارێزرێت.

**بەیاننامەی وەزارەتی ڕاگەیاندنی ئینگلیس سەبارەت بە کێشەی ئێران 1945/12/19**

پەرۆشی خەڵکی بەریتانیا سەبارەت بارودۆخی ئێران هەر بەردەوامە.و لەبەر ڕووداوەکانی ئەم چەند ڕۆژەی دوایی زۆرتربووە. دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئازەربایجان ڕاگەیەنراوە کەداوای ئوتونومی لەچوارچێوەی ئێراندا دەکات. بەڵام لە مانیفێستی یەکەمیدا ڕادەگەیەنێت کە تەواوی ئەو دەستورو فەرمانانەی دەوڵەتی ناوەندی ئێران کە لەگەڵ ئۆتۆنۆمی ئازەربایجاندا نەبێت ڕەتدەکاتەوە. هەروا ڕاگەیاندنی ئەوتۆش هەیە کە پەلوپۆی ئەم بزووتنەوەیە گەیشتۆتە هەرێمی گیلان و ڕۆخەکانی دەریای خەزەر، واتا نێوان ئازەربایجان و تاران. ئەم شۆڕشە لەو ناوچانە ڕوویانداوە کە هێزەکانی سۆڤیەتی لێن. و دەوڵەتی سۆڤیەت ڕێگای لە ناردنی هێزەکانی دەوڵەتی نێوەندی ئێران بۆ سەرکوتکدنی ئەم ڕاپەڕینانە گرتووە. ئێستا دەوڵەتی ئێران لە ڕێگای باڵوێزی خۆیەوە لە لەندەن بە ئاشکرا دەوڵەتی سۆڤیەت بە لادان لە ڕێکەوتننامەی 1942 کە لەوێدا سۆڤیەت بەڵێنی پاراستنی سەروەری و سەربەخۆیی ئێرانی دابوو، تاوانبارکردووە. و هەروا سۆڤیەت بێ بەڵێنی خۆی بەرامبەر لایەنی سێهەمی پەیمانی ناوبراو واتە ئینگلستان ئاشکرا کردووە. ئەمە بە نۆرەی خۆی ئەوەمان پێ دەسەلمێنێت کەزیاتر هیوا بە کۆبوونەوەی مۆسکۆ بۆ چارەسەری کێشەی ئێران ببەستین.

لەگەڵ ئەم ڕاگەیاندنەی سەرەوەی باڵوێزی ئێران بەڕێز عەلا لە لەندەن سەرۆک وەزیرانی ئێرانیش ڕایگەیاندووە کە دەوڵەتی ئێران هیچ کاتێک ئامادە نابێت ئەو دەوڵەتە بەناو دەوڵەتی ئازەربایجانەوە بەڕەسمی بناسێت. لێکۆڵەرەوانی لەندەنی لەو بڕوایەدان کە کێشەی ئێران دەبێ لەکۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی سێ زلهێز لە مۆسکۆ باسکرابێت یان باس بکرێت و ڕێگای چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.
26

بەڵام هاوکات لەگەڵ کۆبوونەوەی مۆسکۆ سوپای ئێران لەتەواوی ناوچەکانی ئازەربایجانی ئێران چەکدەکرێت و دەست بەسەر هەموو ناوچەکانیاندا دەگیرێت. کە ئەمەش دەستی ڕاستەوخۆی سۆڤیەتی تێدادەبێت و بەبێ ئاگاداری و پەسەندکردنی سۆڤیەت سەرکردایەتی ئازەربایجان بەم هەنگاوە هەڵنەستابوو. کە لەلایەن ئینگلیس و ئەمەریکاوە وەک سوکایەتی و دەستدرێژکردن بۆ سەریان وەرگیرا. و ئیتر ئەمەریکاو ئینگلیس بەیەکجاری کەوتنە دژایەتی بزووتنەوەی ئازەربایجان و لەپەنای ئەویشدا کێشەی کورد. و بەتەواوی پشتی ڕژێمی ئێرانیان گرت. و بەهەموو تواناوە کەوتنە وەلامدانەوەو بەربەرەکانی سۆڤیەت نەک تەنیا لەئێران بەڵکو لەئاستی نێونەتەوەییشدا.

**هەواڵدەری تاس 22 نوڤامبری 1945**

چاپەمەنیەکانی ئەمەریکا دەنووسن کە یەکیەتی سۆڤیەت دەوڵەتێکی کاتی کوماری سوسیالیستی کوردستانی لە یەرڤان درووستکردووە بۆ ئەوەی لەڕێگای ئەوەوە لەناو کوردەکانی عیراق و ئێراندا

پەرە بەسیاسەتی خۆی بدات. و هەروا دەخوازێ زانستگایەکی کوردی بۆ ڕاهێنان و پەروەردەکردنی لاوانی کورد بە بیروباوەڕی کومونیستی دابمەزرێنێ تا لەڕێگای ئەوانەوە پەرە بە ڕۆڵی خۆی لە ڕۆژئاوای ئاسیادا بدات.27

لەم جۆرە ڕاگەیاندن و نووسراوانە لەسەر کوردستان زۆرن. هەندێ جار نووسیویانە کە کوردەکانی سۆڤیەت کۆمارێکی تایبەتی خۆیان هەیە. دەمێک یرەڤان و دەمێک نەخچەوانیان کردووە بەپایتەختی ئەو کۆمارە. بەڵام تۆ بڵێی ڕۆژئاوا لەڕێگای سیخوڕەکانیانەوە ئاگاداری ئەنفالی کوردەکانی سۆڤیەت لە 1937-1944نەبووبن و نەیانزانیبێ کە کوردستانی سوور له1929 لەلایەن ستالینەوە هەڵوەشایەوەو خاکەکەشی لەسەر نەخشەی جیوگرافیایی سڕایەوە؟

<u>نۆتی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران بۆباڵوێزخانەی یەکیەتی سۆڤیەت لە تاران 12/13 /1945 ژمارە 4318</u>

وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران وێڕای ڕێز بۆ باڵوێزخانەی سۆڤیەت بەشانازییەوە ڕادەگەیەنێت: وەک ئاگادارن کە هاتنی هێزی هاوپەیمانان بۆ ئێران بووبەهۆی وەستان و تێکچوونی تەواوی کاروبارەکانی ئەم وڵاتەو هەروا بووبەهۆی ڕاگرتنی هەنگاوەکانی دەوڵەتی ئێران بۆ ئاوەدانکردنەوەو سڕینەوەی پاشماوەکانی شەڕ. بۆیە پێویستە ئەم کێشەیە لە کونفرانسی وەزیرانی کاروباری دەرەوەی ئەمەریکاو ئینگلیس و سۆڤیەت کە بەم زووانە لەمۆسکۆ دەبەسترێت بە گرنگی پێدانەوە باسی لێوەبکرێت. بە پێی خاڵی شەشەمی پەیمانی سێ لایەنە لە 1/29 /1942 تەواوی کێشەو گرفت و بڕیاردانەکان کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە بەرژەوەندی ئێرانەوە هەیە دەبێ لە کۆبوونەوەو بە ڕەزامەندی دەوڵەتی ئێران بێت. هەروا دەوڵەتی ئێران بەلەبەرچاوگرتنی بەیانیەی سێ زلهێز سەبارەت بە ئێران لە 1 /دیسامبری 1943 پێیوایە کە پێویستە لەم کۆنفرانسەدا کێشەی ئێران باس بکرێت و بڕیاربدرێت کە هێزە لەشکریەکانی سێ وڵاتی دۆست و هاوپەیمان دەستبەجێ تەواوی خاکی ئێران بەجێ بێڵن. لەبەر ئەوە مانەوەی هێزەکانی بێگانە سەربەخۆیی ئەم وڵاتەی خستۆتە مەترسیەوەو ڕووداوو کێشەی زۆری بەدواوەبووە. بۆ وێنە ڕووداوەکانی ئازەربایجان نموونەیەکی زیندووی ئەنجامی هەبوونی هێزەکانی بێگانە لەم وڵاتەیە. بۆیە هیچ پێویستیەکی نیزامی یان هۆیەکی تر لەئارادا نیە کە هێزەکانی دۆست و هاوپەیمان تەنانەت بۆ ڕۆژێکیش چیتر لە ئێراندا بمێننەوە. کەوابوو بۆ ئەوەی هەنگاوە پێویستەکانی دەوڵەتی ئێران بۆ سەقامگیرکردنی ئاسایش و هێمنایەتی لەوڵاتدا چیتر دوانەکەوێت و ئاڵۆزی و ناهێمنایەتی زۆرتر ڕوونەدات، ئەم داخوازییە ڕەواو یاساییەی دەوڵەتی ئێران لە کۆنفرانسی وەزیرانی کاروباری دەرەوەی سێ وڵاتی زلهێز، واتە دەرچوونی هێزەکانی بێگانەو لابردنی کۆسپ لەبەردەم ناردنی هێزەکانی دەوڵەتی ئێران بۆ گێڕانەوەی ئاسایش و هێمنایەتی گشت ناوچەکان باس بکرێت و بڕیاری بەجێ و پێویستی لەبارەوە وەربگیرێت.28

شایانی باسە بەر لەبەستنی کۆنفرانسەکە لەنێوان وەزیرانی کاروباری دەرەوەی سێ زلهێز گەلێک نامە سەبارەت بەکێشەی ئێران و دەرچوونی هێزەکانی وڵاتانی هاوپەیمان لەم وڵاتە ئاڵوگۆڕدەکرێت. بەڵام سۆڤیەت هەمیشە دەخوازێت ئەم خاڵە لە خشتەی کاری کۆنفرانسەکە بهێنێتە دەرەوەو بۆ ئەمەش هەڕەشەدەکات ئەگەر ئەمەریکاو ئینگلیس سووربن لەسەر کێشانەوەی هێزە هاوپەیمانەکان لەکاتی

دیاریکراودا ئەوە سۆڤیەتیش ئەم پرسە بە پرسی کێشانەوەی هێزەکانی ڕۆژئاوا لە چین و یونانەوە گرێدەدات. بەم جۆرە نەهیچ چارەسەرییەک پەسەند دەکات و نە خۆشی ئەڵتەرناتیڤێک پێشکەش دەکات.

**دەربارەی ڕاگەیاندنی شای ئێران**

لە هەواڵدەری تاسەوە-تاران 1945/12/7

دەسەڵاتدارانی تاران جارێ هەنگاوی توند دژی بزووتنەوەی ئازەربایجان هەڵناگرن و دەیانەوێ یاری بەکات بکەن. واتە تائەو دەمەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێرانن دەست بەکارنابن. بەڵام هەربەدەرچوونیان دەست بەسەرکوتکردنی نەک تەنیا دیموکراتەکانی ئازەربایجان، بەڵکو هەموو هێزە ئازادیخوازەکانی ئێران دەکەن. لە وتەکانی شای ئێراندا لە 10/24/ 1945 دیارە کە دەڵێت: جارێ ئێمە بواری ئەوەمان نیە خۆفرۆشەکان سزابدەین بەڵام کاتێک دێت کە ئیتر بەزەییمان پێیاندا نەیەتەوە.29

(ئەم وتەیەی شا هەڕەشەکردنێکی ئاشکرابوو کە پاش دەرچوونی هێزەکانی سۆڤیەت، ڕژێم خۆ ئامادە دەکات سزای هێزە دیموکراتخوازەکان لە سەرانسەری ئێران، بەتایبەتی لە کوردستان و ئازەربایجان بدات. واتە بەڵێنی بەڕێوەبردنی ریفۆرم لە ئێران یان چارەسەرکردنی کێشەی ئازەربایجان و جێبەجێکردنی بەندەکانی یاسای بنچینەیی ئێران و...هتد هەمووی خستە ژێر پرسیارەوە. دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت و ڕێبەرانی کوردو ئازەربایجان و هێزەکانی تری ئێران بۆدەبێ بڕیاری خۆبەدەستەوەدان بدەن مادام کە نیازی شا ئەوەیە تۆڵە لە هەمووان بکاتەوە.؟ -هەورامی)

**لەکۆبوونەوەی مەجلیسی ئێران 13ی دیسامبری 1945**

پێش دەستپێکردنی کۆبوونەوەی ڕەسمی مەجلیس، نوێنەری مەهاباد سەدری قازی داوای لەدەوڵەت کرد پارەی ئەو توتنەی دەوڵەت لەجووتیارانی مەهابادی کڕیوە بدات. وەزیری دارایی ئێرانیش لەوەڵامدا وتی کە دەوڵەت پارەی نیە. بۆیە پێویستە ماڵیاتی زۆرتر لەخەڵکی کۆبکرێتەوە تاکێشەی ئەوتۆی پێ چارەسەربکرێت، واتە پارەی توتنیش بدرێت.30

( ئەو تووتنەی بە نرخێکی کەم بە دەوڵەتی ئێران دراوە یان فرۆشراوە، پارەکەی نادرێت. داهاتی ئەو دەمی جووتیارانی ناوچەی موکریان و بەگشتی داهاتی بزووتنەوەی کورد لەناوچەکەدا تووتن بووە. پاشان کە بەرهەمی دووسێ ساڵیش بە سۆڤیەت ئەفرۆشرێت ئەوانیش پارەکە نادەن. و وەک لە جێیەکی تر لە بەڵگەنامەیەکدا قازی موحەممەد داوای پارەی ئەو تووتنە دەکات کە دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت نەیانداوە. بەگوێرەی مێژووی بەڵگەکە دیارە ئەو پارەیە هەرنەدراوە.-هەورامی-)

**دەستوری سەرلەشکر درەخشانی سەبارەت بە پادگانی تەورێز**

بە پێی بڕیاری ئەفسەرانی پایەبەرزی پادگانی تەورێز، بەمەبەستی پێشگرتن لە خوێنڕێژی و براکوژی و هەروا بۆ بەرگری لە گەیاندنی زیان بە دەوڵەت و دانیشتوانی ناوچە داوا لەتەواوی سەربازو دەرەجەدارو ئەفسەرو فەرمانبەرانی پادگانی تەورێز دەکرێت، چەک دابنێن و بە پێی دەستوری فەرماندەی پادگانی تەورێز بجووڵێنەوە.

ئیمزا

فەرماندەی لەشکری ئازەربایجان ژنراڵ درەخشانی 1945/12/17.

**ڕێکەوتننامەی دەوڵەتی ئازەربایجان و فەرماندەی لەشکری سێی ئازەربایجان ژنرال درەخشانی:**

بە پێی بڕیاری مەجلیس سەبارەت بە ئازەربایجان، بۆ پاراستنی هێمنایەتی و هەروا بەرگری لەبراکوژی و لە ئەنجامی وتووێژێکی زۆرو ئاڵوگۆڕی بیروباوەڕ لەم بارەیەوە لەگەڵ فەرماندەی لەشکری 3ی ئازەربایجان کەچەند ڕۆژ درێژەی کێشا، ڕۆژی

پێنجشەممە 1945/12/13 کاتژمێر 20,30

ژنرال دەرەخشانی ئامادەبوو کە پادگانی تەورێزو پێگەکانی دەوروبەری تەسلیم بن و چەک دابنێن و لە گەڵ دەوڵەتی ئازەربایجان هاوکاری بکەن.

ڕێکەوتنەکەش لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوەبوو.

1-هەردوولا نوێنەرانی خۆیان دیاریکرد. ژنرال دەرەخشانی لەلایەن پادگانی تەورێزەوە، و سەید جەعفەر پیشەوەری لە لایەن دەوڵەتی ئازەربایجانەوە کە هەردوولا ئەم ڕێکەوتنەیان ئیمزاکرد.

2-هیچکەس لە لەشکریان و فەرمانبەرانی پادگانی تەورێز تا دەرچوونی ئاگداریەکی تر نابێ لەپادگان بچنەدەرەوەو دەوڵەتی ئازەربایجان ژیانیان مسۆگەردەکات.

3- تەواوی چەک و تەقەمەنیەکان دەبێ لە ئەنبارەکاندا کۆبکرێنەوەو پاراستنی ئەم ئەنبارانەش لەلایەن دەوڵەتی ئازەربایجانەوە دەبێت.

4- هەر ئەفسەرێک بە پێی داخوازو مەیلی خۆی دەتوانێ بگەڕێتەوە شوێنی لەدایکبوونی خۆی یان هەر جێگایەکی تر و دەوڵەتی ئازەربایجان ئامادەیە بەپێی توانا خەرجی سەفەرەکەیان دابین بکات.

5- ئەو ئەفسەرانەی دەیانەوێ لە ڕیزەکانی سوپای ئازەربایجاندا خزمەت بکەن دەوڵەتی ئازەربایجان دوای سوێندخواردنی سەربازی وەریاندەگرێت و مووچەو ژیانیان دابیندەکات.

6- دوای سوێندخواردن، سەربازو دەرەجەدارو ئەفسەرانی لەشکری تەورێز چەکەکانیان دەدرێتەوەو دەتوانن درێژە بەخزمەتی سەربازی خۆیان بدەن.

7- ئەم ڕێکەوتننامەیە لە دوونوسخەدا دوای ئیمزاکردنی لە نێوان نوێنەرانی هەردوولادا ئاڵوگۆڕ دەکرێت.

ئیمزا

ئیمزا

فەرماندەی لەشکری 3ی ئازەربایجان

سەرۆکی شورای وەزیرانی ئازەربایجان

ژنرال دەرەخشانی

سەید جەعفەری پیشەوەری31

کوردستان بە پێچەوانەی ئازەربایجان نەک تەنیا پادگان و پێگەکانی لەشکری ئێرانیان چەک نەکرد و هیچ چەک و تەقەمەنیەکیان نەکەوتە دەست، بەڵکو هەم لەشکری ئێران دەستی لێنەدراو هەم شارێکی کوردستانیش لە پێگەو هێزەکانی ئێران پاک نەکرانەوە. لەسەردەمی کۆمار هەر ئەو شارو ناوچانەی بەدەستەوەبوو کە پێش ڕاگەیاندنی کۆمار لەلایەن خەڵکەوە ئازادکرابوون ئەمانەش مەهاباد، بۆکان، نەغەدە، وشنۆ. تەنانەت هەوڵی ئازادکرنی سەقزو سەردەشت و بانە کە پێگەو پادگانی هێزەکانی لەشکری ئێرانی لێبوو و هەمیشە هەڕەشەیان لە کۆماری مەهاباد دەکرد، نەکرا. کەچی ئازەریەکان هەربەیەکجاری تەواوی دامودەزگاو پێگە سەربازیەکانی دەوڵەتی ئێرانینان پێچایەوە لەم کارەشدا یارمەتی و هاوکاریەکی بێ سنووریان لە حزبی تودەو هێزەکانی سۆڤیەتەوە پێشکەشکرا. بەڵام نەسۆڤیەت و نەتودە هیچ چەک و تەقەمەنیەکیان بەکورد نەداو ئەو ڕێگایەشیان پێ نەدرا یان لانیکەم هان نەدران وەک ئازەریەکان کۆنترۆڵی شارەکانی خۆیان بگرنەدەست. ئەمە لە حاڵێکدا کورد لەماوەی زۆرتر لە سێ ساڵ کە هێشتا بزووتنەوەی ئازەربایجان سەری هەڵنەدابوو و حزبی دیموکراتی کوردستان ڕێکنەخرابوو هەوڵی ئازادکرنی شارەکانی کوردستانیان دابوو بەتایبەتی ورمێ کە هەمووجارێک سۆڤیەتیەکان دەبوونە کۆسپ و نەیاندەهێشت. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتەکایەوە کە

بۆچی سۆڤیەت یان سەرکردایەتی کورد پاش ئازەربایجان هەوڵیان نەدا شارەکانی کوردستان ئازادبکەن. یان بۆچی سەرکردایەتی ئازەربایجان کە هاوپەیمانیان بوو هان یان یارمەتی بزووتنەوەی کوردی بۆ ئازادکردنی شارەکانی کوردستان نەدا؟

چەند وێنەیەک لە چالاکی کۆڕوکۆمەڵ و کەسایەتی بۆ چارەسەریی کێشەی ئازەربایجان.

ڕۆژنامەی (ایران) لە 1945/11/28 دا ڕادەگەیەنێت کە ئەمانەی خوارەوە لە نوێنەرانی مەجلیسی ئێران وەک ئەندامانی کۆمسیونی کاروباری ئازەربایجان هەڵبژێردراون:

1- لە فراکسیونی میهن : مالکی مەدەنی و نیقابەت.
2- لە فراکسیونی ئازادی : ئەسکەندەری و فەرمان فەرمایان.
3- لە فراکسیونی اتحادیەی میلی: شەریعەت زادەو حیشمەتی.
4- لە فراکسیونی دیموکرات: سیقەت الاسلامی و سەمسام.
5- لەفراکسیونی تودە: دکتور کشاورزو شەهاب.
6- لە فراکسیونی مستقل: مەسعودی و دکتور عەبدو
7- لە کەسانی سەربەخۆ: دکتور موسەدیق و دکتور شەفەق.
8- لە فراکسیونی میلی: بەهۆی بەشدارنەبوونی زۆربەی ئەندامانی ئەم فراکسیونە، هەڵبژاردنی نوێنەرانیان هەڵگیرا بۆ دواتر.

**لەکۆبوونەوەی مەجلیسی ئێران 1945/11/22**

بانگەوازی گروپێکی نوێنەرانی مەجلیسی ئێران لە ئازەربایجان بۆ سەرۆک وەزیران حەکیمی:

ناوبراوان داوایان لە سەرۆک وەزیران حەکیمی کردووە کە 3 دەستەی نوێنەرایەتی بۆ تاوتوێکردنی کێشەی ئازەربایجان بنێرێتە موسکۆ، لەندەن، و واشنتۆن.

سەرۆک وەزیران حەکیمی لە وەڵامی ئەم پێشنیازەدا ڕایگەیاند کە هیواداره سەفەری ئەم دەستەیە بۆ ڕوسیا سەربکەوێت و کێشەی ئازەربایجان بە ڕۆیشتنی ئەم دەستە نوێنەرایەتیە لەگەڵ ڕوسیادا چارەسەر بکرێت.32

**داواکاری هەندێ لە نوێنەرانی مەجلیسی ئێران سەبارەت ئە نجامدانی ریفۆرم لە وڵاتدا:**

## تاران-تاس

بەپێی ڕاگیاندنی ڕۆژنامەی (داد) لە 14ی دیسامبردا ژمارەیەکی زۆر لەکەسایەتیە سیاسیەکانی ئێران لەو باوەڕەدان کە پێویستە کێشەی ئازەربایجان بەڕێگای وتووێژ لەگەڵ دیموکراتەکانی ئازەربایجان چارەسەر بکرێت. نوێنەرانی ئازەربایجان لەمەجلیسی ئێران وەک: عادل فەرمان فەرمانیان، ئیپکچیان و هیتر...لایەنگری ئەوەن کە بۆ وتووێژ لەگەڵ دیموکراتەکان بچنە تەورێز. کە دەچن لە 11ی دیسامبردا لە بارەگای کۆمەڵەی ئەحرار کۆبوونەوەیەک کراوە کە ئەمانە بەشداربوون: موسەدیق، مەلک الشعرا بەهار، لەنکەرانی موسەوی، غەفارزادە، بینش و هتد...

بینش و شەمسی زنجانی لەوتەکانی خۆیاندا داوای لاچوونی کابینەی حکومەتی ئێران بەسەرۆکایەتی حەکیمی و گۆڕینی ڕژێمی ئیمرۆیی ئێرانیان کردوە. بە پێی وتەکانیان بزووتنەوەی گەلیری ئیمرۆی ئازەربایجانیش هەر مەبەستی گۆڕینی ڕژێمی ئیمرۆیی ئێرانە. کە دەبێ بەپێی داخوازیەکانی گەلی ئێران و مەنشوری ئاتلانتیک بێت. پاشان بەهارو لەنکەرانی و غەفارزادە وتیان کە ئیمڕۆ کاتێک هەژاری و برسیەتی ، ئاژاوەو دەستدرێژی و تەنگ

پێهەڵچنینی خەڵک لەلایەن ڕژێمەوە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی خەڵک، ئێرانیەکان دەبێ خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری و کێشەکانیان چارەسەر بکەن و چاوەڕێی لە مۆسکۆ و لەندەنەوە نەکەن. غەفارزادە بەتایبەتی جەختی لەسەر مادەی چواری مەنشوری ئاتلانتیک کرد کە گەلانی بچوک و کەمە نەتەوە مافی ئەوەیان هەیە چارەنووسی خۆیان بەدەستی خۆیان دیاری بکەن. گەلی ئێران دەبێ لەخۆ بەڕێوەبردندا ئازادبێت. لەنکەرانی ڕایگەیاند کە بزووتنەوەی ئازەربایجان بەتەواوی ناوەڕۆکێکی یاسایی هەیە. لەبەر ئەمە ئازەریەکان چەندجار لە مەجلیسی ئێران داواڕەواکانی خۆیان خستۆتەڕوو بەڵام دەسەڵاتداران هیچکات نەیانویستووە گوێ بەم داواکاریانە بدەن. هەربۆیە بزووتنەوەی ئەمڕۆی ئازەربایجان ڕەنگدانەوەو ئەنجامی ئەم سیاسەتەی دەوڵەتە. ئازەریەکان ئیمڕۆ داوای 3لەسەر 4ی مافەکانی خۆیان دەکەن. پاش وتەکانی موسەدیق کومسیوتێک هەڵبژێردرا کە داواکانی گەلی ئێرانی بەم چەشنەی خوارەوە ئاراستەی دەوڵەت و مەجلیس و هەمووان کرد:

1- لابردنی ئەو یاسایانەی دژی یاسای بنچینەیی ئێران واتا بەدواخستنی هەڵبژاردنەکانی مەحلیسن .
2- هەنگاو هەڵگرتنی بەپەلە بۆ لەناوبردنی ئەو(سوء تفاهم)انەی نێوان ئێران وسۆڤیەت و هەروەها خۆلادان و وازهێنان لەو دەربڕینانەی پەیوەندیان بە کێشە نێو دەوڵەتیەکانەوە هەیە و لەوانەیە زیان بەم پەیوەندییانە بگەیەنن.
3- ئاڵوگۆڕ لەکابینەی دەوڵەت و یان دەست لەکارکێشانەوەی کابینە.
4- هەڵوەشاندنەوەی دەسبەجێی حکومەتی نیزامی لەتاران و هەڵگرتنی یاساغ لەسەر ڕۆژنامەو کۆڕوکۆمەڵ و پارتەکان. و پاککردنەوەی دەزگاکانی دەوڵەت لەو کەسانەی پەیوەندی دەوڵەت لەگەڵ پارتە سیاسیەکان و دەوڵەتانی هاوسێ تێکدەدەن.
5- چاوخشاندنەوە بەڕێبازی سیاسی و بەرنامەی ئابووری دەوڵەت و ئەنجامدانی ڕیفۆرم لەئێراندا بە پێی بەرژەوەندی گەلانی ئێران.
6- ناردنی دەستەی نوێنەرایەتی بۆ مۆسکۆ و ئازەربایجان بەمەبەستی سەقامگیرکردنی پەیوەندی دۆستانە ودەستەی نوێنەرایەتی ناوبراو دەبێ لەو کەسایەتیە نیشتمانپەروەرانەبێت کە لەم 24ساڵەی دوایەدا لە ئێراندا خۆیان بەدناو نەکردووە.
7- ڕێکخستنی دادگای سەربەخۆ بۆدادگاییکردن و سزادانی ئەو کەسانەی پاش کودەتای 1921 تاوانیان بەرامبەر دەوڵەت و کۆمەڵگا کردووە.
8- ڕێکخستنی ئەنجومەنەکانی ئەیالەتی و ویلایەتی لە تەواوی ئێراندا.
9- سنووردارکردنی ئەرک و دەسەڵاتی دامودەزگاکانی دەوڵەت بەپێی یاسای بنچینەیی ئێران و ڕێگەنەدان بەدەستێوەردانی ئەوکاروبارە سیاسیو کۆمەڵایەتیانەی لەدەرەوەی دەسەڵاتی یاسایی ئەواندایە.

**پەراوێزاکانی ئەم بەشە لەگەڵ بەشی پێنجەم و کۆتاییدا بلاو دەکرێتەوە**

- ماویەتی -

# کۆبوونەوەی مۆسکۆی نێوان ئەمەریکاو ئینگلیس و سۆڤیەت لە دیسامبری ١٩٤٥و تراژیدیای گەلانی ئێران

**د. ئەفراسیاو هەورامی-روسیا**

## بەشی پێنجەم و کۆتایی

وتووێژی ڕۆژنامەی یەغما لەگەڵ ڕێبەری ئایینی بەناوبانگی ئازەربایجان شێخ مەحمود حەسەن **١٩٤٥/١٢/٢٥**:-

لە وەڵامی پرسیاری ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ئازەربایجان شێخ وتی کە بزووتنەوەیەکی ئەوتۆ پێویستە لە هەموو شوێنێکدا هەبێت. لەبەر ئەوە جووتیاران ناتوانن چیتر بەدیار تالان و چەوساندنەوەی مشتێک زەویدار کە لەتاران دەژین دۆش دامێنن و ناتوانن چیتر لە بارودۆخێکی وادا بژین کە دەسەڵاتی ناوەندی داواکاریەکانی ئەم خەڵکە جێبەجێ نەکات. و دەستەیەک کە خۆیان بە نوێنەری مەجلیس دادەنێن و تەنیا بەرژەوەندی خۆیان لەبەر چاو دەگرن وەک نوێنەری خەڵک بناسرێن .

سەبارەت بە کێشەی زمان لە ئازەربایجان شێخ وتی کە دەبێ بوار بە خەڵک بدرێت کەڵک لەو زمانە وەرگرن کە خۆیان پێیان باشە بەڵام سەبارەت بەگۆڕینی زمانی دامودەزگاکانی دەوڵەتی بۆ ئازەری شێخ وتی کە لەم کاتەدا هەڵەیە.

شێخ وتی کە ژمارەیەکی زۆر لە بەشدارانی بزووتنەوەی ئازەربایجان دەناسێت و مرۆڤی پاک و ڕووناکبیرن. هەروا وتی ئەگەر دەوڵەت سیاسەتی خۆی نەگۆڕێت تەواوی ئێران بەبێ ئازەربایجانیش ڕادەپەڕێت .

وەک لەم چەند بەڵگەو نووسراوەی ڕۆژنامەکانی ئێراندا دەر دەکەوێت فراکسیونەکانی مەجلیسی ئێران و هەندێ لە نوێنەرانی مەجلیسی ئێران، بەرەی ئازادی کە لەچەند ڕۆژنامە پێکدێت، هەروا نوێنەرانی ئازەربایجان لە مەجلیسی ئێران یان پیاوێکی وەک شێخ موحەمەد حەسەن و زۆر کەسایەتی و ڕۆژنامەنووسی تر هەوڵیاندا کە کێشەی ئازەربایجان چارەسەربکرێت و خوازیاری جێبەجێکردنی یاسای بنچینەیی ئێران و بەڕێوەبردنی ڕیفورم بۆ سەرانسەری ئێران بوون. و گوشارێکی زۆریان خستۆتە سەر دەسەڵاتدارانی ئێران ولەتێگەیاندنی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لەکێشەی ئازەربایجان بەتایبەتی لە مەجلیس و لەڕێگای حزب و هێزەسیاسی و چاپەمەنیەکانەوە ڕۆڵێکی باڵایان هەبووە.

لەلایەکی ترەوە تودەو سۆڤیەتیەکان هەوڵیان ئەدا کێشەی ئازەرباجان چارەسەر بکرێت بەوجۆرەی کە پێویستە دەوڵەتی ناوەندی لەگەڵ تەورێز بکەوێتە وتو وێژەوە...ئەمانە هەموو کۆمەڵە فاکتەرێک بوون کە ڕژێمی ئێران نەیدەتوانی حسابیان لەسەر نەکات.

بەڵام بەداخەوە چالاکیەکی وابەرچاو بۆ کێشەی کورد لەو سەردەمەدا لەئارادانەبووە. ئەمە لەکاتێکدا کە کێشەی کورد لە ئێراندا چوارساڵ پێش کێشەی ئازەربایجان سەریهەڵدا. دیارە سەرکردەکانی کورد لەو سەردەمەدا و لەلایەکی تر نوێنەرانی کورد لە مەجلیسی ئێران هەوڵێکی ئەوتۆیان نەدا کە ئەوانیش بە ڕۆڵی خۆیان گوشار بخەنە سەر دەوڵەتی تاران و ببنە پردی نێوان مهاباد و تاران!

ڕێبەرایەتی فیرقەی ئازەربایجان بە پێچەوانەی ڕێبەرانی کورد، هەر لەسەرەتای دامەزراندنی خۆیەوە بە یاداشت و نامە بۆ تەواوی نوێنەرانی وڵاتانی دەرەوە لە تاران بەرێدەکات و بارو دۆخ و باری چەوسانەوەو مافخوراوی خەڵکی ئازەربایجان ڕووندەکاتەوە. جگە لەمە لەسایەی هەوڵدانی سۆڤیەتەوە کێشەی ئازەربایجان لەناو پارتە کومونیست و سەندیکا کرێکاریەکانی جیهان دەخرێتە بەرباس و بەکورتی لەکێشەی ئازەربایجان ئاگاداردەکرێنەوەو تەنانەت هێندێکیان هاودەردی و پشتیوانی خۆیان بەرامبەر گەلی ئازەربایجان و چارەسەری کێشەکەی دەردەبڕن. بەڵام سۆڤیەت ئەمەشی بۆکورد نەکرد .

<u>کورتکراوەوی وتووێژی قەوام السەلتەنە لەگەڵ ڕۆژناموی دیلی تیلگراف . لە ڕۆژنامەی دەریا **١٩٤٥/١٢/١٧** وەرگیراوە:-</u>

سەبارەت بە ڕووداوەکانی باکووری ئێران قەوام ڕایگەیاند کەدەبێ بزانرێت هۆی چیە کە زۆربەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە ڕازی نین.! ئەگەر ئەو بزووتنەوەیە لەلایەن سۆڤیەتەوە پشتیوانی مەعنەوی لێدەکرێت بەم واتایەیە کە ڕەنگە هەڵوێستێکی گشتی

هاوپەیمانەکان بێت کەدەیانەوێ دیموکراسی لەسەرانسەری ئێرادا بێتەکایەوە.

سەبارەت بە ناردنی سوپای ئێران بۆ ئەو ناوچانە قەوام وتی کە تا ڕێکەوتن و تێگەیشتنێکی تەواو لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت نەدەبوویە سوپا بۆ ئەوێ نیردرابایە. جگە لەمە بۆ چارەسەری کێشەی ئازەربایجان ڕێگای‌تر هەیە.

قەوام ڕایگەیاند ئەگەر بێت و ئەو بێتە سەر دەسەڵات بەمەبەستی باشترکردنی ژیانی کرێکاران و جووتیارانی ئێران ریفورمی کۆمەڵایەتی ئەنجامدەدات و کێشەی تێوان جووتیاران و خاوەن موڵکەکان چارەسەردەکات دزو تاڵانکەران سزادەدات.

ناوبراو وتی کە سیاسەتی پروڤاکاسیونانەی دژی سوڤیەتی لەئێران ئەم ئاکامە ئاڵوزو قەیرانەی ئیمڕۆی ئێرانی بەدواوەبوو.

هەروا قەوام وتی کە هەمیشە بەپێی یاسای بنچینەیی ئێران کاری کردووەو لەداهاتووشدا ڕێز لەیاساو مەجلیسی ئێران دەگرێت.

ڕۆژنامەی ئازادگان **١٣/١٢/١٩٤٥**

لەچەند زنجیرە وتاردا بەتوندی پشتگیری لە قەوام دەکات و دژی تاقمی سەید زیائەدین و دزو بەرتیلخۆرەکان و دژی مانەوەی کابینەی حەکیمی ڕادەوەستێت. و دەنووسێت کە قەوام مرۆڤێکی نەترسە و پاکەو هەمووان دەناسێت. و بە ئامۆژگاری ئەم و ئەو ناکات و ئەگەر ساڵی **١٩٢٢** ئەو بهاتایە سەردەسەڵات تاقم و دەستە لەناوسوپای ئێراندا درووست نەدەبوون و ڕەنگە ڕووداوەکانی خوراسان و ئازەربایجان سەریانهەڵنەدابایە. هەروەها ئازادگان کوشتنی موحەمەدتەقی خانی پەسیان بەدەستی قەوام کەتاقمی سەید زیائەدین جەختی لەسەردەکەنەوە بەدرۆدەخاتەوە. هەروا دەنووسێت کە ڕووداوەکانی **١٧**/ی ئازاری **١٩٤٢** قەوام تاوانبارنیە بەڵکو نەیارەکانی تاوانبارن کە مەبەستیان بوو ناوبراو لەسەر دەسەڵات لابەرن.

قەوام یەکەم جارنەبوو کە لەچاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانیەکانیدا وەعدەو بەڵێنی زۆری دەداو خۆشی وەک لایەنگری ڕیفورم نیشاندەدا. هەروا بەکارهێنانی وشەکانی وەک کرێکارو جووتیار بەڕێکەوت نەبوو بەڵکو بۆ بەدەستخستنی پشتیوانی تودەو سۆڤیەت بوو. قەوام یەکێک لەگەورەترین دەوڵەمەندو موڵکدارانی ئێران و گەورەترین تاڵانکەری سامانی گەلانی ئێرانبوو. بەدرێژایی زۆرتر لەبیست ساڵ کە پلەی ئوستاندار، وەزیر، و سەرۆک وەزیرانی بەدەستەوەبوو جگە لەدزی یەکێک لەسەرکوتکەرانی بزووتنەوە ئازادیخوازیەکانی وەک کوردبووە.

بەمجۆرە بە پشتیوانی سۆڤیەت و حزبی تودە حەکیمی لابراو قەوام بوو بە سەرەک وەزیران. قەوام بەڵێنی ڕیفورم و بەستنی پەیمانی نەوتی لەگەڵ سۆڤیەت و چارەسەری کێشەی ئازەربایجانی داو سەردانی مۆسکۆشی کرد. بەڵام پاشان هیچکام لەبەڵێنەکانی خۆی بەجێ نەهێنا.و قەوام هیچکاتێک بەکردەوەو بە ئاشکرا لایەنگیری خۆی بۆ ئەمەریکا نەشاردەوە. تێکچوونی پەیوەندیەکانی نێوان سۆڤیەت و ئێران لەسەردەمی ئەودا ئاڵۆزتربوون و هیچکات هەنگاوی ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە لەلایەن قەوامەوە هەڵنەگیرا. هەروا خاڵی هەرە گرنگ لە وتەکانی قەوام بۆ ڕۆژنامەی دیلی تیلگراف هەڵوێستیەتی لەمەڕ چارەسەری کێشەی ئازەربایجان کە بەلای ئەوەوە نابێ بێ ڕاوێژکاری و ڕێکەوتن لەگەڵ سۆڤیەت هیچ هەنگاوێک هەڵگیرێت و چارەسەری سەربازیش ڕەتدەکاتەوە بەڵام با لێرەدا هەڕەشەو بەیاننامەو ڕاگەیاندنەکانی قەوام هەڵگرین بۆ کاتێک کە خۆی بڕیاری هێرش بۆسەر کوردستان و ئازەربایجان دەردەکات.

<u>ڕاگەیاندنی باڵوێزی ئێران لە واشینتۆن و نامەی شای ئێران بۆ ترومەن</u>

تاس- واشینتۆن **١/١٢/١٩٤٥**

لە **٢٩**ی نوڤامبری دا حوسەینی عەلا باڵوێزی ئێران لە ئەمەریکا باوەڕنامەی خۆی پێشکەشی ترومەنی سەرۆک کۆماری ئەمەریکا کرد. پاشان عەلا لەچاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند کە ئەو ترومەنی لە وەڵامی یاداشتەکەی دەوڵەتی ئێران بۆ یەکیەتی سۆڤیەت ئاگادارکردۆتەوە کە سۆڤیەت ڕایگەیاندووە ناردنی هێزی لەشکری ئێران بۆ ئازەربایجان دەبێتە هۆی خوێنڕشتن، هەر بۆیە پێویستە یەکیەتی سۆڤیەت ژمارەی هێزەکانی خۆی لەئێران زیاد بکات. حوسەینی عەلا ڕایگەیاند کە بەم چەشنە یەکیەتی سۆڤیەت بەناردنی هێزی نوێ هەڕەشە لە ئێران دەکات. هەروا عەلا ڕایگەیاند کە لە دیدارەکەیدا نامەی شای ئێرانی داوە بە سەرۆک کۆماری ئەمەریکا.

حوسەینی عەلا هیواو بەڵێنی دەوڵەتی ئێرانی دەربڕی کە بە هاوکاری نێوان ئەمەریکاو ئێران لەسەردەمی ئاشتی و لەچوارچێوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا قازانجی بۆ هەردوولادەبێت. عەلا وتی کە پەیوەندی دۆستانەی نێوان ئەمەریکاو ئێران هێمنایەتی و پێشکەوتن بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەهێنێت. واتە ئەو ناوچەیەی زیاتر لە شوێنەکانی تر ئەڵقەی پەیوەندییەکانی جیهانی و هەروا ناوچەیەکی پڕ لە ئاڵۆزییە کەهەردەم لەوانەیە ڕوودانی پێشبینی نەکراو سەرهەڵبدات.

ترومەن لە وەڵامی وتەکانی عەلادا وتی: من زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەم باوەڕو متمانەیەی ئێوە سەبارەت بە ئێمە و ئەو هەوڵانەی وڵاتی ئێمە بۆ سەقامگیرکردنی هێمنایەتی جیهان دەیدات و لەو باوەڕەدام کە دەوڵەتی ئێرانیش بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستە پیرۆزە هێزو توانای خۆی بەکاردەهێنێت، هەروەک چۆن لەسەردەمی شەڕ یارمەتی پێشکەشکرد جێگای خۆشحاڵیە کە ئێران میوانداری یەکێک لەکۆنفرانسە گەورەو مێژوویەکانی سێ زلهێز لەسەردەمی شەڕی جیهانی دووەمدا بوو و ڕۆڵێکی گرنگی لەسەرکەوتن بەسەر فاشیزمدا بینی و ئێران ڕێگاوبان و خاکی وڵاتەکەی خستە خزمەت وڵاتانی هاوپەیمان. و من لەو باوەڕەدام کە دۆستایەتی نێوان هەردوو دەوڵەت کە چەند ساڵە بناغەی داڕێژراوە لەپێناو بەرژەوەنییەکانی هەردوو گەلی ئەمەریکاو ئێران بەردەوام دەبێت.

حوسەینی عەلا کۆپی نامەکەی شا بۆ ترومەنی دایە ڕۆژنامەنووسان کە ئەمە کارێکی بێ وێنەبوو. و بەم کردەوەیەی چوارچێوەی هەموو پرۆتوکۆلە دیپلوماتیکیەکان و نهێنکارییەکانی وەلانا. لە نامەکەی شا بۆ ترومەن کە لە **١٠**ی سیپتامبری **١٩٤٥** لە کۆشکی سەعداباد بە ئیمزای شا نووسراوە دەگوترێت:

سەرۆ کۆماری بەڕێزی ئەمەریکا، بە بۆنەی دیاریکردنی یەکەم باڵوێزی ئێران لە وڵاتەکەی ئێوە بە هەلی دەزانم گەرمترین سڵاوو هیوای سەرکەوتنتان بۆ بنێرم. لەناخی دڵەوە هەستی پاکی گەلی ئێرانتان پێ ڕابگەیەنم. هەڵبژاردنی حوسێنی عەلا وەزیری دەرباری شا بۆ پۆستی گرنگی باڵوێزی ئێران لە وڵاتەکەتان نیشانەی نیازپاکی و هیوای بەستنی پەیوەندییەکی تەواوو دوولایەنەی دەوڵەتی ئێران لەگەڵ ئەمەریکایە. لەو کاتەوە کە پەیوەندی دیپلوماتیکی تیوان ئێمەو ئێوە بەستراوە شەست ساڵ تێدەپەڕێت. چل ساڵ لەمەوبەر ئێران بۆ پێداچوونەوە بەسیستەمی ماڵی خۆی داوای لە ئەمەریکا کرد بەناردنی ڕاوێژکارو پسپۆری ماڵی یارمەتی ئێران بدات. لەو کاتەوە تا ئێستا پەیوەندی دوولایەنەو تێگەیشتن و دۆستایەتی نێوان وڵاتەکانمان هەیە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش زۆرتر پەرەدەستێنن. ئێمە هەمیشە نوێنەرانی ئێوەمان لەوڵاتەکەمان وەک سەمبولی یەکسانی و نیازپاکی سەیرکردووە. سەردانەکەی خوالێخۆشبوو سەرۆک کۆماری ئەمەریکا لە **١٩٤٣**دا بۆتاران بوو بەمایەی شانازی و هۆی سەرکەوتنی ئێمە لە کۆمەڵگای جیهانیدا. و ئێمە ئەمەک باری ئەم مرۆڤە ناودارەو هێزی مەعنەوی و دووربینی ئەو کەسایەتیە بەرزەین. کۆچی دوایی ئەم مرۆڤە زیانێکی گەورەبوو بۆ هەموو جیهان. و هیچکات ئەوڕۆژانە لەبیر ناکەین کە خوالێخۆشبوو لەناومان بوو. ئەو ڕۆژانەی لەگەڵ هاوپەیمانانی تر پلانی سەرکەوتنی بەسەر فاشیزمدا لە وڵاتەکەی ئێمە داڕشت. هەروا ئێمە بە سوپاس و پێزانینەوە ئەوەلەبیرناکەین کە لە دیکومینتەکانی سەرۆکی وڵاتانی زلهێز کە دانیان بە ڕۆ ڵ و قوربانیدانی ئێراندا نا، کە بەشداری خەباتی دژی فاشیزمی کردووە کە لەسایەی خواوە بووبە هۆی سەرکەوتن لەم شەڕەدا و هەروا ئیمزاکردنی ئەو دیکومینتانەی کە سەروەریی خاکی ئێرانی لەلایەن ئەمەریکاوە گەرانت کردووە لەبیرناکەین. وەک بەڕێزتان ئاگادارن ئێران لەم شەڕەی دوایی جیهاندا بە هەموو تواناو وزەی خۆیەوە کە هەیبوو یارمەتی هاوپەیمانانی دا و بۆسەرکەوتن بە سەر زوڵم و زۆرو نابەرابەریی ڕۆڵی خۆی گێڕاو تووشی زیانیش بوو. ئێستا کە سەرکەوتن بەدەست هاتووە گەلی ئێران وەک گەلانی تری جیهان چاوەڕێی ڕۆژانی باشترەو هیوادارە لەچوارچێوەی وڵاتەکەیدا بە ئارامی بژی و دەیەوێ ژیانێکی هێمنانەو پێشکەوتنی وڵاتەکەی مسۆگەربکات. بۆیە ئێران دەخوازێت ئەو ڕۆڵەی کە لە جەنگدا گێڕاویەتی و ئەو هەموو زەرەرو زیانەی پێیکەوتووە بەفیڕۆ نەڕۆن و چاوەڕێی یارمەتی هاوپەیمانان بەتایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکات. سەرۆک کۆماری بەڕێز دەرفەتم بدەن ڕابگەیەنم و بەڵێنتان پێ بدەم کە گەلی ئێران و کەسایەتی خۆم هەستێکی قوڵی دۆستانەمان بەرامبەرتان و بەرامبەر گەلی ئەمەریکا هەیە. و ئەم هەستە ڕەگ و ڕیشەی لەدڵی ئێمەدا داکوتاوە. هەروا پێمخۆشە ئەم ڕاستیەش بڵێم کە دووربینی سیاسەتی خێرخوازانەی دەوڵەتەکەتان بەسەرۆکایەتی ئێوە کە لەسایەی هونەرو ژیری و توانای ئێوەوە بەڕێوە دەچێت. مایەی خۆشحاڵی و پەسەندی ئێمەیە و باوەڕی تەواومان هەیە کە ئەم سیاسەتە ئاشتی لە جیهاندا سەقامگیردەکات. دیسانەوە دەمەوێ بەم بۆنەیەوە هیوای لەش ساغی و بەختەوەری بۆ ئێوەی بەڕێزو پێشکەوتن و خۆڕاگری بۆ گەلی ئازادیخوازی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بخوازم.

دڵسۆزتان موحومەد ڕەزا پەهلەوی 33

ڕاگەیاندنە پراڤاکاسیونانەکەی چاپەمەنی ئەمەریکا سەبارەت بارودۆخی ئێران

هەواڵدەری تاس نیویورک **٢٣/١٢/١٩٤٥**

لەزۆربەی چاپەمەنیەکانی ئەمەریکادا سەبارەت بە ئێران، لۆمەی یەکیەتی سۆڤیەت لەم بارەوە دەکەن و دەنووسن کە کردەوەکانی

سۆڤیەت بە پێچەوانەی بەیانیەی کونفرانسی تاران و مەنشوری ئەتلانتیکەو سەرکەوتنی کۆبوونەوەی مۆسکۆی خستۆتە مەترسیەوە.

رۆژنامەی ئینکو ئایرر کە لە فیلادلفیا دەردەچێت دەنووسێت کە، بیرنس دەبێ بەتوندی دژی ئیمپریالیزمی نەوتاوی یەکیەتی سۆڤیەت پروتیست بکات. لەبەر ئەمە سیاسەتی سۆڤیەت هەرەشە لە راگرتنی کۆبوونەوەی مۆسکۆ یان تێکدانی دەکات. رووزداوەکانی ئازەربایجان داوای دەستێوەردانی بەپەلەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و هەروەها هەڵگرتنی ئەو کێشەیە کە پەیوەندی بە بارودۆخی جیهانیەوە هەیە دەکات.

هەروا شرۆڤەکەری رۆژنامەی واشنتۆن پۆست دەنووسێت کە بارودۆخی ئێران مەترسی لەسەر کۆبوونەوەی موسکۆ هەیە. نوڤێر نووسەری ئەم وتارە دەنووسێت کە ئەگەر یەکیەتی سۆڤیەت لە بەڵێنەکەی خۆی کە لەکۆنفرانسەکانی تاران و سانفرانسیسکو داویەتی پەشیمان بێتەوە کۆبوونەوەی موسکۆ دەکەوێتە چاڵی مردنەوە.

<u>ئاژانسی رۆیتەر سەبارەت بە رووداوەکانی ئێران</u>

تاس- لەندەن **٢٠/١١/١٩٤٥**

ئاژانسی رۆیتەر لەلایەن لێکۆڵەرەوەی دیبلوماسی خۆیەوە بە ناوی سیلوین مانژوە دەڵێت: ...هەموو تێکهەڵچوونەکان پەیوەندیان بە ئەندامانی پارتی دیموکراتی ئازەربایجانەوە هەیە کە سەر بە پارتی کومونیستی ئێران واتا حزبی تودەن. ئەگەر دەوڵەتی ناوەندی بواری ناردنی سوپاو ژاندارمری بۆ ئەو ناوچەیەی هەبووایە ئەوە بە ئاسانی بەسەر ئەو تێکهەڵچوونانەدا زاڵدەبوون. بارودۆخەکە بەم جۆرەیە کە یەکیەتی سۆڤیەت لەوێ لەناردنی سوپای ئێران بۆ ئەو ناوچانە کۆسپ دەخاتە بەردەم دەوڵەتی ئێران و ناهێڵێ سوپای ئێران ئەرکی نیشتمانی خۆیان بەجێ بهێنن.

هەواڵدەری تاس- لەندەن **٢١/١١/١٩٤٥**

بە پێی راگەیاندنی ئاژانسی رۆیتەر فەرمانبەرانی ئێران لیستی تێکهەڵچوون و رووداوەکانیان بەمجۆرەی خوارەوە ئامادەکردووە:

١- لە**١٤/١١/١٩٤٥** هەشتا نەفەر لەلایەنگرانی پارتی دیموکراتی ئازەربایجان هێرشیان کردۆتە سەر دووماشێنی باری لەنزیک شاری میانە (نێوان تاران و تەورێز) و هێرشیان کردۆتە سەر شارو ژاندارم و پاسەوانەکانی رێگای شەمەندەفەریان چەککردوون مووچەخۆرانی مەدەنی دەوڵەتیان لەو شارە دەستگیر کردووە.

٢- لە نزیک مەراغە ئاژەوەگێری بەناوبانگ (کەبیری) هاوکارو لایەنگرەکانی خۆی چەکدارکردووەو هێرشیان کردۆتە سەر عەجەبشیر و ژاندارمەکانی ئەوێیان گەمارۆداوەو چەککردووە.

٣- لە گەڵکەند، ژاندارمەکانی ئێران ئاژاوەگێڕانیان دەستگیرکردووەو بردوویانن بۆ مەراغە بەڵام ئەوانە لەلایەن سۆڤیەتیەکانەوە ئازادکراون. وەک رادەگەیەنن کەبیری هێزکۆدەکاتەوەو چەکداریان دەکات بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر مەراغە.

٤- لە تەورێز ناهێڵن پۆلیس ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێت.

٥- سەرکردەکانی کورد کە دژی دەوڵەتی ناوەندی چالاکی دەنوێنن ژمارەیەکی زۆر کاغەزی رۆژنامەیان لەرووسەکان وەرگرتووە.

٦- دابینکردن و ناردنی کەلوپەلی خواردەمەنی بۆ ناوچەکانی باکووری ئێران راگیراوە.

٧- ئەو ئێرانیانەی لە سنە دەژین تەنیا بە ئیجازەی رووسەکان دەتوانن سەفەرو هاتووچۆبکەن.

٨- بۆ کاربەدەستانی ئێرانی لەناوچەکانی باکو تەگەرە دروستدەکرێت. ماوەیەک لەمەوبەر ئەستانداری ئازەربایجان کە لەلایەن دەوڵەتەوە دیاریکراوە. لەلایەن رووسەکانەو پەسەند نەکراوە.

٩- رووداوی وا زۆرهەن کە ئەو ئێرانینانەی لەباکوری ئەو وڵاتە دەژین بۆ باشوور ئێران دووردەخرێنەوە یان دەردەکرێن.34

هەروا باڵوێزی ئێران وتی کە دەوڵەتی ئێران سەبرو تەحەمولێکی زۆری کردووە تەنانەت ناچاربووە دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەت لەسەر ئەم رووداوانە ئاگاداربکاتەوە. بەم چەشنە دەوڵەتی ئێران لە راگەیاندن و پرۆتێستی دوژمنانە خۆی پاراستووە بەو هیوایەی چارەسەرکردنی کێشەکە بەپێی پەیمانەکە بێت.

<u>پرسیاری وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەدەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەت سەبارەت بە رووداوەکانی ئێران:</u>

ئاژانسی تاس –لەندەن **٢٦/١١/١٩٤٥**

وەک ئاژانسی رۆیتەر لەزمانی هەواڵدەری خۆیەوە لە واشنتۆن رادەگەیەنێت کە بە پێی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لە **٢٥**/ی نوڤامبردا دەوڵەتی ئەمەریکا لە یاداشتێکدا بۆ دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەت داوای روونکردنەوەو زانیاری هەڵسوکەوتی سوپای سوری لەباکوری ئێران کردووە. لە نۆتەکەدا دەوڵەتی ئەمەریکا ئاماژەی بەوەکردووە کە پێویست بوو یەکیەتی سۆڤیەت لەسەر رووداوەکانی باکووری ئێران و ئازەربایجان واشنتون ئاگاداربکاتەوە.

یاداشتەکەی دەوڵەتی ئەمەریکا لە **٢٣/١١/١٩٤٥** دوای چاوپێکەوتنی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمەریکا بیرنس لەگەڵ عەلا باڵوێزی ئێران لە ئەمەریکا بۆ سۆڤیەت نیردراوەو عەلا کۆپی نۆتی وەزارەتی دەرەوەی ئێران بۆ سۆڤیەت بە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا داوە.

بە پێی ئەو زانیاریانەی کە هەیە یاداشتەکەی ئەمەریکا بۆ سۆڤیەت لە چوارچێوەی داواکاری و پرسیارو روونکردنەوەدا نیە، بەڵکو ئەگەر بێت و رووسەکان دەست لەکاروباری سوپای ئێران کە لە تارانەوە بۆ باکوری ئێران نێردراوە، وەربدات ئەمەریکا هەنگاوی توندی دیبلوماسی بەرامبەر سۆڤیەت هەڵدەگرێت.35

کێشەی نەوت لە نێوان ئێران و سۆڤیەت و هەروەها ئینگلیس و ئەمەریکا مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە . مرخی رووسیا لەسەر نەوتی ئێران دەگەڕێتەوە پێش شۆڕشی ئوکتوبر کە ئێران لەژێر گوشاری روسیا ناچارکرا ئیمتیازی نەوتی باکوری ئێران بداتە روسێک بە ناوی خوشتاریا کە بە رەگەز خەڵکی جورجیابوو، لە هەمان کاتیشدا نەوتی باشووری ئێران درا بە کابرایەکی ئینگلیس بە ناوی دارسی. وەک ئاشکرایەو لە زۆر سەرچاوەی مێژوویی ئاماژەی پێکراوە ئێران لە **١٩٠٧** بە پێی پەیمانێک نێوان روسیای تزاری و ئینگلستان کرابوو بە سێ بەش (لە **١٩١٥**ش ئەم پەیمانە نێوان ئەو دوو زلهێزە نوێ کرابۆوە) واتە باکور بۆ روسیاو باشور بۆ ئینگلیس و ناوچەی نێوانیان بە رواڵەت ناوچەیەکی بێلایەن بوو، کە ئەویش بەشکرا. کاتی خۆی ناسرەدین شای قاجار وتبووی: کاتێک دەمانەویست بچینە باکوور روسیای تزاری دژو کاتێک دەمانەویست بڕۆینە باشوور ئینگلیسەکان نەیاندەهێشت. واتە شا لەوڵاتەکەی خۆی خاوەن دەسەڵات نەبوو و دەبوایە بە مۆڵەتی ئەو زلهێزانە جوڵابایەوە. تا ساڵی **١٩١٧** و شۆڕشی ئوکتوبر لە رووسیا بالانسی هێزو ناوچەکانی بەرژەوەندی روسیاو ئینگلیس لە ئێران راگیرابوو. دوای جەنگی جیهانی دووەم و هاتنەکایەی هەلومەرجی سیاسی نوێ کارتەکانی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان تێکەڵ بوونەوەو هەر زلهێزەی نەخشەو پلانی نوێی بۆ بەدەستخستنی ئەو بەرژەوەندییانە دارشتەوە.و قۆستنەوەی کێشەی ئازەربایجان و کوردستان لەلایەن سۆڤیەتەوە بەشێک بوو لەو نەخشەیەی لە بناغەدا مەبەستی مۆرکردنی پەیمانی نەوت بوو لە نێوان ئێران و سۆڤیەت. بەڵام رژێمی ئێران هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی بە هیچ جۆرێک ئامادە نەبوو ئیمتیازی نەوتی ئێران بداتە سۆڤیەت . خولی وتو وێژەکان و راگەیاندن و رۆژنامەکانی ئەو سەردەمەی ئێران نیشاندەری ئەوەن کە کاربەدەستانی رژێمی ئێران هەمیشە هەوڵیانداوە چ بە پەسەندکردنی گەلاڵەی یاسای مەجلیسی ئێران کە نەوتی ئێران بەهیچ وڵاتێکی بیانی نەدرێت و چ بە دواخستنی وتو وێژەکان و پەسەندکردنی پەیماننامەی نەوت نێوان ئێران و سۆڤیەت تەگەرە بخاتە سەر رێگای سەرنەگرتنی ئەم پەیمانە. رژێمی ئێران کە لە درێژەپێدانی وتو وێژەکان کەڵکی وەرگرت و پاش بەستنی پەیمانەکە، پەسەند کردنی لەلایەن مەجلیسەوە دواخرا. رژێمی ئێران توانی تا دەرچوونی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران و سەرکوتکردنی بزووتنەوەکانی ئازەربایجان و کوردستان و هەروا وەرگرتنی یارمەتی دراوی و لەشکەری لە لایەن ئەمەریکاوە یاری بە کات بکات. گەرچی رێگای هەڵوەشاندنەوەی پەیمانەکە ئەگەر لەلایەن مەجلیسی ئێرانیشەوە پەسەندکرابا هەبوو، ئەویش بەدەستوری شا دەکرا خودی مەجلیس هەڵوەشێنێتەوەو تەنانەت سەرۆک وەزیرانی ئێرانیش کە پەیماننامەکەی مۆرکردبوو لابیرێت و زیندانی بکرێت و لەداریش بدرێت. کەواتە پەیمانەکە کە بەسەر رژێمی ئێراندا سەپێنرا هەر لەسەرەتاوە سەرنەکەوتنی دیاربوو. ئەویش لەرێگای ئەوهەموو دەسەڵاتەی شاوە کە بەپێی دەستور پێی بەخشرابوو.

ئەگەر جارێکی تر سەیری رووداوەکانی ئەو سەردەمە بکەین پاش سەرکوتکردنی ئازەربایجان و کوردستان لە سەرەتای ساڵی **١٩٤٧** هەڵبژاردنی مەجلیسی نوێ (خولی **١٥**) تەواودەبێت و پاش شەش مانگ مەجلیس دەست بەکاردەبێت و پاش دە مانگ پەیماننامەی نەوتی نێوان ئێران و سۆڤیەت دەخرێتە دەنگدانەوە و لە **٢٢**ی ئوکتوبر زۆرینەی مەجلیس دەنگ بە رەتکردنەوەی ئەدات و سۆڤیەت تا ئەو دەمە بەرامبەر بەو هەموو تاوانانە بێدەنگ بوو هەروەک وترا لەو ماوەیەدا ئێران یارمەتی ماڵی و لەشکری لە ئەمەریکا وەرگرت و چەند پەیمانێکیش لە نێوان ئەمەریکاو ئێراندا مۆرکراو ئێران پڕبوو لەپسپۆڕو راوێژکاری سیاسی و لەشکری ئابووری و دیپلوماتی ئەمریکایی. سۆڤیەت بەرامبەر پەسەند نەکردنی پەیماننامەی نەوت لەلایەن مەجلیسی ئێرانەوە، تەنیا لە **٢٠**ی نوڤامبری **١٩٤٧** پروتیستی خۆی لەم بارەیەوە رادەگەیەنێت و دوای ئەوە لە **٣١/١/١٩٤٨** یاداشتێکی پروتیست دژی پەیمانی لەشکری نێوان ئەمەریکاو ئێران کە لە **٦** ی ئوکتوبری **١٩٤٧** بەسترابوو رادەگەیەنێت. خۆ پەیمانەکە پێش رەتکردنەوەی پەیمانی نەوت نێوان ئێران و سۆڤیەت لە لایەن مەجلیسەوە بوو. هەروا لە مانگی نوڤامبری **١٩٤٦** ئەمەریکا هەندێ فرۆکەی بۆمب هاوێژو چەکی قورس و تەقەمەنی بە رەسمی بە ئێران داو پاشانیش قەرزێکی **٢٥** ملیون دولاری بە

ئێران داو هیچ دەنگێکی نارەزایی لەلایەن سۆڤیەتەوە سەری هەڵنەدا چونکە هێشتا بە تەمای پەیمانی نەوتەکە بوو و هێشتا ٢٢ی ئەکتوبری ١٩٤٧ واتە رۆژێک کە مەجلیسی ئێران پەیماننامەی نەوتی نێوان ئێران و سۆڤیەتی رەتکردبۆوە نەهاتبووە پێش.

**٣٠ ژانویەی ١٩٤٦**

ژمارە ٢١-ب و

هاورێ پدتسیروب . ب . ف

کۆپیەی وەرگێری تیلگرافێک کە لەلایەن گروپێکی کوردی عیراقەوە بۆ کۆنفرانسی سێ وەزیر لە موسکۆ نووسراوە بۆتان دەنێرم. کۆپیەی تیلگرافی ناوبراو لە رێگەی باڵوێزخانەمانەوە لە میسر وەرگیراوە. حیلمی بەگ کە کۆپیەی ئەم تیلگرافەی ناردووە بۆ نوێنەرایەتیمان ئەندامی پارتی رزگاری کوردستانی عیراقە کە لە کوردە ئاوارەکان پێکهاتووە. تکایە سەرنج بدەنە ئەو جێگایەی تێلگرافەکە کە کوردەکانی عیراق داوای خودموختاری لە چوارچێوەی عیراق و مافی پێکهێنانی دەوڵەتی خودموختاری دەکەن.

م . ماکسمیف

لە فەرانسیەوە وەرگێردراوە

قاهیرە ٣١ی دیسامبری ١٩٤٥

بەرێز نوێنەری تایبەتی زۆربەدەسەڵاتی یەکیەتی سۆڤیەت.

بەرێز وەزیر، بەشانازییەوە کۆپیەی تیلگرافی ٢٤ی دیسامبری ١٩٤٥ کە لەلایەن نوێنەرانی کوردی عیراقەوە نێردراوە بۆ کونفرانسی موسکۆ پێشکەش ئێوەی پایەبەرز دەکەم.

وەزیری بەرێز رێزی بێ پایان و پاکم وەربگرن.

حیلمی بەگ

وەرگێر: مالاروف

لە فەرانسیەوە وەرگێردراوە

موسکو

بۆ کونفرانسی وەزیرانی دەرەوەی سێ زلهێز

ئێمە نوێنەرانی گەلی کورد لەعیراق کەڵک لە کۆنفرانسەکەتان لە موسکۆ وەرئەگرین و داوای لێکۆڵینەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە لە بەرێزتان ئەکەین.

ناسینی مافی گەلی کورد و ئەو بەڵێنەی پێیدرابوو هێشتا جێبەجێ نەکراوە. هەموو دەوڵەتەکانی عیراق بەبێ گوێدانە پێکهاتەیان ، هەموو کاتێک بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردیان لە لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوریەوە پێشێل کردووە. گەلی کورد لەو باوەڕەدایە کە هەڵوێستی عەرەبیزم لە ناو هەموو دەوڵەتەکانی عیراقدا هەبووەو رێزیان لە مافی گەلی کورد سەبارەت بە پەسەندکردنی خودموختاری وەک کەمە نەتەوەیەک نەگرتووە. لەبەر ئەمەیە گەلی کورد داوای سەربەخۆیی لە چوارچێوەی عیراقدا دەکات و داوای پێکهێنانی دەوڵەتێکی خودموختاری کورد دەکات. ئەم دەوڵەتە هەموو ئەرکەکان بەرێوەدەبات جگە لە سیاسەتی دەرەوە کە لەتواناو ئەرکی دەوڵەتی ناوەندیدا دەبێت. هەرچۆنێک بێت گەلی کورد بە پێی ئەو پرینسیپانەی لە کونفرانسی سانفرانسیسکۆ بریاری لەسەر دراوە، ناتوانرێت پابەندی ئەو پەیمانانە بێت کە بێ پرسی گەلی کورد بەستراون.

ئیمزای نوێنەرانی گەلی کورد لە عیراق:

١- شێخ مەحمود حەفید زادە
٢- ئەمین زەکی بەگ
٣- جەمال بابان
٤- جەلال بابان
٥- مەجید مستەفا
٦- کەمال عەلی
٧- بابەکر سەلیم ئاغا
٨- شێخ لەتیف حەفید زادە
٩- شێخ قادر حەفید زادە
١٠- حەماغا عەبدولرەحمان ئاغا
١١- تەوفیق قەزاز
١٢- حەمزە عەلی بەگ
١٣- عەبدەلرەحمان ئەفەندی ئەحمەد پاشا
١٤- عەبدولقادر محی الدین
١٥-عەبدولقادر حاجی مەلا زەند
١٦- ئەحمەد ئاغا کەرکوکی زادە
١٧- مەحمود ئەفەندی
١٨- یەکتا بەگ
١٩- شێخ محەمەدی خاڵ
٢٠- پیرۆتی حاجی رەسوڵ ئاغا رەئیسی پشدەر
٢١- مەحمود حاجی رەسوڵ ئاغا رەئیسی پشدەر
٢٢- ئەحمەد حەمە ئاغا
٢٣- حامید بەگ جاف
٢٤- کەریم بەگ فەتاح بەگی جاف

٢٥- حەسەن عەلی بەگ جاف
٢٦- ئەحمەد محەمەد ساڵح بەگی جاف
٢٧- شێخ عەلائەدین نەقشبەندی
٢٨- شێخ خالید نەقشبەندی
٢٩- حەمەڕەشید خانی بانە
٣٠- شێخ عارف زەرگەڵو
٣١- ئەمین ڕەشید ئاغا هەمەوەند
٣٢- سەید ئەحمەد خانەقا
٣٣- شێخ حەبیب تاڵەبانی
٣٤- شێخ نەجیب تاڵەبانی
٣٥- شێخ قادر سیامەنسور
٣٦- شێخ وەهاب تاڵەبانی
٣٧- داران بەگ داود ئاغا
٣٨- حەسەن بەگ داود ئاغا
٣٩- ڕەفعەت بەگ داود ئاغا
٤٠- حەسەن بەگ والی
٤١- ئەحمەد ئوسمان بەگ
٤٢- عیزەدین مەلا ئەفەندی
٤٣- قاسم موم گا
٤٤- پشو سەید تەها
٤٥- میران زالیک بەگ
٤٦- سادق میران
٤٧- عەلی مەحمود کاکە خان
٤٨- خدر ئەحمەد پاشا
٤٩- حوسێن مەلا
٥٠- عەزیز ئەحمەد پاشا
٥١- کاکە زیاد ئاغا
٥٢- کاکەی حاجی مەحمود
٥٣- مەلا حوێزی ئاغا
٥٤- سوارە ئاغا
٥٥- ئیبراهیم ئاغا سەرکەپکان
٥٦- شافورخان
٥٧- نوری باوان
٥٨- سەعید ئاغا بوسکی
٥٩- حازیم بەگ شەمدینان
٦٠- ڕەفیق حیلمی

تێبینی لەسەر نامەی کوردەکانی عیراق بۆ کۆبوونەوەی موسکۆ دیسامبری **١٩٤٥**

ئەو خاڵەی زۆر سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە نامەکە لە **٣١/٣/ ١٩٤٥** نووسراوە واتە دوو مانگو نیو پێش بەستنی کۆبوونەوەکەی مۆسکۆ. نوێنەرایەتی باڵوێزخانەی سۆڤیەت لە قاهیرە کە نامەکە وەردەگرێت پاش دوو مانگ ئینجا لە فەرانسیەوە وەریدەگێڕنە سەر ڕووسی و لە **٢٤**/ی دیسامبری ئەو ساڵە واتە **١٩٤٥** لە قاهیرەوە دەنێردرێتە مۆسکۆ واتە دوو ڕۆژی ماوە بۆ کۆتایی کۆبوونەوەکەو ئیتر کەی دەگاتە مۆسکۆ دیارنیە و گومان لەوەدانیە کە کۆبوونەوەکە تەواو بووە ئەمجار گەیشتۆتە مۆسکۆ. دیارە ئەگەر لەکاتی گونجاویشدا بگەیشتبایە ئەوێ هیچ کاریگەرییەکی لە سەر ڕەوتی بڕیارو ڕووداوەکان سەبارەت بە کێشەی کورد نەدەبوو. بەهەر حاڵ نەگەیشتنی ئەم نامەیە لەکاتی گونجاوی خۆیدا ئەگەر وای دابنێین خەتای باڵوێزی سۆڤیەت لە قاهیرەیە، دیسان پاکانە بۆ سەرانی سۆڤیەت ناکرێت چونکە لەسەردەمی شەڕو پاش شەڕیش کوردەکان بە تایبەتی بارزانی چەند نامەو بیرخەرەوەیەکیان ئاراستەی ڕێبەرانی سۆڤیەت کردووەو داوای چارەسەری و یارمەتیدانی سۆڤیەتیان بۆ کێشەی کورد کردووە. کەچی سۆڤیەت لە هیچ کۆبوونەوەو کونفرانسێک کێشەی گەلێکی چەوساوەی وەک کوردی باس نەکردووەو هەڵوێستی لەبارەیەوە نەبووە.

لەلایەکی تر حیلمی بەگ (دیارە ڕەفیق حیلمی نیە) و هاوبیرەکانی لەو سەردەمەدا زۆر ژیرانە و لە کاتی پێویستدا ئەم نامەیان نووسیوەو لە ڕێگای نوێنەرانی سۆڤیەتەوە ویستوویان هاواری کورد بگەیەننە ئەو سێ زلهێزە کە چارەنووسی جیهانیان کەوتبووە دەست کە بەڵکو بڕیارێک بۆ کورد بدەن.

خاڵێکی گرنگی تر ئەمەیە کە ڕوناکبیرو نیشتمانپەروەرانی ناسراوی ئەو سەردەمەی کوردستانی باشوور هەموو ئیمزایان کردووەو لە مێژووی گەلی کوردا هەڵوێستێکی وا یەکدەنگ و بەو ژمارەیە واتە شەست کەس نەبینراوە.

بە داخەوە دەقی نامەکەم بە فەرەنسی دەست نەکەوت و ئەمە لە ڕووسیەوە وەرگێڕدراوە کە ڕەنگە لەنێوان دەقە کوردی و فەرەنسی و ڕووسیەکەدا هەندێک ناو هەڵەی تێکەوتبێت. بۆ نموونە ژمارە **٦** کەمال عەلی ڕەنگە عەلی کەمال بێت. یان ژمارە **١٥** عەبدولقادر حاجی مەلازەند لەوانەیە عەبدولقادر حاجی مەلا سەعید بێت. یان ژمارە **٤٣** قاسم موم گا ئەفەندی لەوانەیە قاسم مەلا ئەفەندی بێت. یان میران زالک بیک لەوانەیە میران سالح بیک بێت. یان ژمارە **٥٦** شافورخان

نووسراوە لەوانەیە غـەفور خـان بێت... هـیوادارم لە کاتی پێدا چوونـەوەی بابەتەکـە لەلایـەن دڵسـۆزێکەوە ڕاسـت بکرێـنەوە بۆ ئـەوەی یـادی ئـەو دڵسـۆزانە هـەر زیـندوو بـێت و بـە هەڵـە نەنووسرێن.

**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**

١- ئەمـەریکاو ئینگلیز ناسینی دەوڵەتانی ڕۆمانیاو بولگارستان و وڵاتـانی تـری ئەورووپـای ڕۆژهەڵات کە لەلایەن سوپای سورەوە داگـیر کـرابوون دەبەسـتێتەوە بـە چـەند مەرجـێک وەک، بەڕێوەبردنی هەڵـبژاردنی ئـازاد، بەشـداری هـێزە سیاسیەکان لە دەوڵەتێکی هاوبەند، لێبووردنی گشتی و بەڕێوەبردنـی ڕیفور م و چەندشـتی تـر. کـە سۆڤـیەت وەک دەبیـنین هیچ کامیان پەسەند ناکات.

٢- Авпрф.ф سـکرتاریەتی مولەتـوف 4 поп ка.
зело2 омсб 2

٣- ئـا لـێرەدا مەترسـی تێکـچوون یـان بـێ ئـەنجامی کـاری کۆبوونەوەکە سەر هەڵدەدات، هێشتا ئەمەریکاو ئینگلیس داوای دەرچوونی هێزەکانی سۆڤیەتیان لە هیچ وڵاتێک نەکردووە.

٤- - Авпрф.ф سکرتاریەتی مولەتوف - هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٧٠

٥-هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٣٨

٦-هەمان سەرچاوە، ل٣٩-٤٠

٧-هەمان سەرچاوە، ل٢٢

٨- هـەمان سـەرچاوە ф سـکرتاریەتی مولەتۆڤ поп
٢٣-٢٤зело 7 омсб 2

٩-هەمان سەرچاوە ل١٦-٢٦

١٠-هەمان سەرچاوە ф کونفرانسی موسکو поп,2
зело 7 омсб 1

١١- Авпрф.ф مولەتـوف فونـدی поп5
зело.16 омсб2

١٢- هەمان سەرچاوە

١٣- هەمان سەرچاوە ф کونفرانسی موسکو
поп,2 зело 8 омсб 1

١٤-هەمان سەرچاوەی پیشوولاپەڕە ١٩٢

١٥-هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٢٤٠-٢٤٥

١٦-هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٢٤٩-٢٥٠

١٧- هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٢٥٠

١٨- هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٢٥١

١٩- هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٢٦٢-٢٦٣

٢٠- هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٢٦٢-٢٦٩

٢١ – هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٢٧٤- ٢٧٥

٢٢- Авпрф ф.56-б омс6 .9 папк. 113 з
172 ю,204

٢٣- هەمان سەرچاوەل ١٨٨-١٨٩

٢٤-هـ.س ل١٨٥

٢٥-هـ.س ل٢٢٧-٢٢٨

٢٦- Авпрф ф.56-б омс6 .9 папк. 43
з51 ю,840-830

٢٧- Авпрф ф.56-б омс6 .9 папк. 42
з42 л7

٢٨- омс6 2 з16 поп5 юр20
Авпрф ф- سکرتاریەتی مولەتوف

Авпрф ф.56-б омс6 .6 папк. 42 з50
٢٩ю,4-

Авпрф ф.56-б омс6 .2 папк. 16 з26
٣٠ю,28-

Авпрф ф.56-б омс6 .2-16 з26 ю,37-38
٣١-

٣٢- Авпрф ф.56-б омс6 .6 папк. 42
з50 л.24

٣٣- Авпрф ф.56-б омс6 6 папк. 42 з
50 ю,55-59

٣٤- هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٠٥-١٠٦

٣٥- هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٥-٢١

تەواو

***************************